# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٧٧، ساڵی حەوتەم، پووشپەڕ ٢٧١٢ی کوردی، یۆنیۆ ٢٠١٢ی زایینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەک سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

هەنار


دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

ئاریان ئەبوبەکر

تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| زمان، ڕۆمان و جوانییەکانی گێڕانەوە... | عەبدوڵڵا سەراج | ٧ |
| تەکنیکی دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی... | پ.ی.د. عادل گەرمیانی | ١٣ |
| مەولەوی لەنێوان موزیک و گۆرانی و... | حەسەن نازدار | ٣٢ |
| ڕۆمان و ڕەخنە... | نەجات نوری | ٤٣ |
| وێنە زمانییەکان لە (کەسێک لێرەوە تێپەڕی)... | حەمە مەنتک | ٤٩ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| خەمی با لە ئاوێنەی ئاودا... | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا | ٥٩ |
| دوای خواردنەوەی قاپێک شەراب... | زانا سامان | ٦٤ |
| ئیدی بڕۆ... جەهەننەم!... | هێمن حەمە جەزا | ٦٧ |
| ژن... | عومەری حاجی دەربەندی | ٧٣ |
| سروشت کاڵ دەبێتەوە... | عومەر عەبدولکەریم | ٧٧ |
| لەودیو سنوورەکانی شەرم... | خولیا حسێن | ٨١ |
| باغێک لە زەرنەقووت پێگەییوە ئێمەش... | بێستوون مینە | ٨٤ |
| ڕێگا... | قادر عەلی خا | ٨٧ |
| باخچەیەکی ئەفسووناوی... | باران | ٩١ |
| شەش کورتیلە چیرۆک... | کاروان محەمەد فەتاح | ٩٤ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ ڤینۆس فایەق | سازدانی: حەمە کاکەڕەش | ٩٩ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| شۆڕشی پاش پێکهاتەخوازی... | عەبدولخالق یەعقووبی | ١١١ |
| ئەرکی وەرگێڕان، ئەرکی هزر... | سامان عەلی حامید | ١٢١ |
| ئاوڕدانەوەیەک لە کۆچیرۆکی (مادمازل... | توران خەندانی | ١٢٧ |
| سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان... | جەواد حەیدەری | ١٣٨ |
| من و تەرمەکەی تەنیشتم!... | کەریم تاقانە | ١٤٧ |
| بەرچنێک لە چوارینەکانی خەییام... | جەلال زەنگابادی | ١٥٢ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ ناهیدە سدیق | سازدانی: گۆڤاری هەنار | ١٦٣ |
| ئەڤینێک بەردەوام بەسەر باڵی ئەسپەوە | سیروان رەحیم | ١٦٧ |
| وتوویژ لەگەڵ شەهرام نازری | و. محەمەد ئەدیبی | ١٧٢ |
| چاپلین لەو هەموو خەڵکەی جیهانە | و. ئازاد بەهین | ١٨٥ |

## پێشانگەی کتێب ١٩٣ - ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە

- زمان، رۆمان و جوانییەکانی گێڕانەوە — **عەبدوڵڵا سەراج**
- تەکنیکی دووبارەکاری لە هۆنراوەکانی سەباح رەنجدەردا — **پ.ی.د. عادل گەرمیانی**
- مەولەوی لەنێوان موزیک و گۆرانی و موزیکی... — **حەسەن نازدار**
- رۆمان و رەخنە — **نەجات نوری**
- وێنە زمانییەکان لە (کەسێک لێرەوە تێپەڕی)ی شاڵاو ... — **حەمە مەنتک**

# زمان،
## ڕۆمان و جوانییەکانی گێڕانەوە

عەبدوڵڵا سەراج- فنلاند

زمان، تەنیا کۆ وشەیەک نییە کەرەستەی خاوی وشەدان (قامووس) بیانگرێتە خۆیەوە، یان لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، یاخود لە بۆشاییەوە هەڵتۆقابێت، بەڵکو وەکو زمانزانە هاوچەرخەکان ئێژن: ڕێکخراوەی بنیاتێکە ((Stracture)) سەر بە مەرجەکانی دیاریکراو و تەنیا دەستڕۆیی و مۆرکی جڤاکیی بەسەر ڕووبەرێکی بەرینی هزردا هەیە و بەس، بگرە شێوازی ((Style))دەداتێ. کەواتە ڕێساکەی بەسەر مانابەخشییەکانییەوە دەسڕۆیی هەیە و هەرگیز هزرێک لە دەرەوەی زماندا نییە. زمان هەڵگری مەعریفەتەکانە.

ڕۆشنبیریش، لە بناغەوە بڕشتی وشەگەرییە و لەوێشەوە سەرەدیقانێ دەکات، کە چەندە وزەی زمان بەو چڤاکە دەبەخشێ و چۆنەکی. مرۆڤیش، لەمبارەوە هاوسەنگیی مێژووی پێشەوەچوون دەوەستی بەرەو ئایندە، بۆ ئەمەیشە، ئاتاجی بە زمانی دینامکی هەیە، کە بگونجێت دەگەڵ گەوەکانی بەرەو نوواوەچوون و نشونماکردنی نەک بە پێچەوانەکەی. کەوابوو، دەرەنجام بۆمان هەیە بڵێین: ڕۆشنبیری واتا: زمان و پێچەوانەشی هەر درووستە. بەلامەوە، زمانێکی پەتی و پاراو ڕۆشنبیرییەکی ڕەسەن دەگەیەنێ. نکووڵیشم هەرگیز نییە لەوەی کە ڕستە و وردبوونەوەی بۆ دەستەواژەو پیت، بە دڵنیاییەوە، گوزارشتە لە ژیانی کرۆنۆلۆژیی نووسەرەکەی، چینایەتیی و هەڵوێستەکانی لە ئاستەنگە چارەنووسسازەکانی یەکلاییکەرەوە، هەروەها پێوەندیبوون (التزام) دەشێت لەکن بڕێک پەسەند نەبێت، کە خوودی نووسین و پرۆسەی دەست بۆ

قەڵەم بردن لەلای من ئیلتیزامە، چ جای شکانەوەی نووسەرەکە بەلای چینی چەوساوە و بێسەواد. ئەمە سەرەڕای خودی ڕێبازە ((Method)) ویژەییەکان لە بونیادگەری و هەم لە شێوسازیداو چی و چییەکان سەرجەم و تێکڕا بەشێکن لە پێکهاتە ناوەکییەکانی دەق ((Text)).

زمان، ناسنامە و سوپەرمانە و لەپاڵ ئەودا، ماوینەتەوە. هەرچەندە لەناو زمانەکەمان کنە و هەڵکۆڵین ((Archeology)) بکەین بەگوێرەی ئەوە، خۆمان دەناسین وەلێ؛ خۆگرێدان و ماتەڵکردنی بە دایلیکتییەکانی زمان- مەبەستم لە پەیڤدارانییەتی- کۆسپی هەرە دژوار و رژد دەخاتە ڕێگەی دروستبوونی زمانی یەکگرتوومانەوە (ستاندارد) دەشێت و زۆریش لە مێژوودا ڕوویدابێت ڕێزمان ((Grammar)) لە کۆی زۆرینەی بنە زاران یان کەمینە بێت بە نموونە: زمانی عەرەبی. شێوەزاری قورەیشی بەسەردا زاڵ بوو، هەرچەندەش کەمینە بوون. هەروەها زمانی ئەڵمانی لەبنە زارەکانی نەمسای کۆنەوە هاتەکایەوە. مەرجیش نییە ئەو دایلیکتانە خاوەند دەسڕۆیی بازرگانی و سیاسی بن. هەرچەندە لە ئاوها پرۆسەیەک، لە بەراییدا، گرژیی و مقۆمقۆی لێبکەوێتەوە، بەڵام نەوەیەک و دووان زۆر بە سان و ئاسایی هەرسی دەکەن.

بۆیە دەبێت زمانی نەتەوەییمان ببووژێنینەوە دەنا هەر وا بەپەرتی دەمێنینەوە! پەرتبوونەکەش هەتا دێت قووڵتر و گۆشادتر دەبێت. جێگەی سەرسوڕمان و مخابنە کە لە دەسەڵاتی خۆییماندا (٢٠) ساڵە هەنگاوێکی بنبڕی ئەوتۆمان هەڵنەگرتووە و تەنانەت ((ئەلفوبێ))یەکی سەرجەمی لەئارادا نییە!! چ جای ڕێسای ڕێنووس و خاڵبەندیی!! هەروەسا، لە پەرتەوازەیی هەردوو پیتی کوردی و لاتینیشدا، نەوەو وەچەی نوێمان تووشی دڵەڕاوکە و بێمتمانەیی کردوون!!!

هەتاکو تابۆی پیرۆز ((!!)) لەسەر ئەو شێوە دایلیکتانە هەڵنەگرێن، ئێمە ئاسنی سارد دەکوتین و فوو بە هەمبانەی دڕاودا دەکەین، دیارە مەبەستم لە سڕینەوەی شێوەزارەکان نییە، بەڵکو زازایی، لوڕی، سۆرانی و کرمانجی و... تاد، دوڕ و گەوهەر و خەباتیان لەپێناودا دەکەین چوون بیلبیلەی چاوان، ئەز نیازمە لەوانەوە زمانێکی سەردەمییانە بئافرێنین، ئەمەش کاری بەدەستەجەمعیی ئاکادیمیای کوردستانە. ئەگەر ئەمەمان بۆ نەلوا، ئەی چۆنەکی ئایندەی نەوەکانمان هەموار بکەین؟! پرسیارە و دەبێ بەجەختەوە لە خۆمان و لە بەرپرسانی بکەین.

مرۆڤ، دەپەیڤێ و دەجووڵێت. زمان وەگەڕ دەخات، کەوابوو، ((زمان))ی هەس و لەناو ((کات))دا، بەمەش رەچەڵەکی مێژوو دروست دەکات، مێژووش هەمیشە وەکو یاسای گۆڕان، چوونە پێشەوەیە. ئەڵبەتە لە زمانەکەی تەنیا بڕێ

حەرف و وشە نییە پەستێندراوی ناو فەرهەنگ، بەڵکو (ئامراز)ی پێوەندییە بە کەسانی ترەوە. کەوابووە ئەو زمانە بنیاتێکە یان جۆرە سیستمێکی رێکخستنە بۆ لەچێوەگرتنی ئاوەز و بیرکردنەوەی مرۆگەل. دیارە هیچ هۆش و بیرکردنەوەیەک لەدەرەوەی بازنەی زماندا نییە. نەک هەر ئەوەندە بگرە؛ زمان جڵەوگیریی جۆر و هەم سرووشتی ئەو بیرکردنەوە هزرییە دەکات.

لە ئاکامی پەرەسەندنی زمان و تەقاندنەوەی وزەکانی ناوەکیی، رۆشنیریی دادەهێندرێت، بە واتایەکی رۆشنتر، رۆشنبیریی لە بنەڕەتدا بەرهەمی زمانانە.

هەروەها لەبارەی ناسنامەی دەقەوە، دۆستی هاوشاریم د.فوئاد رەشید لە ((ناسنامەی دەق))دا ساڵی (٢٠٠٥) نووسیویە: ((مەسەلەی زمانی دەق لەڕووی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی دەقەکەوە، کێشەیەکە لە کێشەکانی زانستی ئەدەبی بەراوردکاریی و خاڵێکی جیاوازە لەنێوان: رێبازەکانی ئەم بوارەی ئەدەبیاتناسیدا. رێبازەکانی ئەم بوارەی ئەدەبیاتناسیدا)).

لەگەڵیدا کۆک و تەبام، کە زمانی دەق خۆی و بەس بڕیاردەر و هەم یەکلاییکەرەوەیە. دەمێنێتە کە ئاماژە بۆ ژانرێتی ((Gener)) رەگەزی ئەدەبی بکەم، کەوا بەگوێرەی سەردەمەکان و جێگاکان ئاڵوگۆڕی بەسەرهاتووە. ئەوڕۆ، کەمتر لە جوداوازیی قەوارەی ئەو رەگەزانە دەپرسێتەوە، هەندێک پەرژاونەتە شیعرییەت و جوانکاریی گێڕانەوەکان و لە وردەکارییەکانیان دەپشکنن.

### جوانکارییەکانی گێڕانەوە

چەمک و بنەماکانی رۆمـان لە گۆڕانێکی هەمیشەییدایە و بەگوێرەی قۆناغبەندیی و بۆچوونە زانستییەکان شرۆڤە هەڵدەگرێت.

لە ئەزموونی بەندە، ئەم جوانکارییانە لە بەرهەمی نوێدا بەدی دەکرێن و مەرجیش نییە، تێکرا لە تاکە رۆمانێکدا هەبن.

١- دیاردەی سەیروسەمەرە خستنەوە و چنینی لەگەڵ واقیعدا.
٢- لێکچوواندنی باڵدار و هەژێنەری خوێنەر و بەشداریی پێکردنی.
٣- بەکارهێنانی تاکە تاکەی ناوی شوێنەکان.
٤- هەڵگەڕانەوەی رەوتی رووداو بەرەو پێشوو. ((Flash Back))
٥- گونجاندن و هارمۆنیکردنی دۆخ و بارە ناوەکییەکان لەگەڵ دیاردە دەرەکییەکاندا.
٦- بەکارهێنانی دووانە دژبەیەکەکان.
٧- ناخگۆیی ((Dialoque)).

٨- دامەزراندن و تەوزیفی هێما و سیمبوولەکانی کەلەپوور و ئەفسانە.
٩- تەقاندنەوەی وزە پەنهانەکانی زمان.
١٠- تەداعی بە هەرسێ شێوەکانی: لەفزی، کاتی و جێگەیی و...
١١- پەنابردنە بەر تەوژمی ئاگایی.
١٢- پەنابردنە بەر سێ گۆشەنیگای: بارستایی، سەروو و خوارەوە.
١٣- چوونە بەرەوە ((استشراف))، ئەمەش پێچەوانەی فلاشباکە.
١٤- بەکارهێنانی راناوە جیاجیاکان لە هەمان دەقدا. بۆ دەربڕینی فرەدەنگیی و دووان و دایەلۆگان ((Dialoque)).

پێدەچێت گشت نوێگەرییەکانم ناوزەد نەکردبێت. لەوانە جۆرەکانی: بنیاتی زنجیرەیی، بنیاتی تێهەڵکێشی (ئاسایی)، بنیاتی هاوسەنگ (تەریب) و بنیاتی بازنەیی(*).

**سەرەتای رۆمانی عارەبی**

زۆر بەکورتی و چڕیی، رۆمان ئەزموونی تاکیی مرۆڤە لەناو بونیادی جوانسازیی ((ئیستێتیکا))دا بۆ سنووربەندکردنی دیوێک لە گرنگیدانە ناوەوەی ژیانی کەسێتییەک یان کەسانێک، میللەتێک، تەنانەت شیاوە کاراکتەرەکە حەیوان، پرد، کێڵگە و شار... تاد بێت بۆ دەراندنی ناخیان بە هێما و سیمبوول و دەمامک. دیارە دەراندنەکە، گێڕدراوەی جێکاتیی نووسەرەکەیە، خوێندنەوە و هەڵوێستی چڤاکی و لەسەرووی ئەوەوە، رەوشی ئابووریی سێبەر و کاریگەریی دەکێشێتە سەر بارودۆخی: کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و... تاد، هەڵبەتە بەو گۆڕانەش، رێبازگەل و ستایلەکان دێنە ناو کایەکەوە. ئەمە هەمووی لە تایەکدا، گرنگی بە زمانی دەق دان تایەکەی دیکەیەتی.



مەحەمەد حوسێن هەیکەل

وا مەزەندە دەکرا کە رۆمانی ((زەینەب))ی ساڵی ١٩١٣ی مەحەمەد حوسێن هەیکەل، یەکەمین رۆمانی عارەبی بێت، لێ دەرکەوت ئەوە راست نییە. وێجا عارەبیناسی ئەمریکی- ئینگلیزی ((رۆجەر ئەلن)) و ئەویش لە د.جابر عسفوورەوە وەریگرتووە، کە رۆمانی ((جەنگەڵی هەق))ی فرانسیس ئەلمەراشی لوبنانی لە ساڵی (١٨٦٥)دا

بڵاوکراوەتەوە. پاش ئەوەش، ئەم ڕۆمانانە بە چاپ گەیشتوون.

١- ئەڤین لە باخچەکانی شامدا، ((الهیام فی جنائن الشام))، ١٨٧٠، لە نووسینی سەلیم ئەلبوستانی.

٢- ڕۆمانە نیمچە مێژووییەکانی جورجی زێدان، وەکو: شای هەڵاتوو ((المملوک الشارد))، ساڵی ١٨٩١.

٣- ڕۆمانەکانی یەعقوب سەرروف. هەروەها (پاکیزەی دنشوای) مەحمود تاهیر حەقی، لە ساڵی ١٩٠٦دا.

خۆ هەرچەندەش دکتۆر مەحمود حافیز دیاب ئاماژە بۆ مێژوویەکی لەوانەش دێرینتر دەکات، کە ڕۆمانی: وی! کەواتە بیانی نیت (وی- اڑن لست بافرنجی) ی خەلیل وندای ئەلخوری لە ساڵی ١٨٥٩ دەکات و پاشان ڕۆمانەکانی عەلی موبارەک، فەرەنسیس ئەلمەراشی، زەینەب فەوواز و مەحمود حوسین هەیکەل دێن.

ڕۆمانی: جوانیی ئاکامەکان ((حسن العواقب)) لەژێر ناوێکی دی ((الغادە الزهراو))، ژنە نووسەری لوبنانی لە قاهیرە ساڵی ١٨٩٩ زەینەب فەووازی بە چاپی گەیاندووە. دیسان ژنە نووسەری سوریایی عەفیفە کەرەم، کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ((الهدی))بووە لە نیویۆرک، چەندین ڕۆمانی بەر لە ((زەینەب)) ی ناوبراو نووسیوە، لەوانە: بەدیعە و فوئاد, هەروەها ژنە نووسەری لوبنانی لەبیبە هاشم کە لە میسردا ژیانی گوزەراندووە، لە ساڵی ١٩٠٤دا ((دڵی پیاو)) ی نووسیوە، دیسانەوە ساڵی ١٩٠٧ ڕۆمـــانی ((شیرین، کیژی ڕۆژهەڵات))ی نووسیوە. لەبیبە میخائیل سۆیاش بە زنجیرە ڕۆمانی ((جوانکیلەی سالۆنیک))ی لە ڕۆژنامەی ئەلهودا بڵاوکردووەتەوە. زینەب فەووازیش ڕۆمانێکی مێژوویی لەژێر ناوی ((شا قورش)) پەخش کردووە. فەریدە عەتایا ڕۆمانێکی مێژوویی ((لەنێوان دوو دەرباردا))ی لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکردووەتەوە. بەمجۆرە دەرکەوت، سێ نووسەری لوبنانی و سووریی بەر لە (هەیکەل) یازدە ڕۆمانیان بە گەرووی چاپخانەدا گەیاندووە. لە کوردیشدا نیزامی گەنجەوی بە یەکەم نووسەری ڕۆمانی شیعرین -وەک باوی سەردەمەکەی- ئەفسانەیی تۆمارکردووە، لە سەتەی حەتەمی کۆچی (سەتەی دوازدەی زایین)دا. ناوی تەواوی: باوکی موحەمەد نیزامەدینی کلباسی کوڕی یوسفی کوڕی زەکی کوڕی موئەبەد ناودار بە حەکیمی نیزامی، شافعی مەزهەب بووە. دایکی لە کوردانی (گەنجە)یە. ئەڵبەتە وەکو گوتم لە ئەورووپاشدا ئەو جۆرە ڕۆمانە شیعرییانە پەیڕەو کراوە. لە بەرهەمەکانی: پێنجینەی نیزامی، کۆگای نهێنییەکان، خەسرەو و شیرین، لەیل

و مەجنون، هەفت پەیکەر و... ئەسکەندەرنامە.

لەلای خۆمانیش، دیارە چوار بەشەکەی کوردستانم مەبەستە، هەرچەندە لە رۆژنامە ((کوردستان))دا ((تەممۆ))ناوێک زنجیرە رۆمانێکی ناتەواوی بڵاوکردەوە، بەڵام لەبەر نائارامیی بارودۆخی ئەوسای سەتەی نۆزدەیەمی عوسمانی و بە ئاوارەبوونی رۆژنامەکە و خاوەندەکەی لە قاهیرە و جنێف و شوێنانی دیکە، پاشماوەی رۆمانەکە -هەتاوەکو هەنووکە- ونە، وەکی دیکە. جەمیل سائیب، بە فیت و هاندانی حاکمی بەریتانیی لە سلێمانی ((ئەدمۆنز)) کە -کۆلۆنیالییەتی تاجی بەریتانی خۆری لێئاوا نابێت- رۆمانێکی خەوئامێزی رەخنەی گورچکبڕی لە دەسەڵاتی شێخ مەحمودی گرت، کە شێخایەتی و دەستڕۆیی ئاغا و دەرەبەگانی بەسەرەوە بووە. ئەمەش بەگوێرەی بنەماکانی رۆمانی ئەمڕۆژیمان کرچوکاڵ و زۆر لەخۆکردنی تێدایە و بە ئاراستەیەکی -وەکو گوتم- پووچەڵکردنی ئەو ئەزموونە نوێیە کەمدەسەڵاتەی سنووری سلێمانی و دەربەندی بازیان و ئاوباریک پتر تەشەنەی نەکردبووە دەڤەرەکانی بادینان و ئەولاترەوە.

هەنووکە، چەقی باسمان پۆلەتیقا و بەرژەوەندە هەمیشەیییەکانی ئەوساو شێوە نوێیەکانی ئەمڕۆی بە جیهانیکردنی (عەولەمە) ((Globalization)) ئەمریکای باڵا دەست نییە.

سەرهەڵدانی رۆمان لەلای دراوسێکانی ترمان، ئێران و تورکیا ((دیارە لە هەردوولادا، گەلانی جیاواز هەن))، دەهێڵمەوە بۆ پسپۆڕانی ئەو بوارە.

لە مانەی رابوورد دەکرێت.

١- شێکردنەوەی هەمەجۆری کردارەکیی پراکتیکی جەستەی بەرهەم ((دەق)).

٢- هەڵسەنگاندنی بەهاوێژەییەکان، بژارکردنی گوتارەکان، پۆلینکردنی ژانرەکان ((زانستی- هونەری)) شائەرکی باڵەکان رەخنەیە، بە گشت رێبازەکانییەوە و میتۆدە هەمەلایەنییەکەی، کە رێژەیین و سەقامگیر نەبوون.

*** لە سووچێکی ترەوە، گێڕانەوە سێ جۆری هەیە:**

١- لەرێی کەسێتی خۆیەوە.

٢- لەرێی ناخگۆییەوە.

٣- لەرێی دەمەتەقێوە.

# تەکنیکی دووبارەکاری
# لە هۆنراوەکانی سەباح رەنجدەردا



## (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری رەخنەییە)

**پ.ی.د. عادل گەرمیانی**
**کۆلێژی زمان- بەشی کوردی**

## ٢-٢

**٤- دووبارەکاری بەندی:**

ئەم جۆره دووبارەکارییە پێشی دەوترێت دووبارەکردنەوەی شێوازی و لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (تکرار اللازمە) و، بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (Refreindre) کەوا لە وشەی لاتینی (Refirgere) وەرگیراوە بە واتای دووبارە دەکاتەوە، بەواتای دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێک، یان چەند وشەیەک. دووبارەکردنەوەی بەندی بریتییە لەوەی دێڕێک لە چەند شوێنێکی نێو هۆنراوەکە وەکو خۆی دووبارە دەکرێتەوە بەمەبەستی جەختکردن و وەبیرهێنانەوە، چونکە دووبارەکراوەکە هەڵگری جۆرە مەبەستێکە بۆیە هۆنیار لەرێی ئەو دووبارەکردنەوە مەبەستی جەختکردنەکەی بۆ خوێنەرەکەی رادەگەیێنێت،

ئەم جۆرە دووبارەکردنەوە لە کۆشیعری (زێوان) بەرچاومان دەکەوێت کاتێک (٤٣) جار (گوندی گەنجینەی مندالێم) دووبارە دەکاتەوە، هەروەها سەر لەنوێ دارشتنی ئەم هۆنراوەیەو بلاوکردنەوەی لەنێو کۆشیعری (خەون واخۆی گێرایەوە) دیسانەوە ئەو فریزەی (٤١) چلویەک جار وەک دووبارەکارییەکی جەختی دووبارەی کردۆتەوە بەمەبەستی جەختکردن لەسەر کاریگەری گوندی لەدایکبوون و سەردەمی مندالی هۆنیار لەسەر کەسایەتییەکەی. ئەو گوندەش گوندی (دەربەندی گۆم) کەوا سەر بە شارۆچکەی (دووبز – کەرکووک) ەو هۆنیار تێیدا لەدایک بووە، ئەو شوێنە دەبێتە رەگی گەنجینەی کاریگەری سەردەمی مندالبوونی هەروەک چۆن گۆستاڤ باشلار لە کتێبی (جوانییەکانی شوێن) ئاماژە بەوە دەکات کەوا (شوێن رەگی مندالێتییە). تەنانەت هۆنراوەیەکی بەناوی گوندەکەیەوە لە کۆشیعری (شەری چل ساڵە) بلاو کردۆتەوە بەگوندە بچووکەکەی خوای چواندووەو تێیدا دەلێت:

**گوندە بچووکەکەی خوا**

**دەربەند**

**رووناک و گەرم بەتریفەی مانگ**

**فێنک بە گەشەی سپیەکانی درەخت و دلخۆش**

**بەکوری یەکەم زگی خۆت من**

**گیا پەخشانی زەوییە**

**کوری پێهاتەی سروشتت نووسیویەتی** (کۆشیعری شەری چل ساڵە / ل٩٤)

دووبارەکاری بەندی دوو چەشنە: یەکەمیان پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی پێشەوەی، ئەمەیان لەنێو شیعری ئەم شاعیرەدا بەرچاو ناکەوێت. دووەمیان پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی پاشکۆیی و ئەم جۆرەیان زۆر بەکارهێنراوە لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە هاوچەرخە. بۆ نموونە لە پەرەگرافی ژمارە (١) ی هۆنراوەی (سرووش) دا رستەی (کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەکا بە درەوشانەوە) چەند جارێک دووبارە کراوەتەوە بە مەبەستی جەختکردن لەسەر ئەوەی کتێبی چارەنوس کاتێک دابگیرسێت رۆلی خۆی دەبێت لە درەوشانەوەی دەروونی پەیام وەرگرەکە:

**باز لە گەرمایی ئاگری پیس نەبوو فامی کرد بۆنی ریایی لە دەنووکی سری**

**پرە لە سۆز بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەل دەبەستێ**

**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**

**پرە لە بێگەرد بەتەواوی رازەکانی برادەریەتیت لەگەل دەبەستێ**

**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**پڕە لە بەندە ناس بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**پڕە لە جەربەزە بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**منداڵی بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
**چارەنووس بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
**شکۆ بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٥٩)

دووبارەکردنەوەی بەندی هەروەها دوو جۆرە: یەکەمیان بەندی سەقامگیر کەوا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دێڕ، یان بەیتە شیعرییەکە وەکو خۆی، دووەمیان بەندی خاو کەوا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دێـڕ، یان بەیتە شیعرییەکە پاش هەندێ دەستکاری.

**٤-١: دووبارەکاریی بەندیی سەقامگیر:**

بریتییە لەوەی دێڕەکە، یان بەیتە شیعرییەکە وەکو خۆی دووبارە دەکرێتەوە بێ هیچ دەستکارییەک لەڕووی لابردنی وشەیەک، یان بۆ زیادکردنی وشەیەک. ئەم جۆرە دووبارەکارییە پێشی دەوترێت دووبارەکاری درێژ لەوانەیە جۆرە بێزارییەک لای خوێنەر دروست بکات. ئەم جۆە دووبارەکارییە لەنێو شیعری ئەم هۆنیارەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە پەرەگرافی سێیەمی هۆنراوەی (سـرووش)دا دێـڕە شیعری (لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پـەروەرو شیاو رووێندران) چوار جار بەشێوەی پچڕپچڕ وەکو خۆی دووبارە کراوەتەوە:

**زەبرو زەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**ڕکو کینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**پڕو پاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە، ل٦٥)

**٤-٢- دووبارەکردنەوەی بەندیی خاو (مائع):**

بریتییە لەوەی دێڕەکە، یان بەیتە شیعرییەکە بەدەستکارییەوە دووبارە دەکرێتەوە لەڕووی لابردنی وشەیەک، یان بۆ زیادکردنی وشەیەک. ئەم جۆرە دووبارەکارییە لەنێو شیعری ئەم هۆنیارە زیاتر لە دووبارەکاریی سەقامگیر بەرچاو دەکەوێت، ئەمیش لەڕووی دەروونییەوە دەلالەتی ناسەقامگیری باری دەروونیی هۆنیار دەخاتە روو لە کاتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە داڕشتنە شیعرییە، کەوا لەوانەیە لای خوێنەر بێزاری دروست نەکات. ئەم جۆرە دووبارەکارییە لە هۆنراوەی (سـرووش) بارێکی قورس وەردەگرێت کاتێک بەشێوەیەکی بەدوایەکتری ئەستوونی هەمان دەستەواژەی (تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بە ژیاندا) چوار جار دووبارە دەکاتەوە لەپێناو جەختکردن بەسەر گومان، یان ڕاڕایی نێو دەروونی:

**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بە ژیان دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بە جوانی دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بە زیندووبوونەوە دا**
**تارمایی یان خەون یان مرۆڤی روون مانایان بە نەمری دا**

(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٦٥)

لە هۆنراوەی (بلیمەت)دا جۆری بەکارهێنانی دووبارەکردنەوە چەشنێکی دیکە وەردەگرێت ئەویش تەنیا دووبارەکردنەوەی فرێزی (کتێبی دایک و باوک) بۆ شەش جار لەچەند شوێنێکی نێو ئەم هۆنراوەیەدا بەم شێوانەی خوارەوەدا:

- نووسەرێکە بەزمانی دایک و باوک دەنووسێ
- کتێبی دایک و باوک تێدا سیمای خۆش بنوێنێ
- ئەو رازانەی کتێبی دایک و باوک بانگی کردووم
- دۆستە شیر پاکەکانی بانگ دەکاتە ناو کتێبی دایک و باوک
- زەمینی جوانی کتێبی دایک و باوک
- کتێبی دایک و باوک لەبەرەو سەرەتا بوونەوەدایە

ئەم جۆرە پەرتەوازە بوونەی دووبـارە کردنەوەی ئەم فرێز هەمان کاریگەری دووبارە کردۆتەوە پێشووی نییە، کەوا هۆنیار راستەوخۆ بەدوایی یەکتر دووبارەکردنەوەی دێڕە شیعرەکەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێ لەسەر سەرنجراکێشانی خوێنەردا، بەڵام ئەم جۆرە کاریگەرییەی زۆر ناوێت لە پەرتەوازەکردنی دووبارەکردنەوەی نێو شیعردا. ئەم هۆنیارە لە هۆنراوەی (بۆنە)دا دەستەواژەی (ئەو گوڵەی لە....) لە سەرەتایی شەش دێڕی

شیعری بەدوایی یەکتر هاتووە دووبارە دەکاتەوە هەر جارێک بۆ بۆنەیەکی تایبەت لە ژیانی خۆیدا تەرخان کراوە، بەم شێوەیە دووبارەکردنەوەکە دەبێتە مایەی نیشاندانی بۆنەکانی پێشکێشکردنی گوڵ لە ژیانی مرۆڤدا:

**سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان**
**ئەو گوڵەی لەیەکەم رۆژی لەدایکبوونم پێشکێشم کرا**
**ئەو گوڵەی لە یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەم**
**ئەو گوڵەی لە یەکەم ژووانی دڵداریمدا**
**ئەو گوڵەی لە بڵاوکردنەوەی یەکەم شیعرمدا**
**ئەو گوڵەی لە چاپکردنی یەکەم کتێبمدا**
**ئەو گوڵەی لە رۆژی زاوایەتیم**
**من لە ژیان بەردەوامم** (کۆشیعری شەڕی چل ساڵە / ل٤٦)

لە پەرەگرافی ژمارەی (١)ی هەمان هۆنراوەدا (هەفتەی ئاسوودەیی) بۆ شەش جار لەناوەڕاستی دێڕەکان دووبارە دەکاتەوە:

**مۆزەخانەیەکی لە هەفتەی ئاسوودەیی مەستتر لە رابردوو**
**پیاوێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی چاو روونتر لە ئاگر**
**گوڵدانێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی بەدیدارتر لە پەنجەرە**
**ماسییەکی لە هەفتەی ئاسوودەیی دڵخۆشتر لە ئاو**
**درەختێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی بە بەرهەمتر لە دارستان**
**گڵۆپێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی سەرەتایی تر لە خەون**
(کۆشیعری شەڕی چل ساڵە / ل٤٦)

هەروەها لە پەرەگرافی سێیەمی هۆنراوەی (سـرووش)دا دێڕە شیعری فرێزی ناوی (لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ)، هەروەها دێڕی (لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران) چەند جارێک لەم هۆنراوەدا بەشێوەی دووبارەکردنەوەی بەندیی خاو دووبارە کراونەتەوە:

**زەبرو زەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**ڕکو کینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**پڕو پاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**

**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٦٥)
لە هۆنراوەیەکی نێو کۆشیعری (سالّی سفر)دا شێوازێکی دیکەی بەکارهێناوە ئەویش لەنێوان دووبارەکراوەکاندا دێڕە شیعرێکی جیاوازی بەکارهێناوە، وەکو:

**گولّ خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی**
**با خۆلّ نەکاتە چاوی**
**بالّندە خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی**
**دەوری هێلانەی بە بەردی بەنرخ و ئەفسانە بچنێت**
**کاتژمێر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی**
**دەستی لەسەر دلّیەتی بۆ ئەوەی درۆزن دەرنەچێ**
**قاوەچی خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی**
**لێوی پیالّەی بەرەو ناسکی و نەرمی ببا**
**کەروێشک خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی**
**نازی گیای تەڕو نازی**
**ددان هاتنی بێچووەکان بەراورد دەکات**
(کۆشیعری سالّی سفر / ل١٨٣)

هەندێ جار هۆنیار لەشێوازی داڕشتنی هۆنراوەکەی فرێزی دووبارەکراوەکەی پێش و پاشێکی لێدەکەوێت وەکو:

**من و شیعر گولّێکین لە دەستی بادا**
**ئەدی ئەی یاری نهێنی**
**ئەو دەستە کێیە لە با وەرمان دەگرێت**
**ئەمسەرو ئەوسەری مەرگت بۆ دەکەم**
**ئەی ژیان و حیکمەتی بەرزبوونەوە تا لای شیعر**
**ئەوسەرو ئەمسەری ژیانت بۆ دەکەم** (کۆشیعری سالّی سفر / ل١٢٧)

لە کۆپلە شیعری ژمارە (٧٤)ی نێو کۆشیعری (سالّی سفر)دا وشە دووبارەکراوەکان لە دووەم دووبارە کردندا بە نوقسانی دەبێ:

**چاو و**
**گیان و**
**ناخ و**
**دلّ ماندوو ناکات**
**شنەیەکی نەرم و ئارام هەلّی کردووە**

**دانە مرواری تاسەو گەرمیایی خۆی**
**دەباتە ناو**
**چاوو**
**گیان و**
**ناخ و**
**دڵ** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٩٢)

**٤-٣- دووبارە کردنەوەی بەندیی تێکەڵ:**

ئەم جۆرە دووبارەکارییە بریتییە لەوەی هۆنیار هەردوو جۆری دووبارەکردنەوەی بەندی لە هەمان هۆنراوە بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (سرووش)دا دەڵێت:

**زەبرو زەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**ڕکو کینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**پڕو پاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
(کۆشیعری- خەون واخۆی گێڕایەوە، ل٦٥)

لە دێڕەکانی (١و٣و٥و٧) دووبارەکردنەوەی بەندی خاوە، کەوا سەرەتای دێڕەکان دەستکاری کراوە، بەڵام دێڕەکانی (٢و٤و٦و٨) دووبارەکردنەوەی سەقامگیرە، چونکە هەموو دێڕەکە وەکو خۆی دووبارە کراوەتەوە. لێرەدا پێویستە بڵێین ئەگەر بەندە دووبارەکراوەکە یەک وشە، یان دوو وشە بێت ئەوا پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی نادرێژ، بەڵام ئەگەر دووبارەکراوەکە هەموو دێڕ، یان بەیتەکە بوو ئەوا پێی دەوترێت دووبارەکردنەوەی بەندی درێژ، چونکە چەندین وشە وەکو خۆی دووبارە دەکرێتەوە. هەرچۆنێک بێت دووبارەکردنەوەی بەندی بەکاری بەستنەوەی دێڕ، یان بەیتەکانی هۆنراوەکە هەڵدەستێت، جۆرە یەکێتییەک بەبینای هۆنراوەکەو مۆسیقاکەی دەبەخشێت، هەروەها ئەم جۆرە دووبارەکردنەوە پێویستی بە جۆرە شارەزاییەک هەیە بۆ ئەوەی هۆنیار بزانێت لە کوێ بەندەکە دووبارە بکاتەوە، هەروەها دووبارەکردنەوەی خاوی جۆرە

چاوەڕوانییەک لای دروست دەکات، کەوا لە جاری تازەی دووبارەکردنەوەکە چ دەسکارییەک دەکرێت، بۆیە پێویستە هۆنیار سووکە دەسکاری بکات، ئەم جۆرە سووکە دەسکارییە لای ئەم هۆنیارە لەو هۆنراوەی سەرەوە بەرچاو دەکرێت.

هەروەها لە پەرەگرافی ژمارە (١)ی هۆنراوەی (سرووش)دا هەردوو جۆری دووبارەکردنەوەی سەقامگیرو خاومان بەرچاو دەکەوێت، چونکە (١٤) جار دەستەواژەی (نووسەری هەموو ژیان) وەک دووبارەکاریی سەقامگیر دووبارە کراوەتەوەو، بەهەمان شێوە دێڕی (کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە) دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لەم هۆنراوەدا هەردوو دەستەواژەی (پڕە لە سۆز بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ)و دەستەواژەی (منداڵی بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ) چەند جارێک بە شێوەی دووبارەکردنەوەی بەندیی خاو دووبارە کراونەتەوە، هەرجارێک وشەی سێیەمی هەردوو دەستەواژەکە بە وشەیەکی دیکە گۆڕاوە:

**باز لە گەرمایی ئاگری پیس نەبوو فامی کرد بۆنی ریایی لە دەنووکی سڕی**
**پڕە لە سۆز بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**پڕە لە بێگەرد بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**پڕە لە بەندە ناس بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**پڕە لە جەربەزە بەتەواوی رازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ**
**کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگا بە درەوشانەوە**
**منداڵی بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
**چارەنووس بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**
**شکۆ بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێ هەڵدەهێنێ**

(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٥٩)

**٥- دووبارەکردنەوەی بەرایی:**

ئەم جۆرە دووبارەکارییە زۆر باوە لەنێو شیعری نوێ و هاوچەرخداو " ئامانجی سەرەکیی دووبارەکاری بەرایی فشارخستنە سەر یەک حاڵەتی زمانی و، دووپاتکردنەوەی بۆ چەند جارێک بە چەند شێوەیەکی هاوچەشن، یان جیاواز لەپێناو گەیشتن بە دۆخێکی شیعریی تایبەت لەسەر دوو بنەمای ریتمی و هێمایی وەستاوە "[١].

دووبـارەكـردنـەوەی بـەرایـی، یـان سـەرەتایی بریتییە لـەوەی وشە دووبارەكراوەكە لە سەرەتای دێڕە شیعرییەكان دەبێت، پێشی دەوترێت دووبارەكاری ئەستوونی (التكرار العمودی)، چونكە وشە دووبارەكراوەكە لەسەرەتای دێڕە بەدوایەكترەكان دەبێت. ئەم جۆرە دووبارەكارییە زۆر باوە لەنێو شیعری نوێ و هاوچەرخدا، كاریگەریی ئەم جۆرە دووبارەكارییە پابەندە بەتواناو هێزی شێوازی شیعریی هۆنیارەوە، ئەگینا بە كاروكردەوەیەكی شیعریی زۆر سادە دادەنرێت. ئەم جۆرە دووبارەكارییە لە شیعری ئەم شیعرە دەكەوێتە بەرچاو، بەڵام هەندێ جار بەشێوەیەكی لاواز دێتە بەرچاو، چونكە نەیكردووەتە دەستپێكێكی كاریگەر بۆ پەلكێشكردنی خوێنەر بۆ نێو جیهانی هۆنراوەكە كاتێك لە دوو سێ دێڕێكی هۆنراوەكە بەكاری دەهێنێت. بەلای د.ئازاد ئەحمەد مەحموودەوە " ئامانجی سەرەكی ئەم جۆرە گەڕانەوە، بۆ مەبەستی گەیشتن بە بوارێكی شیعریی دیاریكراو، لە چەند داڕشتنێكی هاوشێوە یان جیاوازدا، لەسەر ئاستی ریتمی و دەلالی، جەخت لەسەر ورووژاندنی حاڵەتێكی زمان دەكاتەوە "(٣).

وشەی (ڕەنگ) لە هۆنراوەی (بیرنەچوونەوە) بووەتە دووبارەكارییەكی بەهێز كاتێك

هەرسێ رەنگەكە دەبنە پێكهێنەری خودی هۆنیارەكە:

**ڕەنگی خودا**

**ڕەنگی ئاو**

**ڕەنگی شیعر**

**پێكهێنەری هەرسێكیان منم** (كۆشیعری سەدو یەكشەوە / ل١٢٨)

هەروەها لە كۆشیعری (سەدو یەكشەوە) ئەم جۆرە شێوازەی دووبارەكاری بەرچاو دەكەوێت، بۆ نموونە لە سەرەتای هۆنراوەی (ڕەنگ) دەڵێت:

**بەهار**

**زەمین سەوز هەڵدەگەڕێ**

**هاوین**

**زەمین سوور هەڵدەگەڕێ**

**پایز**

**زەمین زەرد هەڵدەگەڕێ**

**زستان**

**زەمین سپی هەڵدەگەڕێ** (كۆشیعری سەدو یەكشەوە / ل١٤)

لەم دێڕانەی سەرەوە وشەی (زەمین) كراوەتە دووبارەكارییەكی بەرایی بێ

هێزە.

**٦ – دووبارەکردنەوەی کۆتایی:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە دووبارەکردنەوە " چڕکردنەوەیەکی هێمایی و ریتمییە لە کۆتایی هۆنراوەکە چەقبەست دەبێت "[٣] و ئەم جۆرە دووبارەکارییە بریتییە لەوەی هۆنیار لە کۆتایی هۆنراوەکەی ئەم جۆرە دووبارەکارییە بەکاردەهێنی، هەرچەندە لەم حاڵەتە ژمارەی دووبارەکراوەکە کەم دەبێت بە حوکمی ئەوەی هۆنیار لە دوا هەنگاوەکانی نووسینی هۆنراوەکەیە، بەڵام لەڕێی ئەم دووبارەکردنەوەیە هۆنیار دەیەوێت شتێک بەخوێنەرەکەی رابگەیەنێت. بەلای د.ئازاد ئەحمەد مەحموودەوە " گەڕانەوەی دوایی هەر وەک گەڕانەوەی بەرایی، پانتایی کاریگەربوونی لە چوارچێوەی پێکهاتنی بونیاتی قەسیدەدا رۆڵ دەبینێت لەناوەندی خاسیەت زمانی شیعرو دەستوورەکانی زمانەوانی، چەقی دەلالی و ریتمی، لە کۆتایی قەسیدە دیاری دەکات و بەربڵاوی ئاسۆکانی واتای دەلالەت و واتای ریتمی خەست دەکاتەوە "[٤]. لە شیعری ئەم هۆنیارەدا ئەم جۆرە دووبارەکارییە بەرچاومان ناکەوێت.

**٧– دووبارەکردنەوەی بازنەیی:**

بریتییە لەوەی هۆنیار لەسەرەتاو کۆتایی هۆنراوەکە دووبارەکراوەکە بەکاردەهێنێت وەک بازنەیەکی داخراو لە داڕشتنی هۆنراوەکە. بۆ نموونە وشەی (کەڵەباب) لەسەرەتاو کۆتایی کۆپلەی ژمارە (٣٢) ی نێو کۆشیعری (زیوان)دا دووبارە کراوەتەوە:

**ئاسمان وەک کەڵەبابی چاوساغی دێ نووستووە**

**..........**

**کەڵەبابی چاوساغی دێ**

**هەتاو و سێبەرە** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٤٨)

هەروەها لە سەرەتاو کۆتایی کۆپڵەی ژمارە (٤٧)ی نێو کۆشیعری (زیوان)دا وشەی (سەرسامبوون) دووبارە کراوەتەوە:

**سەیر بوو**

**سەرسامبوون هەمیشە سەیرە**

**........**

**نهێنی بە یەکەم سەرسامبوون ناو دەنێم**

**هەموو شتێکیش دەچێتەوە**
**ناو یەکەم سەرسامبوون** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٦٣)

ئەم جۆرە دووبارەکارییە بازنەییە لە هۆنراوەی (بیر نەچوونەوە)ش وەبەرچاومان دەکەوێتەوە:

**ڕەنگی خودا**
**ڕەنگی ئاو**
**ڕەنگی شیعر**
**پێکهێنەری هەرسێکیان منم**
**.................**
**جارێک ڕەنگی خوداو ئاو و شیعری**
**بینیبێت و بیری چووبێتەوە**
**بیرنەچوونەوە بەهەموو ڕەنگەکان خۆی دەنوێنێ** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە / ل١٢٨)

**٨- دووبارەکردنەوەی رازێنراو:**

ئەم جۆرە دووبارەکارییە پێیشی دەوترێت پەیژەیی، یان هەرەمی و " بە گرنگترین جۆرەکانی دووبارەکارییە لەڕووی هونەرییەوە دادەنرێت، لەبەر پێویستی بەهەندێ توانای شیعری بۆ دروستکردنی شێوەیەکی ئاڵۆز رێ بۆ هەندێ ئەنجامی شیعریی گرنگ خۆش دەکات، لە پێشەوەیان بەشداریکردنێکی گەورە لە گەشەسەندنی ریتیمی هۆنراوەکەو قووڵکردنەوەی توانا مۆسیقییەکانی و ئەم جۆرە دووبارەکارییە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەندازەیەک لە سروشتی ئەزموونی هۆنراوەکە هەڵدەقوڵێت و ئەو شێوازە دووبارەکردنەوەی فەرزی دەکـات لەگەڵ واقیع و تایبەتمەندییەکانی بگونجێت"[٥]، بەڵام ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە لەشیعری سەباح رەنجدەردا زیاتر شێوەی زەخرەفی، یان رازێنراوی وەرگرتووە، چونکە لەم جۆرە دووبارەکارییەدا جۆرە رازانەوەیەک بەشێوە زەخرەفە بۆ تەنیا وشەیەکی تایبەت دەکرێت وەک سەرنجراکێشانێک بۆ گرنگی و بەها واتای ئەو وشەیە لە هزرو دەروونی هۆنیاردا. مۆرفێمی (بۆ) وشەیەکی واتادارە وەک ئامرازی پرسیارکردن زیاتر بەکاردێت، هەروەها مۆرفێمی (بۆ) ئەگەر بۆ کات و شوێن بەکار هات ئەوا دەلالەتی کۆتایی شوێن، یان کاتەکە رادەگەیەنێت، بۆیە هۆنیاریش ئەم وشەیەی زەقتر کردووە، چونکە مرۆڤی کۆن و هاوچەرخی کورد زۆر بەکاری دەهێنێ لە ژیانی رۆژانەیدا. ئەم

هۆکارە وای لە هۆنیار کردووە چەندین جار لەنێو شێوەکانی خوارەوە دووبارەی بکاتەوەو، بەمەش ئەرکێکی زەخرەفەو جوانکاریی جوانی بە دووبارەکردنەوەی ئەم وشەیە داوە. ئەم شاعیرەش بەشداری خۆی هەیە لەم جۆرە دووبارەکارییە، ئەویش لەڕێی هەڵبژاردنی وشەی (بۆ) وەک ئامرازێکی پرسیارکردن یا ئامرازێکی پێوەندی و پێشکێشکردنی ئەم شێوە رازانەوانەی خوارەوە:

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ
بۆ
بۆ
بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

(کۆشیعری ساڵی سفر / ل١٤٤)

بۆ
بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ
بۆ (کۆشیعری ساڵی سفر / ل١٤٥)
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ (کۆشیعری ساڵی سفر / ل١٤٦)
بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
(کۆشیعری ساڵی سفر / ل١٤٧)

**٩- دووبارەکاری ئەستوونی:**

دووبارەکاری ئاسۆیی بریتییە لەوەی هۆنیار وشەیەک بۆ چەند جارێک لەنێو هەمان بەیت، یان دێڕە شیعرییەکە دووبارە دەکاتەوەو، ئەم جۆرە دووبارەکارییە لەنێو سەرجەم هۆنراوەکانی نێو کۆشیعرەکانی بەرچاومان نەکەوت. دووبارەکاری ئەستوونی بریتییە لەوەی بۆ چەند جارێک لەنێو بەیت، یان دێڕە بەدوا یەکتر هاتووەکانی هۆنراوەکە دووبارە کراوەتەوە. بۆ نموونە ئەم هۆنیارە لە کۆپلەی ژمارە (٧٢)ی نێو کۆشیعری (ساڵی سفر) ئەم کارەی کردووە چاومان بەم جۆرە دووبارەکارییە دەکەوێت کاتێک وشەی (براکوژی) لەسەرەتای سیانزە دێڕ بەشێوەی ستوونی دووبارەی کردۆتەوە:

**تراویلکەیەکی تەنگ**
**وەک خوری بەرخ لە ناوچەوانی شار درەوشایەوە**
**کێش و سەروای شیعرەکانی تەرازوو کردینەوە**
**براکوژی یەکەم**
**براکوژی دووەم**
**براکوژی سێیەم**
**براکوژی چوارەم**
**براکوژی پێنجەم**
**براکوژی شەشەم**
**براکوژی حەوتەم**
**براکوژی هەشتەم**
**براکوژی نۆیەم**
**براکوژی دەیەم**
**براکوژی یازدەم**
**براکوژی دوازدەم**
**براکوژی سێزدەم**
**کوڕ و کوڕەزام زۆر ماون** (کۆشیعری ساڵی سفر / ل٨٩-٩٠)

لە پەرەگرافی (٣)ی هۆنراوە (سرووش) رستەی (لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران) بەشێوەی ئەستوونی بۆ چەند جارێک دووبارە کراوەتەوە:

**زەبرو زەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**

**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**ڕکو کینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
**پڕو پاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**
**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**
(کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوە / ل٦٥)

**١- دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

بریتییە لـەوەی بۆ چەند جارێک لەنێو بەیت، یان دێـڕە بـەدوا یەکتر هاتووەکانی هۆنراوەکە دەنگێک بەشێوەی ناوخۆیی، یان دەرەکی دووبارە بکرێتەوە، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین دووبارەکردنەوەی دەنگی ناوخۆیی لەناو دێڕەکانی هۆنراوەکە لەوانەیە عەفەوی بێت، بەڵام لە دووبارەکردنەوەی دەنگی دەرەکی بەئەنقەست دەبێت بۆ پاراستنی سەرواى هۆنراوەکە. لێرەدا پێویستە بڵێین دووبارەکاریی دەرەکیی دەنگ لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە بەرچاو ناکەوێت، چونکە شیعری عەموودی نانووسێت تا دەنگێک ببێتە سەرواى هۆنراوەکەو لە کۆتایی دێڕەکان بنووسرێت، بەڵام دووبارەکاری ناوخۆیی دەنگ بەرچاو دەکەوێت کەوا لەنێو وشەکانی دێڕێک، یان دێڕەکانی هۆنراوەکە دووبارە دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە هۆنراوەی (مەشخەڵ) شەش جار دەنگی (گ) بەشێوەیەکی ناوخۆیی دووبارە کراوەتەوە:

**دەموچاوی ژنی دوو گیان ئاگای لە گەشەی گەڵاو گوڵ هەیە**
**بەهار گەنجینەی گەورەو مەشخەڵی**
**دەستی دایە زەمینە** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە / ل٩١)

هەروەها لە هۆنراوەی (گەنجینە) پێنج جار دەنگی (گ) دووبارە کراوەتەوە:

**ئەو هاودەنگییانەی**
**لە لێو دەبنە گەنجینەی شار**
**دەنگێکە دەنگێکی دیکە دەبێتە هاودەنگی** (کۆشیعری شەڕی چل ساڵە / ل٤١)

هەروەها لە هۆنراوەی (مردن) هەشت جار دەنگی (گ) دووبارە کراوەتەوە:

**ڕام گەیاند ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مێژوو**
**پێشەنگایەک دەکەمەوە**
**تابووتێکی تێدا پێشکێش دەکەم**

**که یاریی به هەستەکانی من کردووە** (کۆشیعری شەڕی چل ساڵە / ل٨٣)

لەکۆتایی هۆنراوەی (خۆشحاڵی)دا شەش جار دەنگی (د) لە دوو دێڕدا دووبارە کراوەتەوە:

**خواوەند جارێک دێتە دیداریمان**

**دیداری دووبارە نایێتەوە** (کۆشیعری سەدو یەکشەوە / ل٧٩)

هەر لە پەرەگرافی (٣)ی هەمان هۆنراوە دوو دێرە شیعر چوار جار دووبارە دەکاتەوە بەدوای یەکتردا تەنیا وشەی یەکەمی سەرەتایی دێڕی یەکەم لە دووبارەکردنەوەیدا دەگۆڕێت وەکو:

**زەبرو زەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**

**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**

**فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**

**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**

**ڕکو کینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**

**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**

**پڕو پاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ**

**لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەرو شیاو رووێندران**

(کۆشیعری خەون وا خۆی گێڕایەوە / ل٦٥)

دەنگی (ک) وەک دەنگێکی سووکی نەبزوێن (١٣) سیانزە جار لەنێو کورتە هۆنراوەی (مردن) دووبارە کراوەتەوە بەشێوەیەک لەهەموو دێڕێکی هۆنراوەکە هەبوونی خۆی هەیە:

**ڕام گەیاند رۆژێک لە رۆژەکانی مێژوو**

**پێشانگایەک دەکەمەوە**

**تابووتێکی تێدا پێشکێش دەکەم**

**که یاریی بە هەستەکانی من کردووە**

**لەسەر ئەو قوڕەی بۆ دروستکردنی**

**ئادەم و حەوا خۆش کرا**

**کتێبی لەبیر نەچوونەوە جێ دەهێڵم** (کۆشیعری شەڕی چل ساڵە /ل٨٣)

## ئەنجــام

١- دووبــارەکــاری شیعری بنەمایەکی سەرەکی بنیادی هونەری هۆنراوەکانی سەباح رەنجدەرە، کەوا بە هۆنیار - شاعیرێکی نوێخواز لە بواری زمانی شیعریدا ناسراوە.

٢- لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارەدا چەندین جۆری دووبارەکاریی شیعری بەرچاو دەکەوێت.

٣- ئەم هۆنیارە زۆر بە جوانی دووبارەکردنەوەی شیعری بەچەند چەشنێک لەنێو بەشێک لە هۆنراوەکانی بەکارهێناوە لە پێناو بەخشینی جۆرە کاریگەرییەک بە بەکارهێنانی دووبارە کردنەوە لەنێو داڕشتنی شیعریدا.

٤- دووبارەکردنەوەی رستەی کاری کاریگەرترە لە دووبارەکردنەوەی رستەی ناوی بۆ خستنەڕووی کاریگەریی دەروونیی رووداوی نێو بابەتی هۆنراوەکە، لەم رووەوە دووبارەکاریی رستەی کاری زیاتر لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە بەرچاو دەکەوێت، چونکە هەموو یارییەکی نێو زمانی شیعریی هۆنراوەکانی بۆ بەرجەستەکردنی سروشتی رووداوی نێو هۆنراوەکەی بەکاردەهێنێت.

٥- دووبارەکاریی نادرێژ زیاتر لەنێو هۆنراوەکانی ئەم هۆنیارە بەرچاو دەکەوێت، چونکە ژمارەی جاری دووبارەکراوەکە کەمە.

٦- ئەم هۆنیارە زۆر جار دووبارەکاری بەندی (لازمە)ی بەهەردوو جۆری سەقامگیرو خاوی بەکارهێناوە.

ئەیلوولی ٢٠١١ هەولێر

## سەرچـاوەکان

### کتێبەکان


**١- أ. د. أمين محمد عطية باشا – التكرار في القصص القرآني – دراسة تطبيقية على قصة موسى عليه السلام)، لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە.**

٢- ئازاد ئەحمەد مەحموود- بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩

٣- پەخشان عەلی ئەحمەد- شێوازی شیعری گۆران، نامەیەکی ماستەرە پێشکێشی کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە کراوە، ٢٠٠٧

**٤- حسين علي شانوف– شعر الشاعر الكردي المعاصر طوران، ت: شكور مصطفى، مطبعة**

دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥

٥- حوسێن مەحموود عەلی کەلاری- شێواز لە هۆنراوەی فەرهاد شاکەلی دا، نامەی ماستەرە پێشکێشی کۆلیژی زمانی زانکۆی کۆیە کردووە، ٢٠٠٨

٦- دیوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد پیاچووەتەوە، چ/ کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦

٧- سەباح رەنجدەر- خەون واخۆی گێڕایەوە - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤

٨- سەباح رەنجدەر- کۆشیعری شەڕی چل ساڵە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

٩- سەباح رەنجدەر- کۆشیعری مردوویەک ئاگای لە هەمووانە، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨

١٠- سەباح رەنجدەر - کۆشیعری سەدو یەک شەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

١١- سەباح رەنجدەر – کۆشیعری ساڵی سفر، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠

١٢– السيوطي – الإتقان في علوم القرآن " (٣) طبعة مؤسسة النداء

١٣– د. زهير احمد المنصور – ظاهرة التكرار في شعر ابي القاسم الشابي، www.bwady.com

١٤– د.عشتار داود محمد– تقنية التوازي في الشعر الحديث، لة ئةنتةرنيتةوة وةرطيراوة

١٥– عدنان حسين العوادي – لغة الشعر الحديث في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥

١٦- کەمال غەمبار- بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

١٧– محمد عبد المطلب – بناء الاسلوب في شعر الحداثة، القاهرة، ١٩٨٨

١٨– نازك الملائكة – قضايا الشعر الحر، دار العلم للملايين /بيروت/ ط٥، ١٩٧٨

١٩- نەجات حەمید ئەحمەد - مێژووی خود لە ناو لەنگەرێک دا، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر، ١٩٩٧

٢٠- یاسین عومەر- شێرکۆ بێکەس- چەپکێک لە هەڤپەیڤین، ئەزموون ١٩٨٥–٢٠٠٠، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١

## **رۆژنامەو گۆڤار**


١- كمال غمبار- موت المرأە، ت: سامان دزيي، جريده ميديا، ع/١١٨فی ٢٠٠٣/٣/٥

٢- کەریم دەشتی- بەشێک لە یاداشتەکانی-با-هەڤپەیڤینی- تەلعەت تاهیر، گۆڤاری ئێستا، ژ/١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٦


## **پەراوێزەکان**

**(١)د٠ محمد صابر عبيد – القصيدة العربية الحديثة ٠٠ حساسية الانبثاقة الشعريية الاولى، ص ٢٠٠**

(٢)د٠ئازاد ئەحمەد مەحموود – بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، ل١٧٢

**(٣)د٠ محمد صابر عبيد – القصيدة العربية الحديثة ٠٠، ص ٢٠٨**

(٤)د٠ئازاد ئەحمەد مەحموود – بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، ل١٧٦

**(٥)د٠ محمد صابر عبيد – القصيدة العربية الحديثة ٠٠، ص ٢١٤**

# مەولەوی



## لەنێوان موزیک و گۆرانی و موزیکی سرووشت و دەرووندا

**حەسەن نازدار**

(موزیک وشەیەکی یۆنانییە کە لە بنەڕەتدا لە گریکەکانەوە وەرگیراوە، کە ئەوان پێیان وتووە (مۆسا=موس)، کە بە خوای هونەرەجوانەکانیان وتووە، پاشگری (یقا)ی بۆ زیادکراوە و تایبەت بووە بە هونەری گۆرانی و گۆرانیش کۆنترین هونەری گەلانە).

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و موزیک، پەیوەندییەکی قووڵ و پتەوە و مرۆڤ هەر لە سەرەتای هەستکردنی بە بوونی خۆی لە سکی دایکیدا گوێی لە جۆرێک ریتم و ئیقاع دەبێت، کە پڕە لە هەستی ناسکی و جوانی. ئەویش لێدانی دڵی دایکی و هەناسەکانێتی و لەنێو ئەو دونیا تاریکەدا هەستی بیستنی لەگەڵ ئەو ئاوازە خوداییەدا رادێت و چێژی لێ دەبینێت و دوای لەدایکبوونیشی لایلایە و گۆرانییەکانی دایکی پەرە بەم هەستی گوێگرتنەی کۆرپەکە دەدەن و جۆرێک

له چێژی پێ ده‌به‌خشن، که ده‌بێته مایه‌ی ئارامیی بۆ گیانی له‌و دونیا نوێیه‌ی که له‌دوای جیهانی سکی دایکییه‌وه پێی خستووه‌ته ناویه‌وه و به‌جۆرێک له‌و نامۆییه‌ی که‌مده‌که‌نه‌وه که له‌و دونیاتازه‌یه‌دا تووشی هاتووه.

ماوه‌یه‌کیترو دوای ئه‌مه‌ش، کاتێک مرۆڤه که هه‌سته‌کانی به‌هێزتربوون و زیاتر خۆی له‌گه‌ڵ تازه‌که‌یدا گونجان و هوشیارتر بوو، ئه‌وکاته دایکه زه‌مین و سرووشت به‌ئاوازه جاویدانه‌کانیان ئارامی و خوشنوودی پێ ده‌به‌خشن و له‌ڕێگای هه‌ستی بیستنه‌وه هه‌موو جوومگه‌کانی رۆحی پڕ ده‌که‌ن له ئاواز و ریتمی خودایی و که‌ڵکه‌ڵه‌ی فڕین له‌سه‌ر باڵی خه‌یاڵ و سه‌ما ده‌که‌وێته گیانی. سرووشت هه‌ستی بیستنی ئه‌و له‌گه‌ڵ نمه و رنه‌ی باران و گڤه‌ی باو خشپه‌ی گه‌ڵا و هاژه‌ی ئاو و چریکه‌ی بوولبوول و نه‌غمه‌ی مه‌لان و قاسپه‌ی که‌و. ناڵه‌ی هه‌وره‌برووسکه و پێکه‌نین و گریان و... هتد. راده‌هێنێت، هه‌ربۆیه منداڵ کاتێک زمانی به‌رده‌بێت هه‌وڵ ده‌دات به گڕوگاڵ و ئاوازی پچڕپچڕ لاسایی ئه‌و ده‌نگ و ئاوازانه بکاته‌وه و کاتێکیش گه‌وره‌بوو هه‌وڵی دا به‌داهێنانی هۆنراوه و گۆرانی لاسایی ئه‌و ده‌نگانه بکاته‌وه یان خۆشی ببێته خاوه‌نی جۆرێک له ده‌نگ و ئاوازی تایبه‌ت به خۆی وه‌ک چۆن ته‌واوی باڵنده و ئاژه‌ڵ و گیانداره‌کان خاوه‌نی جۆرێک له ئاواز و نه‌غمه‌ی تایبه‌ت به خۆیانن، هه‌ندێکیش له‌و باوه‌ڕه‌دان که باوکه ئاده‌م بۆیه‌که‌مجار به‌بیستنی ئه‌م ده‌نگ و ئاوازانه‌ی سه‌ر زه‌وی، ئه‌و ده‌نگانه‌ی بیرکه‌وتووه‌ته‌وه که له به‌هه‌شتی به‌ریندا گوێی لێیان بووه. یاخود به‌دوای ئه‌و ده‌نگانه‌دا گه‌ڕاوه که له به‌هه‌شتی خودایدا له‌ده‌ستی داون. هه‌ربۆیه‌شه مرۆڤ له‌ڕێگای گوێگرتن له ده‌نگ و نه‌غمه‌کانی سرووشت و دروستکردنی ئامێره‌کانی موزیک و گۆرانییه‌وه، ویستوویه‌تی ئه‌و بۆشاییه سه‌ماعیه پڕبکاته‌وه، که له‌م جیهانه جاویدانه‌دا له‌ده‌ستی داون. هه‌ربۆیه ده‌ڵێن که (لامک) که له نه‌وه‌کانی ئاده‌مه و به چه‌ند پشتێک ده‌چێته‌وه سه‌ر ئاده‌م، ئه‌و یه‌که‌م که‌سێکه‌که (عود)ی دروستکردووه، یاخود (یۆپاڵ) و (تۆپاڵ)که له کوڕه‌کانی (لامکن). ئه‌وان پەی یان به دۆزینه‌وه‌ی موزیک بردووه و ئامێره‌کانی (عود) و (ته‌پڵ) و (ده‌ف) یان دروستکردووه.

موسای پێغه‌مبه‌ر (د) ده‌فه‌رموێت: (تۆپاڵ له پاش تۆفانه‌که‌دا ژیاوه و ئه‌و باوکی هه‌موو نه‌یژه‌ن و عودزانێکه). یان ده‌ڵێت: (نوح یه‌که‌م که‌سێکه که موزیکی دۆزیوه‌ته‌وه و ئه‌و (عود)ی دروستکردووه و (نه‌غمه) و (نه‌وا)ی لێ ده‌رهێناوه. کاتێکیش له تۆفانه‌که‌دا ئه‌و عوده له‌ناوچووه، له رۆژگاری (داود) پێغه‌مبه‌ردا دۆزراوه‌ته‌وه و چاککراوه‌ته‌وه و لێ دراوه. ئه‌ڵبه‌ته له‌نێو پێغه‌مبه‌ره

دەنگخۆشەکانیشدا ناوی پێغەمبەران (داود) و (سولەیمان) هاتووە.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخـــات کـەوا مێژووی موزیک زۆر کۆنە و مێژووەکەی تێکەڵاوی مێژووی مرۆڤایەتییە و لە سەردەمەجۆراوجۆرەکاندا بۆ زۆر مەبەست بەکاربراوە و هەتاوەکو ئەوەندە بەرز رایان گرتووە، گوتویانە (زمانی فریشتەکانە). هەر لەم ماوە زەمەنییە درێژەشدا زۆر ئامێر و شێوازی نوێی مەقامات و نەغمە و ئاوازی جیاواز هاتوونەتەکایەوە و بۆ هەر جۆرەساتێکی خۆش و ناخۆش، یاخود کۆمەڵایەتی و ئایینی و رامیاری و نەتەوەییەکان جۆرێک موزیکی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەڵبەتە ئەمەش بەپێی جیاوازی فەرهەنگ و کەلتووری گەلان کە هەر گەلە و خاوەنی موزیکی تایبەت بە خۆیەتی.

دیارە گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەر لە دێرزەمانەوە هۆگری موزیک بووە و خاوەنی شێوازی ئاواز و ئامێری موزیکی تایبەتی خۆی بووە و لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە گەلەکەمان لە دێرزەمانەوە ئاشنای موزیک و ئامێری موزیک بووە. بەتایبەت خوریەکان کە هۆزێک بوون لە ناوچەی گۆمی (وان) تا دەگاتە (باکووری عێراق) کوردستانی باشوور نیشتەجێ بوون. لە (١٥٠٠) ساڵ پێش زاین. (بڕوانە گەنجینەی گۆرانی کوردی).

ئەگەر بە چاوێکی زانستییەوە بڕوانینە مەقامات و ئاوازەکوردییەکانی چوون (هۆرە و سیاچەمانە و لاوک و حەیران و سۆزەکان)، ئەوا تێدەگەین ئەم جۆرەسۆز و مەقامانە رەگێکی پتەویان لەنێو ئایینە دێرینەکانی وەک: میترایی و زەردەشتی-دا هەیە و پاش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش لەنێو سروودە ئایینییەکاندا جێگای خۆیان کردەوە، وەک چۆن لەنێو تەواوی کایە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا جێگای خۆیان کردووەتەوە و تێکستی تایبەت بە خۆیان هەبووە.

موزیک و شیعر بوونە دوودیوی دراوێک کە یەکتر تەواو دەکەن، سەرەڕای ئەوەی شیعریش خۆی لەنێو خۆیدا جۆرێک ئیقاع و ریتم و موزیک بوونی هەیە. زۆرجاریش شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بۆ موزیک و ئامێرە موزیکییەکان کردووە. یاخود هانایان بۆ موزیکژەن و گۆرانیبێژەکان بردووە کە بە لێدانی سازەکانیان و دەنگە خۆشەکانیان بە هانایانەوە بچن و دەروونیان ئارام بکەنەوە و موزیکیان بە زمانی عەشق زانیوە و بۆ ئارامکردنەوەی رۆحیان سودیان لێ وەرگرتووە. بەتایبەت موزیک لەنێو شیعری عیرفانی ئێمەدا پێگە و شوێنگەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانیش بە سودوەرگرتن لە شیعری عیرفانی و

تەسەوفی رۆژهەلات، بەتایبەت شاعیرانی فارس زمانی چوون مەولانا و حافز و عەتار و فیردەوسی، موزیکیان بۆ هۆنراوەکانیان تەوزیفکردووە، کە رەنگە سەرمەشقیان مەلەوی تاوگۆزی بێت، کە وەک شاعێرێکی سۆفی مەشرەب پشکی شێری بەردەکەوێت لەم بوارەدا.

## مەولەوی و موزیک

مەولەوی وەک کەسێکی سۆفی و عارف و سەر بە تەریقەت بووە و یەکێک لە ئادابەکانی تەریقەتیش (سەماعە) کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە: (بیستن و گوێگڕاتن، بەڵام لە زاراوەی عورەفادا بریتییە لە شیعرخوێندنەوە بە دەنگی خۆش لەگەڵ موزیکدا کە هەندێ جار هەڵپەڕکێ و سەمای لەگەڵدایە و زۆربەی گرووپە سۆفییەکانیش لە ئادابی تەریقەتی خۆیاندا سەماعیان هەیە، جگە لە تەریقەتی نەقشبەندی کە بەڕەوای نازانێت، بەڵام لێرەدا مەولەوی کە خۆی نەقشی بووە، کەچی زۆر گرنگی پێ داوە و لێرەدا زیاتر وەک قادرییەک خۆی نیشان داوە، هەر لەبەرئەوەشە زۆرجار لەو شیعرانەیدا کە پەنای بۆ ئامێری موزیک و موغەنی و موتریب بردووە زیاتر ناوی دەروێشی بردووە تاکو سۆفی، کە دەروێش پەیڕەوکاری تەریقەتی قادرییە و لە دوایشدا لەکاتی خۆیدا زیاتر ئاماژەیان پێ دەدەین، بە بەڵگەی هۆنراوە، بەبڕوای منیش موزیک لەلای مەولەوی دەکرێت بە سێ بەشی سەرەکییەوە، کە بریتین لە:

یەکەم: گۆرانی و ئامێرەکانی موزیک.

دووەم: موزیک و ریتمەکانی سرووشت.

سێیەم: موزیک و ریتمەکانی دەروون.

کە جگە لە هێنانەوەی نموونەی شیعری، لە هەرسێ بوارەکە دەدوێین:

## گۆرانی و ئامێرەکانی موزیک

وەک لەپێشەوە وتمان مەولەوی تاوگۆزی هەم وەک کەسێکی عارف و هەم وەک شاعیرێکی هەستناسک کاریگەریی زۆری مەقام و گۆرانی و موزیکی لەسەر بووە، بەتایبەت لەوەش کە مەولانارۆمی و پێڕەوکەرانی موزیکیان هێناوەتە ناو عیرفانی ئیسلامییەوە و مەولەویش زۆر هۆگری مەولانابووە و کاریگەری شیعری ئەوی لەسەر بووە، موزیک و گۆرانی پێگەی تایبەتییان لای هەبووە و کاریگەری زۆریان لەسەر گیان و دەروونی هەبووە، بۆ راستی ئەم قسەیەش سەرەتا دوو رووداو لە ژیانی مەولەوی دەگێڕینەوە، پاشان نموونەی شیعرییش دەخەینەڕوو:

یەکەم: مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە بەرگی دووەمی یادی مەرداندا دەفەرموێت:

خوالێ خۆشبوو سەید ئەحمەدی عازەبانی بۆی گێڕامەوە و گوتی: سەید حەسەنی موفتی داوای حەبیبەخانی کچی شێخ عەلی عەبابەیلێ ئەکا و ئەیدەنێ. جا کە لە سلەیمانییەوە ئەڕۆن بۆ عەبابەیلێ بە شوێن بووکدا. شێخ عەلی باوکی بووک بە مەولەوی ئەڵێت: مەولەوی من کەسم نیە، لەگەڵ حەبیبەدا بینێرم بۆ سلێمانی و لە تۆ مەحرەمترم نیە بە ماڵی ئێمە، لە گەڵی برۆ. ئەویش لەگەڵ بووکدا ئەڕوا، لەڕێگادا بە عادەتی برازاوا دەست ئەکەن بە گۆرانی وتن، یەکێ لەو کۆمەڵە کە ناوی(حەمەی ئامین)بوە. دەنگی زۆر خۆش بووە دەست ئەکا بە (قەتار) و (ئای ئای) وتن بە شیعری مەولەویەوە، مەولەوی کە بە سواری وڵاخەوە، لەبەر خۆشی دەنگی حەمەی ئامین جەزبە ئەیگرێ و بەجۆرێ لە حاڵەتی تەبیعی دەرئەچێ و ئەکەوێتە خوارەوە. خەڵکەکە دائەبەزن و ڕاستی ئەکەنەوە و سواری وڵاخەکەی ئەکەنەوە و لە حەمەی ئامینیش توڕە ئەبن. ئەڵێن خەتای تۆ بوو وا مەولەوی کەوتە خوارەوە، حەمەی ئامینیش دێ بەلای مەولەویەوە و ئەڵێ: قوربان بۆچی وات پێ هات. خۆ من هەر شیعرەکانی خۆتم ئەخویندەوە؟ ئەویش ئەڵێ: کەی شیعری من ئەوەندە خۆش و بە تەئسیرە؟ بەخوا خەتای ئاوازەکەی تۆ بوو.

دووەم: مەولەوی ڕۆژێکیان لە هەڵەبجە بەلای زەماوەندێکدا تێ دەپەڕێ، سەیر دەکات ژنێکی دەنگخۆشی (نەبات) ناو گۆرانی بۆ ژنانی هەڵپەڕکێکەر دەڵێت و لەولاشەوە پیاوێکی دەنگخۆشی (فەرەج)ناو گۆرانی بۆ پیاوان دەڵێت. لایان ئەوەستێ و دەست ئەکا بە سەیرکردنیان. وە بۆ پاساودانی ئەو سەیرکردنەی نامەحرەم، ئەم شیعرە دەڵێت:

**لە صەدای (نەبات) لە چریکەی (فەرەج).**

**لەسەر مەلاو شێخ نەماوە حەرەج.**

واتە: لە خۆشی دەنگی (نەبات)و چریکەی (فەرەج)وا مەلا و شێخ هەموو شێت بوون و هەرچی بکەن گلەییان لێ ناکرێ، چونکە شێت تەکلیفی لەسەر نییە.

مەولەوی وەک عارفێکی سۆفی مەشرەب. زۆر هۆگری سەدا و نەوای ئامێرە موزیکییەکان بووە و هەمیشە بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانی و نقومبوون لە سەفای عاشقانە و جۆش و خرۆشی عارفانەی داوای لە موتریب و موغەنی و دەروێش و نەیچی و دەفژەن دەکات بە نەوای ئالەت و سازەکانیان و سەدای مەقام و گۆرانییەکانیان لە تەک پیاڵەی شەرابی مەعنەوی ساقیدا بە ئاوی سازگاری ئاسمانی دڵی پڕ جۆش و خرۆش و ناخی کوڵاوی ئارام بکەنەوە و تەسکینێ

بدەن بە گیانی ئۆقرەی.

لەدوای شەنوکەوێکی وردی دیوانەکەی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە پەیوەندییان بە موزیک و گۆرانییەوە هەیە، دەرمانهێنان و لێرەشدا دانە دانە دەیانخەینەڕوو، نموونەی شیعریان بۆ دێنینەوە و ئەوکاتە دەزانین کە مەولەوی وەک شاعیر و عارفێک چەند ئاگاداری موزیک و گۆرانی بووە:

دەف/ وەک ئامێرێکی کوردانە و سازی نێو کۆڕی دەروێشان، مەولەوی وەک شاعیرێکی کورد و بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم ئامێرە کوردانەیەی نێو کۆڕ و سۆز و حاڵی دەروێشان لە دیوانەکەیدا زیاد لە پانزە جار هاواری کردووەتە دەروێش و دەفژەن کە بە دەفەکەی و ساقی بە جامی بادەوە کۆڕی بۆ گەرم بکەن، وەک:

**با بێدارکەر و تاکەی بۆ غافڵ**

**دەف وە صەداگیان جام وەڕەشحەی دڵ**

واتە: با بێدار بکاتەوە. تاکەی بێ ئاگای، دەنگی دەف گیان ڕاچڵەکێنێت و نەرم و تەڕی جامیش دڵ.

یاخود:

**سادەروێش کەفێ بدەنە رووی دەف گیان مونتەزیرەن پەرێ ریزەی دەف**

یان:

**چون دەف بەرگ پوس ئیرادەت پۆشم غوڵام بەردەس حەلقەنەگۆشم**

واتە: وەکو دەف پێستی خۆشەویستیم بۆ ئەو لەبەرکردووە و ئەڵقەی بەندەگیشم کردووەتە گوێم.

نەی: وەک ئامێرێکی ڕۆژهەڵاتی کە کۆڕ گەرمکەری مەجلیسی غەریب و بێ نەوایانە و زۆربەی شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا ئاماژەی بۆ دەکەن. بەتایبەت شاعیرێکی گەورەی وەک مەولانای رۆمی لە شاکارە بەناوبانگەکەی خۆیدا کە دەڵێت:

**بشنوازنی چون حکایت می کند ازجدایها شکایت می کند**

واتە: گوێ رادێرە لەنەی چۆن حەکایەت دەگێڕێتەوە و سکاڵا لە دەستی دووری و جیایی دەکات.

مەولەویش وەک خوێندکارێکی قوتابخانەی عیرفان و تەریقەت. لە دیوانەکەیدا زیاد لە بیست و پێنج جار ئاماژەی بە ئامێری نەی کردووە و داوای لە نەیژەن کردووە کە نەی بۆ لێبدات، وەک:

**بێ ئەمری فەرمان. ئازیزتاوەکەی**

**هادەروێش. نەی چی. مەی چی. دەف. نەی.**

واتە: تاکەی بێ فەرمانی ئازیز بکەم و نەچم بۆ لای. دەروێش دەستم بەدامێن. زووکە بدە لە دەفەکەت و نەیچی تۆش نەیەکە بنێ بەدەمتەوە و ساقیش دەست دەکات بە مەی گێڕان.

سەمتور: ئامێرێکە رۆڵێکی گەورەی هەیە لە کۆڕ و مەجلیسی گۆرانی و موزیکدا و دەنگ و نەوای تایبەتی خۆی هەیە و مەولەوی لە دیوانەکەیدا زیاد لە شەش جار ئاماژەی پێداوە، وەک:

**مغنی کۆکەرسازانت وەهەم**

**سەمتورێ، تارێ وەهەم کەرەجەم**

واتە: گۆرانیبێژ سازەکانت لە سەمتور و تارکۆکەرەوە.

کەمانچە: یەکێکی تر لەو ئامێر و سازانەیە کە مەولەوی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێداوە، وەک:

**زرنگەی صەدای ساز جەڕیشەی ئەعزام**

**کەمانچە دەستور. ماوەرۆ مەقام**

واتە: زرینگەی دەنگدانەوەی ئەو سازەی کە لە ریشەی ئەندامەکانی لەشم دروست کراوە، وەک کەمانچە ئاوازی لێدێ، مەولەوی لەم شیعرەیدا لەشی چواندووە بە ساز و دەمارەکانی لەشی چواندووە بە تاڵەکانی ژێی سازەکە، وە لەبەر زۆری ئازاری لەشی زریکەیەکی بە خەیاڵ بۆ داناوە و ئەو زریکەیەی چواندووە بە ئەو ئاوازەی کە لە کەمانچەکەوە بەرز دەبێتەوە.

تەمبور: یەکێکە لەو ئامێرانەی کە زیاتر لە کۆڕ و مەجلیسە ئاینییەکاندا بەکاردێت، بەتایبەت لەلای ئاینی یارسان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و لە رێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن. مەولەوی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بەم جۆرەسازە داوە:

**لولەی تەراویح وەش وەش مدۆ دەنگ**

**بی ئاهەنگەن تار، تەمورەی ئاهەنگ**

واتە: شمشاڵی تەراویح خۆش، خۆش، دەنگی لێوەدێ و تار و تەمورەی ئاهەنگ و ڕابواردن خۆشی لێ بڕاوە و دەنگی نایە.

تار: ئەمیش یەکێکی ترە لەو ئامێرانەی کە لە کۆڕ و مەجلیسی گۆرانی و موزیکدا رۆڵی خۆی هەیە و مەولەویش چوار جار لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بەم جۆرە سازە داوە:

**مغنی کۆکەرسازانت وەهەم**

**سەمتورێ تارێ. وەهەم کەرەجەم.**

زیل و بەم: دوو ئامێری تری موزیکن، کە مەولەوی لە دیوانەکەیدا ناوی هێناون:

**سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن**

**خەفەت شادیشەن. خەم دەماخ بەرزەن**

مغنی و موتریب: هەردووکیان بە واتای گۆرانیبێژ دێن، کە موغەنی چەند پلەیەک لە موتریب باڵاترە، کە مەولەوی لە هۆنراوەکانیدا لە زۆر جێدا پەنای بۆ بردوون کە بە دەنگەخۆشەکانیان ئارامی پێ ببەخشن:

**ساقی. مەی. هەی داد. مغنی چەنگێ**

**نەی چی. های فەریاد. موتریب. ئاهەنگێ**

ساز و چەنگ: لە زۆر شوێندا ئەم دوو وشەیە بەکاربراون، کە بە واتای ئامێری موزیک دێن.

(سەدا، نەوا، چریکە، سەلا، سۆز، بەزم، نەغمە، زایەڵە، ئاهەنگ، ناڵە،...) مەولەوی لە دیوانەکەیدا زیاد لە شەست جار ئەم وشانەی بەکاربردووە. وەک دەنگی ئالەتی موزیک و گۆرانی و مەقامی بەکاربردووە. کە کەم شاعیر هەیە بەم شێوەیە ئەم وشانەی بەکار بردبێت.

مەقام: (هەوایەکی کۆنی هونەری گۆرانی گەلانی رۆژهەلاّتە). کە لای خۆمان بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی، گۆرانی دابەش دەکرێت بۆ مەقام و بەستە و دیارە مەقامیش چەندان جۆری هەیە، مەولەویش زیاد لە حەوت جار لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە مەقام داوە، بە واتای شێوازی گۆرانی و چەندان جاریش وەک پلەوپایە وشەی مەقامی بەکاربردووە.

**تاموتریب وەساز حەنجەرەی بێ گەرد**

**هۆردۆ مەقامێ دەواکەرۆ دەرد**

بەشێوەیەکی گشتی مەولەوی لە دیوانەکەیدا ناوی زیاتر لە هەژدە ئامێری موزیکی هێناوە، کە بریتین لە:

(دەف، نەی، سەمتور، کەمانچە، تار، کەمان، رووباب، تەمورە، لوولە، ساز، تار، نقار، سورنا، زەنگ، تاس، دائیرە، کووس، تەپڵ،... هتد).

هەروەها لەبەرئەوەی کە مەولەوی شیعرەکانی لەسەر کێشی پەنجەی دە برگەی خۆماڵی نووسیوە زۆرێک لە شیعرەکانی کراون بە گۆرانی و یەکێکە لەو ژمارە کەمە لە شاعیران کە هۆنراوەکانی لە هۆرە و سیاچەمانە و مەقامەکانی گەرمیاندا بەکاربراوە.

## موزیک و ریتمەکانی سرووشت

سرووشت وەک سەرچاوەی سەرەکی هەموو دەنگ و ئاوازە خۆشەکان هەمیشە، مرۆڤ بە ریتم و ئیقاعە رەسەنەکانی خۆی، مرۆڤی سەراسیمە کردووە و هەندێک پێیان وایە کە مرۆڤ بۆئەوەی لاسایی سرووشت بکاتەوە، موزیک و گۆرانی داهێناوە. چوون هەر کە لەگەڵ هاتنە ناوەوەی بۆ ناو سرووشت گوێی لە (چریکە و قاسپە و جریوە و هاڕە و هاژە و بانگ و قریوە و حیلە و خڕەنگە و تریقە و هاوار و خشپە و قاسپە و خوڕە و لەرە و لورە و گڤەی)باوباران و باڵندە و درەخت و ئاو و مرۆڤ و گیانەوەران بووە و دەستبەجێ پێیان سەرسام بووە و لەمێشکیدا جێگیر بووە و چێژی تایبەتی لێیان وەرگرتووە و هەمیشەش ویستوویەتی لاسایی ئەم دەنگانە بکاتەوە، بۆیە مەولەویش وەک شاعیرێکی رۆمانتیک و دۆستی سرووشت هەمیشە شەیدای ئەم دەنگ و ئاوازانە بووە و ئیلهامی لێ وەرگرتوون و لە شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە و لە هەرلایەکی دیوانەکەیدا گوێمان بەم دەنگانە دەزرەنگێتەوە. کە لە دیوانەکەیدا زیاد لە بیست جۆر لەم دەنگانە بەکاربراوە، کە بریتین لە:

(ناڵە، هاژە، چۆڕە، لرفە، خشپە، چریکە، گرپە، قرچە، زرنگە، تریقە، تریکە، ترپە، تەقە، کزە، گرمە، هەوهەو، بەوبەو، شریخە، زیڵە، خڕە، وەلوەلە، خشە، شەقە،... هتد). ئێستاش چەند نموونەیەکی شیعری لەبارەی ئەمانەوە دەخەینەڕوو:

**هەوای هاژەی تاف، بەردەبی هۆشم**
**بەلاّی ئای چەند بەیت ئامانەگۆشم**

یان:

**دروستی و هەڵمەت قەزا و خەیاڵ**
**ناڵە و نار و دوود و رەعد و بەرق و هەور**

یاخود:

**هام دەردان ئامان ئەرمەندەن هۆشم**
**سەدایی وەشەن مەیۆنەگۆشم**
**چمان زیڵەی زەنگ زەواری مەیۆ**
**زرنگەی قافڵەی وەهاری مەیۆ**

یاخود لە وەسفی زەماوەندێکی کوردانەدا، سەیرکەن چۆن وەسفی دەنگ و هەرا و دەنگدانەوەی خشڵ و زێڕ و دەنگی پێیەکانیان دەکات:

**سەدای (لاوهەی لاو) زڕەی زەڕ زنجیر**
**سڵسڵەوبانی سەربەندزرێ و لاگیر**

زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگەڵەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق و زەوق و بەرق، فەرق زەڕکڵاو
ورشە و پروشەی خووی کوڵم بۆ گوڵاو
شەقە و تەقەی گەرم، چەپڵە و چیڵەی نەرم
چریکەی وەناز، تریکەی وەشەرم
یاخود لە شوێنێکی تردا دەڵێت:
شاخەی شریخەی خشڵ نیمەڕەنگ
فڕەی خۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت، گریشمەی بێ خەوش
وەلیمۆی ئاڵای کاڵای باڵاشەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ، دڵ وەخەمان تەنگ
خەمیا و چەمیای نازنیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان.

### موزیک و ریتمەکانی دەروون

مەولەوی وەک کەسێکی دڵناسک و هەستیار و گوێگر، تەنها لە جیهانی دەرەوە و لە ئامێزی موزیک و گۆرانی و مەقامەکان و سرووشتە و گوێی لە ئاواز و ریتمە موزیکالەکان نەبووە، بەڵکو هەندێ جار لەنێو ناخی خۆیدا و تەنانەت لە ئازار و خەمەکانیشیدا پەی بە جۆرێک لە موزیک دەبات، یاخود وێنایەکی موزیکاڵیان پێ دەبەخشێت. وا هەست دەکات تەنانەت لەنێو خەم و ئازار و دەردەکانیشدا جۆرێک لە موزیک هەیە کە تەنها خەیاڵی وردی شاعیر پەیان پێ دەبات و لە چوارچێوەی وێنەی شیعری ناسک و جواندا دەیانخاتەڕوو. ئەگەر ئێمە تۆزێک بەوردی لە شیعرەکانی رامێنین، ئەوا لە زۆرشوێنی دیوانەکەیدا ئەم جۆرە وێنەشیعرییانەمان بەرچاو دەکەوێت و وائێمەش لێرەدا تەنها بە چەند نموونەیەک پشتگیری لەم بۆچوونانەمان دەکەین:

ورشەی پرشەی تاو، کورەکەی جەستەم
شەرارەی لوولەی پێشەی شکستەم
گرمە و پزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق و بریسکەی شوعلەی شەرارە

**شاخەی شریخەی برووسکەی دەروون**
**نەچەم شەتاوان جاری کەردچون هوون**
**نەچەم مدۆلافاو هوون دجلەی دڵ**
**نەخوارەی چەم هورمشانۆ گڵ**
**کای دڵم نەگێج مەوج فەنادا**
**مۆلەقەن نەگێج خوف و رەجادا**

یان:

**جەقرچەی قاوەی جەرگ جەفاکێش**
**جەوەلوەلەی دەرد دەرون پڕێش**
**جەکزەی هوونا و نەچەم سەرکەردەم**
**جەسەنگینی بارقامەت خەم وەردەم**
**جەبی خاوی شەو ئەلوەدای سەحەر**
**جەناڵەی ئەعزا، جەسۆزەی جگەر**
**جەهاوای تەن. جە ئەلوەدای گیان**
**جە یاوای فەڵەک. ناڵەی (لامان)**

یان:

**کزەی خەم چوون مووخەم پەنەش وەردەن**
**دووریت خۆ یەکجار تەمامش کەردەن**
**وەخت جۆش دەرد کزەی ناڵەی سەرد**
**گوم بۆ نەگێجا و گەردەلوول دەرد**

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

- دیوانی مەولەوی، عبدالکریم مدرس، انتشارات کردستان، ١٣٨٩.
- یادی مەردان، بەرگی دووەم، عبدالکریم مدرس، انتشارات کردستان، ١٣٨٥.
- گەنجینەی گۆرانی کوردی، عوسمان شارباژێری، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- رساله عشق له مەولەوی ناسیدا، سۆران سنەی، انتشارات صلاح الدین ایوبی.
- موسیقی و جایگاه ان نزد مولانا، مستەفا علیزادە، ئینتەرنێت.

# ڕۆمان و ڕەخنە

نەجات نوری

ئەو پرسیارەی زۆرکات دەربارەی ڕۆمان دەکرێت، لەلای بەشێک لە خوێنەران ئەوەیە، ئایا ڕۆمان خۆی لە چەمکی ڕەخنەدا دەبینێتەوە، یان دەبێت ڕۆمان ئەم پەیوەندییە لەخۆ نەگرێت، چونکە ڕەخنە ویستی ڕۆماننووسان نییە لە کاری ئەدەبیدا و دەبێت ئەم جۆرە ئاماژانە لە دەقەکانیدا بەجێبهێڵن بۆ کەسانی تر. لای بەشێک لەو خوێنەرانە داوایەکی سەیر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێک نابێت ڕۆماننووس کار لەسەر بوونی ڕەخنە بکات لە دەقەکانیدا، چونکە ئەو جۆرە ڕەخنانە کاری ڕۆژنامەنووسە و دەکرێت بە گۆشەیەک، یان بە گوتارێک بینووسێت و لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوی بکاتەوە. بەشێکی تر لە خوێنەران ئەوەندەی لەزەت لەو ڕەخنانە وەردەگرن کە لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا بە هەموو ئاماژە جۆراوجۆرەکانییەوە دێتە بەرچاویان و سوودی لێ دەبینن، لە هیچ ڕەخنەیەکی تر پێی ناگەن. ئەو خوێنەرانە لایان وایە مادەم ڕۆمان کارکردنە لەسەر شتە ورد و هەستیارەکانی دەوروبەرمان و شتە ڕاستییەکانمان بۆ دەگۆڕن بە دەقی ئەدەبی و لەو ڕوانگەیەوە گەلێک مانای ترمان پێ دەبەخشنەوە، دەکرێت ڕۆمان بە هەموو پێوەرێک ببێتە دەقێکی ڕەخنەی بۆ ئەو شتە ورد و

گەورانەی ناویان دەهێنرێت و رۆماننووس درکیان پێ دەکات. ئاوا رۆمان دەکەوێتە بەردەم دیدی دوو جۆر خوێنەرەوە و ئەو خوێنەرانەی کە لە بیری رۆماننووس و وێنە جیاجیاکانی دەق تێ ناگەن، هەمیشە دەیانەوێت رۆمان شتێکی کاتی و خۆشییەکی کورتیان پێ ببەخشێت و ئیتر بەشوێن هیچ مانایەکی تردا لە رۆماندا نەگەڕێن، ئەم جۆرە خوێنەرانە ناتوانن کارەکتەر و شوێن و مێژوو و ئایدیاکان لە رۆماندا لێکبدەنەوە و مانایەکیان پێ ببەخشن و شیکارێکی وردی ناوەرۆکی دەقەکان بکەن، نایانەوێت بە هۆکارە دژوار و ناتەندروستەکانی ناو کۆمەڵگا بگەن، لای ئەم خوێنەرانە ئەم جۆرە وێنانە لە دەقدا دەقەکە دەمرێنێت. ئەم شێوە خوێندنەوانە، لای ئەم جۆرە خوێنەرانە پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر لەیەک جیادەکاتەوە پەیوەندییەکان دەکات بە پەیوەندییەکی دژوار و لێکدابڕاو بۆ گەیشتن بە ماناکانی دەق. کەچی لای ئەو بەشەی تری خوێنەر کە پێیان وایە دەبێت رۆمان کار لەسەر وێنە شاراوە و کارە کوشندە و ناتەندروستەکانی ناو کۆمەڵگا بکات بە هەموو شتە وردو گەورەکانیشەوە و ئەم خوێنەرانە نایانەوێت رۆمان بەدەربێت لە رەخنە بۆ هەموو شتە پیرۆز و نا پیرۆزەکانیش، نایانەوێت دەقێک بخوێننەوە کە هەڵگری ماناکانی رەخنە نەبێت بۆ هەموو ئەو شتانەی روویانداوە و روو دەدەن، نایانەوێت هیچ کەسایەتییەک نەخرێتە ناو وێنە جۆر بەجۆرەکانی رۆمانەوە، پێیان وایە رۆمان بۆیە رۆمانە و جێگەی گەلێک رووداو و کاراکتەر و وێنەی جیا جیای تێدا دەبێتەوە، دەبێت لەم روانگەیەوە رۆماننووس دەقەکەی نەکاتە دەقێکی سۆزداری لابەلاو پەیوەندی بکات بە شتێکی کاتییەوە و ئیتر شتە گرنگ و وێنە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا نەکاتە بنەمای ناو دەقەکەی، لای ئەم جۆرە خوێنەرانە چونکە باشتر لە دەق و وێنە جیاجیاکان تێدەگەن و بیری نووسەر و ئاماژە شاراوەکان لە دەقەکاندا دەدۆزنـەوە، نایانەوێت رۆمان دووربێت لە کاری رەخنەی و تێهەڵکێش نەکردنی ئەو شتانەی کە رۆژگار لە خەڵکیان وندەکات. لای ئەم خوێنەرانە رۆمان گرنگییەکەی لەوەدایە کە ناهێڵێت گەلێک شتی دەگمەن و ورد و رووداوی جۆربەجۆر رۆژگار ونی بکات لێمان و دەسەڵاتە جۆر بەجۆرەکان بیشارنەوە، رەنگە ئەم دیدەی ئەم جۆرە خوێنەرانە لە جێگەی خۆیدابێت بۆ رۆمان، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوەدانین رۆمان خۆی بخاتە ئەو چوارچێوانەوە بۆ درکاندن و خستنەڕووی رووداوەکان لەناو دەقێکدا. ئەوەی رۆماننووس بە زمان لە رۆمانێکدا جارێکی تر وێنەی گەلێک شتی ونبوومان بۆ زیندوو دەکاتەوە و زۆرکات دەیانکاتە جێگەی گفتوگۆی نێوان رەخنەگران و خوێنەران و کەسانی تر، رەنگە هیچ کەسێکی تر

نەتوانێت ئاوا ئەو وێنانە زیندوو بکاتەوە. کاری رۆماننووسیش گەڕانە بەشوێن وێنە جۆر بەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگادا و کەسایەتییە جۆر بەجۆرەکان بدۆزێتەوە و رووداوە شەرمن و کوشندە و خوێناوییەکان لەناو پێکهاتەی گەمەی دەقدا، دەقێک یان چەند دەقێکیان لێ پێک بهێنێت و بیروڕای خۆی لەسەر ئەو وێنانە لە دەقدا جێگیر بکات، هیچ گومانێکیش نییە زۆربەی ئەو دەقانەی کار لەسەر زیندووکردنەوەی وێنە شاراوە و دژوارەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن، لەو جۆرە دەقانەن کە بۆ هەمیشە بە زیندوویی لە لای خوێنەری رۆژگارەکانی تر دەمێننەوە و دەبنە شایەتحاڵی رۆژگار و وێنە جیاجیاکانی سەردەمی رۆماننووسان خۆیان. بەشێک لەو رۆمانانەی کە تاکو ئێستا خوێندوومانەتەوە بە جیاوازی شوێنی رۆماننووسەکانەوە لە نزیک و لە دوور تێبینی دەکەین ئەو ئاراستەیەی زۆربەی رۆماننووسانی دونیا لە رۆماندا کاریان لەسەرکردووە لە رووی ناوەرۆک و فەلسەفەی دەقەوە، دەچێتەوە سەر بوونی رەخنە، رەخنە بە هەموو گوتارە جیا جیاکانییەوە، رەخنە لە سیاسەت، لە ئەخلاقی کۆمەڵگا، لە داب و نەریت، لە جەنگ و لە بوونی مرۆڤ، لە کێشە جۆر بەجۆرەکان، لە کەسایەتی پیرۆز و شەڕانی، لە شتی ورد و گران، لە هەڵماڵینی گەلێک نهێنی کوشندە لە شار و رووداوە خوێناوییەکاندا، رۆماننووسان گەلێک جار گوتارە فەلسەفی و رەخنەییەکانیان لەگەڵ ئـەو رووداوانـــەدا جێگە کـردووەتـەوە و زۆر بە باشیش تێیدا سەرکەوتووبوون. ئەو رۆمانانەی گرنگی بە بوونی مرۆڤ دەدەن و لە رێگەی دەقەوە بەرگریی لە ژیانی دەکەن و رەخنە لە کاری مرۆڤکوژان و بیر و خووە سەیرەکان دەگرن لەپێناو درککردنی خوێنەردا، ئەو گوتارە رەخنەییانە لە رۆماندا جێگە دەکەنەوە، لەم روانگەیەیشەوە رۆمان دەبێت بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ تێگەیشتنی خوێنەر و کەسانی تر لەو رەخنانەی رۆماننووس کاری لەسەر کردوون لە دەقەکانیدا، دەبێت ئەوەش بڵێم زۆرکات هەر هۆکاری ئەو رەخنانە بووە لە دونیادا کە بووەتە قەدەغەکردن و سووتاندنی گەلێک رۆمـان و راوەدوونـان و گرتنی رۆماننووسان لەپێناو ئەو رەخنانەی لە دەقەکانیاندا خستوویانەتە روو، لای بەشێک لەو کەسانەی لە دەق تێدەگەن ئەو رەخنانەی لە رۆمانەکاندا بە وێنە جۆر بەجۆرەکانەوە دەخرێنە روو بۆ کێشە جیا جیاکان تا زەمەنێکی زۆر لە بیری خوێنەراندا دەمێنێتەوە و هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی تر. ئەو کەسایەتییانەی لە رۆمانەکاندا دەردەکـەون، هەمیشە تا زەمەنێکی زۆر لای خوێنەران لەبیر ناچنەوە و لێکدانەوەی جۆر بەجۆریان بۆ دەکرێت، هەر ئەمەیشە وای کردووە ئەو رەخنانەی لە رۆماندا دەدرکێندرێن

ببێتە هۆکار و دەستخۆشی لای گەلێک خوێنەر و کەسی تر و دەیشبێتە هۆکاری نەفرەت و تورەی ئەو کەسانەی دەقەکە لە بەرژەوەندییاندا نییە و خۆیان بە نەفرەت لێکراویی تێدا دەدۆزنەوە، رەنگە لای من ئەمە وەزیفەی رۆمان بێت، نەک شتی تر. کاتێک ئێمە دەقێکی وەکو رۆمانی (مندالآنی گەرەک)ی نەجیب مەحفوز دەخوێنینەوە، لە زۆر شوێنی دەقەکەدا بەردەوام تووشمان دەبێت بە تووشی ئەو کەسایەتییانەوە کە دوور و نزیک لە هاوشێوەی ئەوانەی ناو دەقەکەدا بینیومانن، ئەم رۆمانە لێوانلێوە لە رەخنە لە هەموو ئەو گرفتانەی کە کۆمەڵگای میسری و گەلێک کۆمەڵگای تریشی پێوەیان گیرۆدەیە، رەخنە لەم رۆمانەدا بەشێکی زۆری بۆ کەسایەتییەکان و رووداوە مێژووییەکان داگیرکردووە، رەخنە لە ئەقڵییەتی سەرمایەداریی و ئاینی و ئەوهۆکارانەی ناهێڵن کۆمەڵگا بکەوێتە سەر پێی خۆی، ئەگەر رەخنەکانی ناو ئەم رۆمانە نەبوایە، ئەم دەقە دەبووە دەقێکی مردوو و نەیدەتوانی تاکو ئێستا ببێتە جێگەی گفتوگۆی نێوان توێژە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگای میسری و دەرەوەیشی. ئەوە تێبینی دەکرێت لەو رۆمانانەی دەربارەی لەناوبردنی جولەکەکان لە سەردەمی دەسەلآتی هیتلەردا نووسراون، بەشێکیان بە ئاراستەی رەخنە لە جەنگ و لە خوێنڕشتن و لەناوبردنی مرۆڤ لەسەر ئاین و بیروڕای جیاواز کاردەکەن، رەخنە لەو شالآوە کوشندانە دەگرن کە بوونەتە هۆکاری لەناوبردنی هەزاران هاولآتی جولەکە، ئەم رۆمانانە لەژێر ماناکانی رەخنەدا هاتوون دەیانەوێت ئیتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەژێر ویست و رفتاری کەسە دڕندەکاندا نەبێتە جێگەی ئەو جۆرە شالآوە ترسناکانە، بەم جۆرە دەبینین رۆمان هەمیشە کاری لەسەر بوونی رەخنە کردووە و نەیتوانیوە زۆرکات دەستبەرداری ئەو ئامانجە گەورەیە ببێت، ئۆرهان پاموک لە رۆمانی (بەفر)دا کار لەسەربوونی ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکان دەکات و رەخنە لەو بیرانە دەگرێت کە خەریکی سڕینەوەی بوونی یەکترین و ناتوانن یەکتری قبولْ بکەن، لە رۆمانی (کاتژمێری بیست و پێنج)دا رۆماننووس زۆر بە قوڵی هەموو بیروباوەڕەکانی دونیا دەخاتە بەردەم رەخنە و هەموویان بە هیچ دەزانێت و بانگەوازی ئەوە دەکات هەموو ئایدیۆلۆژیاکان لەبەرژەوەندی کۆمەڵێک کەسدان و ئیتر بۆ سڕینەوەی کۆمەڵگا جۆر بەجۆرەکان پێکەوەنراون، رۆماننووس دەخوازێت هەموو ئەو بیروباوەڕانە فڕێبداتە دەرەوەی بیری خەڵکی و بە نەفرەتیان بکەن، چونکە بۆ قڕکردنی مرۆڤایەتی راگەیەندراون. لە رۆمانی (هـەزار خۆری درەوشاوەی) خالیدی حوسەنی-دا ئەو هۆکارە دەردەخات کە جەنگ و ناعەقلآنی هێزە جۆربەجۆرەکان کۆمەڵگای ئەفغانیان داڕزاندووە و ناهێڵن ئەو کۆمەڵگایە

وەکو خۆی بۆ خۆی بژی، ئەم رۆمانەش وەکو بەشێکی تری هەموو رۆمانەکانی دونیا کاری لەسەر بوونی ئەو مرۆڤە بەدبەخت و چارە رەشانە کردووە، کە ناتوانن لە نیشتمان و خاکی خۆیاندا بژین، ئەم رۆمانە بەو وێنە جۆربەجۆرانەوە پڕە لە رەخنە، لە رەفتاری تاک و ئەو هێزانەی ناهێڵن خەڵک بیر لە چارەنووس و تەمەنی خۆیان بکەنەوە، تا ئەو پەڕی تێکشکاندن تا بە تاکی خەڵک بەرەوهەڵدێر دەبەن. لە رۆمانەکانی یەشار کەمال-دا ئاغا و خەڵکە رەش و رووتەکە، هێزی شەڕانی و هێزی ئەوانەی داوای بوونی خۆیان دەکەن، هێزە سەرکوتکەر و نادادپەروەرەکە بەردەوام تەوەری ئەو رەخنانەیە یەشار کەمال تێیاندا کار دەکات و ئاراستەی بوونی مرۆڤ لەژێر هەژموونی کەسە جۆربەجۆرەکاندا رەخنە دەکات، ئەوەی یەشار کەمال لە رۆمانەکانیدا لێیان دەدوێت پڕە لە رەخنە لە ئیرادەی چاکە و خراپە، ئەو دوو ئیرادەیەی لە هەموو شوێنێکدا پێکدا دەدەن... جۆرج ئۆروێل لە رۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)دا ئەو کۆدانە لێک دەداتەوە کە هێشتا گەلێک خوێنەر درکیان پێی نەکردووە، ئەو نهێنییانە دەخاتە روو کە دواجار ئەو کەسانەی سۆسیالیزم بنیات دەنێن و دواتر لە سەر بوون و ژیانی کۆمەڵگا چۆنچۆنی دەیکەنە بنەمای خێر و خۆشی بۆ خۆیان و کەسانی تری پێ دەچەوسێننەوە، ئەو رەخنانەی جۆرج ئۆروێل لەم رۆمانەدا دەیانخاتە روو جۆرە رەخنەیەکن کە دواجار بوو بە هەڵگری زۆر مانا و لێکدانەوە لای بەشێک لە خوێنەران و



**یەشار کەمال**



**جۆرج ئۆروێل**

ڕەخنەگران و کەسانی تر، کەس نییە لەدوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە ئەو پرسیارە نەکات، ئایا سۆسیالیزم مرۆڤایەتی لە نادادپەروەریی ڕزگار دەکات، هیچ خوێنەرێکیش ناتوانێت ڕەفتاری بەرازەکانی ناو ئەم ڕۆمانە وا زوو لەبیر خۆی بەرێتەوە.

ئاوا بەشێک لە ڕۆماننووسانی دونیا لەڕێگەی ڕەخنەی ناو ڕۆمانەکانیانەوە وەکو شایەتحاڵێکی سەردەمەکەی خۆیان دەمێننەوە و کار بۆ خستنەڕووی هەموو ئەوکێشە و گرفتانە دەکەن کە ڕوودەدات لەلایان، دەبنە کەسانێک کە دەتوانن بەشێک لەو ڕووداو و ئەو خراپەکارییانەی دەیبینن لە چوارچێوەی ڕۆماندا، جێگەی بکەنەوە و بۆ خوێنەرانی ڕۆژگـارە جۆربەجۆرەکانی بەجێبهێڵن، ئەوکاتانەی ئەو ڕۆماننووسانە بیر لە جوگرافیا و هۆکارەکانی دەوروبەری خۆیان دەکەنەوە ئەوەی لە جەنگ و ئازار و خراپە هەیە تێبینی دەکەن ناتوانێت لێی دابېڕێت، تەنانەت ئەو شتە بچووکانەشی دەکەونە نزیکی ئەو ڕۆماننووسانەوە زۆر کات دەبنە بەشێک لە ڕۆمانەکانیان. بڕواناکەم هیچ کەسێک بە قەدەر ڕۆماننووسەکان هەستیار و وردبن بۆ ئەو شتانەی لە دەوروبەریان ڕوودەدەن... کام ڕۆماننووس هەیە ئەگەر ویستی ڕۆمانێک بۆ ئەم ڕووداوە بنووسێت و ڕەخنە لەو ئەقڵییەتانە نەگرێت لە دەقێکیدا کە دەبینێت (کیژێکی کوێر لەلایەن کوڕێکەوە سکی پڕدەکرێت و ئیتر خۆی لێ دەشارێتەوە و دواجار کەسوکارەکەی لە نیوەشەوێکی سارد و باراناوییدا لەژێر بنمیچی خانوویەکی داڕووخاودا دەیکوژن...). بۆیە ڕۆمان ئەگەر بەتەنیا گێڕانەوە بێت و دوور بێت لە ڕەخنە، کەواتە هەموکەسێک دەتوانێت ببێت بە ڕۆماننووس.

# وێنە زمانییەکان
# لە (کەسێک لێرەوە تێپەڕی)ی شالاو حەبیبەدا




حەمە مەنتک



دوای پەیدابوونی رەوتی بونیادگەری، بۆ توێژینەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکان، گرنگی بەرچاو بە زمان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان درا. بەتایبەت بونیادگەرەکان، بەرهەمی ئەدەبییان لەسەر بنەمای زمان شی دەکردەوە. هەروەها دەقیان لە دەورووبەر دادەبڕی. ئەوان کاریان بەسەر نووسەرەوە نەبوو، بەڵکو ئەوان دەنێو دەقدا توێژینەوەیان دەکرد. بە رای (رۆلان بارت) رەخنەکارە کۆنەکان، ئەوەندەی خەریکی ژیانی نووسەرەکان بوون، ئەوەندە خەریکی دەقەکەی نەبوون. هەروەها بە رای ئەو، ئەو رەخنەکارانە مێژووی ژیانی نووسەریان نووسیووە، نەک مێژووی ئەدەبی. زمان و ئەو واتایانەی یەکە زمانییەکان لە دەقێکی ئەدەبی درووستی دەکەن، بۆ بونیادگەرەکان خاڵێکی جەوهەری بوو. ئەوەتا هەر (رۆلان بارت) دەڵێت: بەرهەمی ئەدەبی لە رێگەی زمانەوە درووست

دەبێت، رەخنەی ئەدەبیش بەهۆی زمانەوە دێتە بەرهەم[١]. مەبەستی (بارت) لەوەدا کورت نابێتەوە، کە ئەمانە بەهۆی زمانەوە دەنووسرێن، نەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە نووسەر لەرێی گەمە زمانییەکانەوە دەهەوڵێ درووستکردنی وێنە هونەری و زمانییەکان دەدا. هەر لەرێی ئەم گەمەکردنە بە یەکەکانی زمان، گەمەی واتاییش دەئافرێنێ. ئەم گەمانەیش لە رێی سیمبوولی زمانی، میتافۆر، ئالیگۆریا... تاد دەبێت. لێرەدا ئەوەندەی نووسەر خەریکی چنینی زمانییە، ئەوەندەی خەریکە واتاکان لەرێی ئەم گەمانەوە حەشاربدات، ئەوەندە خەریکی جیهانی دیکەی نییە.

دوای بونیادگەرەکان، رەوتێکی دیکە بە نێوی (دوا بونیادگەرەکان) درووست بوون. تاکە جوداوازی ئەمانە لەگەڵ بونیادگەرەکان، ئەوەبوو، بونیادگەرەکان دەیانگوت: بە هیچ شێوەیەک لە توێژینەوەی ئەدەبی نابێ بۆ ژیان و دەورووبەری نووسەر بگەرێینەوە، بەڵام دوا بونیادگەرەکان، کە (لۆتمەن) دیارترینیانە، دەڵێت: راستە ژیانی نووسەر بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی بایەخی نییە، بەڵام دەکرێت لە هێندێک حاڵەتدا بۆی بگەرێینەوە. دواتر (رۆلان بارت)یش چووە پاڵیان. (لۆتمەن) بە هەمان شێوەی بونیادگەرەکان جەختی لەسەر راڤەکردنی خودی دەق دەکردەوە، بەڵام پێی وابوو، ناکرێ دەق هەڵگری هەموو واتایەک بێت، بەڵکو هێندێک جار بۆ تێگەیشتن لە دەق دەبێت بۆ نووسەر و دەورووبەری دەق بگەرێینەوە.

(کەسێک لێرەوە تێپەری) یەکەم بەرهەمی شیعری (شالاو حەبیبە)یە. (وابزانم بەپێی گوتەی خۆی دوا بەرهەمی شیعریشی دەبێ)، لە ساڵی (٢٠١٠) چاپکراوە. ئێمە بۆ توێژینەوە لەم بەرهەمە شیعرییە بۆچوونەکەی (لۆتمەن) بە پەسن دەزانین.

شاعیر لەم بەرهەمەیدا، پەنای وەبەر هایکۆنووسی بۆ شیعر بردووە. یەکێ لە خاسیەتەکانی هایکۆیش، کارکردنە دەنێو زماندا. بێگومان هەموو شیعرێک کارکردنە دەنێو زمان، بەڵام لە هایکۆ دەبێ قووڵتر تێیدا رۆبچین، چونکە هەموو کاری هایکۆ بۆ بەدەستەوەدانی جوانترین مانایە "ئەم جوانییەی هایکۆش بە گشتی لە فۆرم و بە تایبەتیش لە چرکەساتی چربوونەوەی زمانی شاعیردایە"[٢]، شاعیر دەهەوڵدا دەبێت کەمترین کەرەسەی زمانی و ئەوپەری گەمەزمانییەکان بەکارببا، لەپێناو درووستکردنی وێنەیەکی زمانی سەرشار بە ئیستاتیکا. ئەمەیش کارێکی هەروا سانا نییە، چونکە شاعیر دەبێت ئاگای لەو وشانە بێت، کە بە کاریان دەبات. مامەڵەکردنێکی تەواو و درووست لەگەڵ زماندا، شارەزایی تەواوی دەوێت لە هەڵبژاردنی وشە.

شاعیر لەم بەرهەمەیدا، مامەڵەی لەگەڵ چەند وشەیەک، وەکو کۆدی سەرەکی، بۆ درووستکردنی وێنە زمانییەکان، دەکات. دەتوانین هەموو هایکۆشیعرەکانی بۆ سەر چەند تەوەرەیەک دابەش بکەین. هەر تەوەرەیەکی کارکردنە لەسەر وشەیەک. ئەو وشانەی کردوونی بە کۆدی سەرەکی بۆ پێکهێنانی وێنە زمانییەکان بریتین لە: "هەتاو، شەو، پاییز، مێروولە، چۆلەکە، گوڵ، گوڵدان، مانگ، ماسی، منداڵ، تەنیایی، ژن". لە ڕێی هەریەک لەم وشانە دەیان وێنەی زمانی درووست دەکات، بەڵام گەمەیەکی سەیر لەگەڵ وشە، تەنانەت مۆرفیمەکان دەکات، ئەمەیش هەمووی دەپێناو ماندووکردنی خوێنەرە. واتە ئەوپەڕی هەوڵی بۆ گەمە زمانییەکان خستووەتەکار، بۆئەوەی وێنەکان زوو نەدات بەدەستەوە. ئەمەیش وا دەکات، چەندین واتە و وێنە لە پشت هەریەک لەو شیعرانە خۆیان حەشاربدەن.

ئەوەی جێی سەرنجە لەکن من، لەم شیعرانە، هەست بە ڕۆمانسییەتێکی زۆر دەکەین. داخەکەم، ئەمەیش زۆر لە شاعیرانی دوای نەوەدەکانی گرتووەتەوە. بەشێوەیەک وشەکان هێند ناسک دەکەنەوە، خوێنەر ناوێرێ بیانخوێنێتەوە، نەوەک هەڵبوەرن. بمانەوێت و نەمانەوێت ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەری لەسەرە. هەر ئەمەیش بوو ڕای (لۆتمەن)، کە ئێمەیش پشتگیریمان لێکرد بۆ توێژینەوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە زۆر لە شاعیرانی نیشتەجێی تاراوگە، هەمیشە دە شیعرەکانیان نوزانەوە و کڕووزانەوەیەکی زۆر بۆ نیشتمان و دووریی نیشتمان بەدی دەکەین، هەمیشە نۆستالیژیا لە شیعرەکانیان هەس، بەڵام ئەگەر سەیری ژیانی واقیعییان بکەین، ئاسمان و ڕێسمانە، لە ژیانێکی خۆش دەژین، هەمیشە زار بە خەندەن. ئەگەر ئەوەندە خەمی نیشتمانتانە وەرنەوە. بۆیەیش زۆر لە شاعیرانی تاراوگەم بەرباس دا، مەبەستم نییە، حەبیبەیش هەمان شێوە بێت، نەخێر، هەرچەندە شاعیر پێڕەوی ئەو گریان و فیغانە دەکات، بەڵام بە جوداوازییەک، ئەویش ئەوەیە، شاعیرانی دی، کاتێک شکست لە عەشق، یان ژیان دەهێنن، هەمیشە یار و عەشق و ژیان بە تاوانبار دەزانن، بەڵام حەبیبە لێرەدا دوای شکستەکەی، لە هەموو شیعرەکان هەق بە یار دەدا، جوانتری وێنا دەکات. بۆ نموونە لە شیعری (بەشێکی چکۆڵە لە دەفتەری ڕۆژانەنووسییم)دا دەڵێت:

**شادمان بووم...**
**بە هەواڵێک لە تۆوە،**
**کە دەمزانی درۆیە؟**

هەرچەندە شاعیر دەزانێت یار هیچ هەواڵێکی بۆ نانێرێت. ئەم بۆچوونەی تەواو لە یەقینەوەیە، بەڵام کاتێک هەواڵی یاری بۆ دێنن، کە دەشزانێت وا نییە، بەڵام هەر پێی دڵخۆشە، بەڵام ئەگەر سەیری شیعری زۆر لە شاعیرانی دی دوای ڕاپەڕین بکەین، هەمیشە یاریان بە تاوانبار زانیوە.

ئیشکردنی شاعیر دەنێو وشەکاندا، ئیشکردنێکی کارامە بووە. لە هەر شیعرێکدا ئەو وشانەی بەکاری بردوون، پەیوەندی دەنێوانیاندا هەیە، هەروەها ئەو شە دژوازانە بەکاردەبات، بۆ دروستکردنی وێنەکان. ئەمەش یەکێک بووە لە تیۆری بونیادگەرەکان، کە نیشانە و وشە دژوازەکانیان بە بەرهەمهێنەری مانا دەدایە قەڵەم.

**چاوەنواڕی**
**هەتاومان نێرد...**
**بە دوای تاریکیدا،**
**ڕێی ونکرد.**

بۆ پێکهێنانی وێنەیەک، دوو وشەی دژی بەکاربردووە، تەنانەت وەکو چەمکیش هەر دژ بەیەکەن، ئەوانیش وشەکانی "هەتاو، تاریکی" ئەم دوو وشەیە لە واتەیشدا، لە واقیعیشدا بەیەک ناگەن. بۆ دەربڕینی واتە و چەمکی (چاوەنواڕی) شاعیر وێنەیەکی زمانی دروستکردووە، چۆن مرۆڤ چاوەڕێی چتێکی مەحاڵ بێت، بەڵام هەر چاوەنۆڕیش دەبێت، ئەوەیە ڕۆمانسییەتی حەبیبەی لەوانیدی جوداکردووەتەوە.

هەمیشە شیعرەکانی ئەم بەرهەمەی حەبیبە، پەیوەندییەک دەنێوان نێونیشان و شیعرەکەدا هەبووە. لەوێدا شاعیر شیعرەکەی بۆ پیشاندانی وێنە و واتە و چەمکی نێونیشان بووە.

**من و بەیانی**

**هەتاو دێت و**
**شەو بە پرتاو**
**دەگاتە دڵی من.**

یان، شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**دیتران چاولەڕێی بەیانن**

**دەبنوو خۆشەویستم...**

**خۆر، لەودیو کێوانەوە،**

**تاقەتی بەسەرچوو.**

لە شیعری یەکەمدا، چونکە شاعیر لە شەودا هەمیشە بێدارە و سەروکاری لەگەڵ شەوە، کاتێ بەیانی دێ، شەو دێتە نێو دڵی شاعیرەوە، لێرەدا وشەکانی (هەتاو، بەیانی) دەبنە دژ بۆ (شەو، منی شاعیر) لە ڕێی ئەم وشانەوە وێنەیەکی پێکهێناوە، کە شاعیر پتر دڵی بە شەو خۆشە. هەرچی شیعری دووەمە نزیک بە هەمان واتەی پێشووی هەیە. هەموو خەڵکی چاوەنۆڕی بەیانن، بۆئەوەی هەرکەس بە کاری خۆیەوە مژوڵ بێت، چونکە یار بێدارە، خۆریش دڵی نایەت هەڵبێت و سەر وەدەرنێ، بۆئەوەی چاوەنۆڕی خەڵک بۆ بەیانی کۆتا پێ بێنێت. دروووستکردنی وێنە هەمیشە لە ڕێی زمانەوە دەبێت. هەروەک (ڕۆلان بارت) دەڵێت: "ئەوە زمانە، نەک ئەزموون مانا دەخولقێنێ. توانایی دەق بۆ بەدیهێنانی ماناگەلی جۆراوجۆر و هەمەچەشن. لە ڕێگەی وەرسوڕانی زمانناسانەی دەقەوە دەستەبەر دەکرێ، کە لە هەناوی زەمینە و بەستێنی خوێندنەوە، واتە مێژوو و کەسی خوێنەردا بوونی هەیە"[٣]. کەواتە شاعیر دەبێت ئەوەندە لەگەڵ زماندا خەریک بێت، تاکو ماناگەلی هەمەچەشن لەکن خوێنەر بئافرێنێ. سەنتەربوونی مەبەستی شاعیر لە مێتۆدەکانی پێشتر بوونی نەما، ئێستا هەموو قورسایی دەکەوێتە سەر خوێنەر، ئەوە خوێنەرە، بەپێی خوێندنەوەی خۆی واتە لە دەقدا بەرهەمدێنێت، ئەم واتەیش لە خوێنەرێکەوە بۆ یەکیدی جوداوازە، بەڵام بەپێی مێتۆدەکەی (لۆتمەن)، کە پێداگری لەسەر بەرهەمهێنانی واتەی جودا لەکن خوێنەر دەکات، لە هەمان کات، ڕێ بەوەیش دەدا، لە هێندێک باری تایبەت دەکارێ بۆ ئەزموون و ژیانی نووسەر بگەڕێینەوە، کە دواتر (بارت)یش هاتە سەر هەمان قەناعەتی (لۆتمەن).

**ژیان بە نزمی**

**ئەو کرمەی ڕێدەکا، هێڵێک دەکێشێ،**

**دیتران نابیینن.**

ئەگەر هەر خوێنەرێک ئەم شیعرە بخوێنێتەوە، هەریەکی خوێندنەوەیەکی جودایان بۆی دەبێت، ڕەنگە تاڕادەیەک نێزیکییەک هەبێت، بەڵام شاعیر بەهۆی گەمەکردن بە وشەکانەوە، واتەگەلی جۆربەجۆری لێ بەرهەمدێت. ئەو هێڵەی کرمێکی بچووک لەکاتی ڕێکردندا لەدوای خۆی جێدێڵێت، واتەی بوونی ژیان دەدا، هەموو مرۆڤەکان چاویان تەنێ چتی گەورە دەبینێت، بەڵام ژیان لە چتی بچووکیش پێکهاتووە. دەیان زیندەوەری بچووک هەن، بەڵام بە چاو نابینرێن. بۆیەیش شاعیر

هەوڵی ئەوە دەدا وێنەی زمانی لە وردە چتەکان پێکبهێنێت. "کەواتە فەزای شیعری ئەو پانتاییەیە کە دەشێ (خوێنەر/وەرگر) پێشبینییەکانی خۆی تێدا بخاتە کار، هەر لەوێشەوە شیعرییەت خۆی لە میتافیزیکا جیادەکاتەوە و دەبێتە پەیوەندییەکی دیالۆگئامێزی نێوان دیار و نادیار"(٤). ئەمەیە تێکشاندنی سەنتەربوونی شاعیر. چیدی واتە و مەبەستی شاعیر نابێتە سەنتەر و بۆشاییەک بۆ بیرکردنەوەی خوێنەر نەهێڵێتەوە. ئەوە خوێنەرە لە ڕێی زمانی شیعرەوە واتە بەهەمدێنێت.

کارکردنی شاعیر دەنێو زماندا، هەموو ئاستەکانی زمانی گرتووەتەوە. ئاستی ڕستەسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی و واتەسازیی. لە هەریەک لەم ئاستانەدا شاعیر گەمەیەکی زمانیان لەگەڵ دەکات. ئەم گەمەکردنانە لە ڕێی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە جوانتر پەنای وەبەر دەبات.

درووستکردنی وێنەی زمانی لە ڕێی گەمەکردن بە زمانەوە، لەسەر ئاستی ڕستەسازیی، شاعیر هێندێکجار بۆ دەربڕینی واتەیەکی فراوان، هەموو گەمەکردنەکان، واتەکان لە یەک ڕستەدا چڕ دەکاتەوە. هەر دەنێو ئەو ڕستەیەشدا پێداگری ئاوازەیی لەسەر وشەیەک دەبێت. لە هایکۆشیعر هەموو شیعرەکە لە سێ بەیتی حەڤدەبڕگەیی پێکدێت، بەڵام لەکن حەبیبە، هێندێکجار زۆر لەوە کورتتر دەبێتەوە بۆ یەک ڕستە بۆ نموونە:

**دواویستگە**

**دەستم لە تەماشای گوڵان شتووە.**

دەبینین ئەم شیعرەی یەک ڕستەیە، ئەم ڕستەیە لە دە بڕگە پێکهاتووە. شاعیر پێداگری ئاوازەیی لەسەر وشەی (گوڵان)، کە کۆی (گوڵ)ە، دادەگرێت. واتە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕستەیە هەست دەکات، هەموو ئاوازەیی شیعرەکە لەسەر وشەی (گوڵان)ە. ئەم شیعرە دەربڕێ وێنەی ناهومێدبوونی شاعیرە، شاعیر بەهۆی شکستی لە پرۆسەی خۆشەویستی، ئیتر حەوسەڵەی دیتنی چ گوڵێکی نەماوە، ئەمەیشی بۆ ڕوونکردنەوەی وشەی (دوا وێستگە) بووە. خۆشەویستی یەکەمجاری کردووەتە دوا خۆشەویستی.

**ئەفسوون**

**جارێک بێرەدا بفڕە.**

لێرەشدا شاعیر هیوا بڕاو نەبووە، چاوەڕێی پەرجوویەکە، هەرچەندە دەشزانێت ئەو پەرجووەیش ڕوونادات. بۆ دەربڕێنی واتە و چەمکی ئەفسوون وێنەیەکی زمانی درووستکردووە. ئەویش فڕینی، یان تێپەڕینی یارە بە دنیای

شاعیر. دەبینین شاعیر زمانی بەشێوەیەک بەکاربردووە، هەروەک (یاکوبسن) جەختی لەسەر دەکاتەوە، خوێنەر بەرەو خۆی پەلکێش دەکات. لەم شیعرانەدا لەسەر ئاستی رستەسازیی شاعیر هێندێک وشە زەقدەکاتەوە، ئەمەیش کار لە زەقکردنەوەی زمانەکە دەکات. ئەم زەقکردنەوەی زمانەیش بۆ بەرهەمهێنانی واتەی جودایە.

ئەگەر گەمەکردنی زمانی لەسەر ئاستی وشەسازیی لەم بەرهەمە شیعرییەدا چاولێبکەین. خۆی لە چەند لایەنێکەوە دەبینێتەوە. وەکو لەسەرەتا بەرباسمان دا، شاعیر لە کۆی ئەم بەرهەمەدا کاری لەسەر چەند وشەیەک کردووە. دەتوانین ئەم بەرهەمە بەسەر چەند ویستگەیەک دابەش بکەین، هەر یەک لەم وێستگانە، وشەیەک و چەمکێک باڵادەستە و کاری لەسەر کراوە. هەروەها، پاشوپێشکردنی وشە، کە زیاتر بۆ درووستکردنی واتەگەلی فرەیە. هەروەها هێنانەوەی ئەو وشانەی لەڕووی واتەییەوە پەیوەندییەکیان دەنێواندا هەیە وەکو (ماسی و ئاو، دەریا و بەلەم... تاد).

**دەنگی بیرەوەری**
**گوێیان لێیە...**
**زەریا بانگیان دەکا**
**ماسییەکانی نێو حەوز.**

هەموو ژیانی ماسی دەنێو ئاودایە، بەڵام کاتێک دەنێو دنیا فراوانەکەی زەریا وەدەری دەنێن، مرۆڤەکان بۆ چێژی خۆیان دەیخەنە نێو حەوزێکی چکۆڵە، خۆ نێو حەوزەکەیش هەر ئاوە، بەڵام جوداوازییەکی زۆری هەیە. بۆیە ماسییەکە هەمیشە دەبیرەوەری زەریـادا دەژی. وشەکانی نێو ئەم رستانەی پاش و پێش کردوون، بۆئەوەی هەم ریتمی شیعرەکە، هەمیش وێنە زمانییەکە جوانتر خۆی نیشان بدات. لێرەدا دەبینین کاری نێو رستەکە کەوتووەتە نێوەڕاست. هەموو یارمەتییەکانی شاعیریش بۆ درووستکردنی ئەو وێنە زمانییانە، وشەی نێو سرووشتی وەرگرتوون. بۆ دەربڕینی چەمکی بیرەوەریی کەڵکی لە دوورخستنەوەی ماسی لە زەریا وەرگرتووە.

هەرچی کارکردنە لەسەر ئاستی دەنگسازیی، ئەوا شاعیر قورسایی ئاوازەی شیعرەکەی دەخاتە سەر یەک لە وشەکانی نێو شیعرەکە. ئەو وشانەیش هەڵدەبژێرێت، کە دەنگەکانی ریتمدارن، بۆئەوەی خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەدا هەست بە بوونی قورسایی ئەو دەنگانە بکات.

**دوابرادەر**

**تەنکییێکەم پڕکردەوە...**

**بۆ بەردەوامی چکەچکی بەلۆعەکە.**

لەم شیعرەدا، قورسایی ئاوازەی دەنگەکان لەسەر وشەی (چکەچک)ە، چونکە ئەم وشەیە بە دەنگە ریتمدارەکانی واتەی بەردەوامی ژیان دەبەخشێت. ئەگەر تەنکییەکە پڕ لەئاو بێت، بەڵام ئەگەر ئەو دەنگە لە بەلۆعەکە نەهات، واتەی بێدەنگی و نەبوونی جووڵە دەگەیەنێت. ئەم دەنگانە لەلایەن شاعیرەوە بۆ درووستکردنی وێنەزمانییەکان سوودیان لێوەرگیراوە.

**پیری**

**هەنارێک درزی برد،**

**کەوتمەوە یادی جاران.**

بۆ دەربڕینی چەمک و واتەی (پیری)، شاعیر وێنەیەک لە سرووشت دەخوازێت، لەوێدا کاتێک هەنار درز دەبات، ئەوە واتەی ئەوپەڕی گەیینی هەنارە، درزبردنی هەنار واتە بە بایەک ئەو هەنارە لە دار دەکەوێتە خوارەوە، کەوتنە خوارەوەیش واتە مردن. چەمکی پیری بەمشێوەیە، وەکو درزەکە وایە، هێندە بایەک لێی بدا، ئیدی دەکەوێتە خوارەوە. لێرەیش قورسایی ئاوازەکە لەسەر دەنگەکانی وشەی (درز)ە، چونکە واتەی درز هەمان حاڵەتی پیرییە.

لەم چەند نموونانەی سەرەوە دیتمان، هەروەکو (بارت): ئەوە زمانە دەدوێ، نەک نووسەر. هەموو کاکردنێکی شاڵاو حەبیبە دەنێو زماندا بوو. ئیشکردن لەسەر هەرچوار ئاستەکەی زمان، ئیشکردنێکی تەواو زمانییانە بوو، درووستکردنی ئەو وێنانە، سەلمێنەری ئەو راستییەیە، ئەوە زمانە واتە بەرهەمدێنێت، کە دواتر مێتۆدی وەرگرتن (خوێنەر) هەر لە هەناوی ئەمەوە لە دایکبوو.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- پێکهاتە و راڤەی دەق، بابەک ئەحمەدی، و:مەسعوود بابایی، کتێبی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٦٢.

٢- پۆسەتەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی، بوشرا کەسنەزانی، ناوی چاپخانە و ساڵ و شوێنی چاپی لەسەر نییە، ل٧٥.

٣- تویژینەوەی تیۆری ئەدەبی، راجێر وێبستێر، و:عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٢.

٤- زمان، بوون، شیعر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠١٠، ل٨٥.

دەق

| | |
|---|---|
| خەمی با لە ئاوێنەی ئاودا | **عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا** |
| دوای خواردنەوەی قاپێک شەراب | **زانا سامان** |
| ئیدی بڕۆ... جەهەننەم! | **هێمن حەمە جەزا** |
| ژن | **عومەری حاجی دەربەندی** |
| سروشت کاڵ دەبێتەوە | **عومەر عەبدولکەریم** |
| لەودیو سنوورەکانی شەرم | **خولیا حسێن** |
| باغێک لە زەڕنەقووت پێگەییوە ئێمەش لەوێداین... | **بێستوون مینە** |
| ڕێگا | **قادر عەلی خا** |
| باخچەیەکی ئەفسووناوی | **باران** |
| شەش کورتیلە چیرۆک | **کاروان محەمەد فەتاح** |
| دیدار لەگەڵ ڤینۆس فایەق | **سازدانی: حەمە کاکەڕەش** |

# خەمی با
# لە ئاوێنەی ئاودا



عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(١)

**ئەو گوریسە بۆ ژیان رامەخە**
**هەموو شتێ با دەیبا.**

(٢)

**بێدەنگ**
**دەمەوێ ترپەی باران**
**لە ترپەی دڵ جیاکەمەوە**

(٣)

**بەیانی زوو لە خەو هەڵدەسم**
**منداڵەکانم ببینم**

(٤)

**باران خواحافیزی لە ئاسمان ناکا**
**کاتێ دەبارێ**
**ئەگەر مردم**
**مردم.**

(٥)

**لە دڵەوە حەزم دەکرد**
**هەمیشە میوان بم**
**وەک با.**



(٦)
ئەو تلفزیۆنە کز بکەن
خەریکم بێدەنگی جوانی
بە دەنگی باوەدەکەم.

(٧)
گلاسێک ئاو پێش نانخواردن بخۆرەوە
هەناسەیەک پڕ بە سییەکان لەدوای باران هەڵبمژە
ژیان پێکێکە بەر پێکی با دەکەوێ.

(٨)
تەمەنێکە با
لەبەردەم ئاوێنەی ئاودا
خەم لە قژی ئاڵۆزکاوی ژیان دەخوا.

(٩)

درەخت کورسی باڵندەیە
میوانی سروشت
هەمیشە وەستاوە
با لێی بدا.

(١٠)
کچەکەم
تکا لە با دەکا
کەم بجوڵێتەوە خۆی لە قژی
نەسوێ.

(١١)
شەو سفرەی تاریکییە
چاویلکەی با

(١٢)
با لە دوورەوە
بازاڕ بۆخۆی خۆش دەکا
بەڵام لێبووک نییە.

(١٣)
دڵم وەک جاران شپرزەیە
بەتووندی لە دەرگای با دەدا
کەس لە ماڵ نییە.
(١٤)
کاتێ سەوزایی زەوی داگیر دەکات
پێت دەڵێن
دڵ لە دڵ مەدە
بەهارە.
(١٥)
سەگێک بە با دەحەپێ
لەبەر باران
(١٦)
بە منداڵەکانم گوت
ئەگەر لە خەو هەڵنەستن
نانی بەیانی لەگەڵ با دەخۆم.
(١٧)
هێشتا با دەجولێتەوە
بۆ بمرم
ئەی دڵ.
(١٨)
لە باران رامکرد
کەوتمە زۆنگاوی
ژیان.
(١٩)
ئێواران با
بەر لەوەی لە پەنجەرە بدا
حەزی خواردنەوەم
دەجولێ.



(٢٠)
**هەموو رۆژێ با هەڵدەکا**
**حەقیقەت بەو رێگەیەدا دەڕوا**
**بەڵام مرۆڤ نیگەرانە**
**دەگەڕێتەوە.**



(٢١)
**لە دەرگا درا**
**وەک با**
**کەوتمە خەیاڵی دوو شت**
**نەمکردەوە.**
**لە دەرگا درا**
**هەزاران شت**
**لە خەیاڵم کۆبۆوە**
**گوتم کێیە.**
(٢٢)
**بەیانی**
**با سینگی دەکاتەوە**
**بۆنی سەری مانگی لێدێ.**
(٢٣)
**ئاو بە خوڕ دەگری**
**لە بەرانبەر دیمەنێکی**
**فیلمی با.**
(٢٤)
**هەموو رۆژێ**
**شەو چاویلکەی لەسەر مێزی با**
**بیر دەچێ**
**مرۆڤ لە چاوی دەکا.**
(٢٥)
**لەسەر شۆستە**
**مرۆڤێک وەک ئاو بەلادا هات**
**کە هۆشی هاتەوە**

جگە لە چەند پولێ
کەس دیار نەبوو.
(٢٦)
حەز دەکەم پێش نووستن
سینەبەندی ئاو
بە دەنووکی با
بسپێرم.
(٢٧)
خێزانەکەم
وەک شتێکی پیرۆز
تەماشای هاتنەخوارەوەی
باران دەکا
من بە با دەچوێنن.
(٢٨)
کۆترەکان بۆ خۆکوژی
خۆیان هەڵدەدەنە بۆشایی ئاسمان
دەکەونە نێو تۆڕی باوەوە.
(٢٩)
منداڵەکەم
وەکو کۆترێکی سپی
نیگای لە نیگام دەترازێ
دەکەوێتە باوەشمەوە.
(٣٠)
سەمای رووتی با
لە بەهار
دەنووسمەوە.



هەولێر
مایسی ٢٠١٢

# دوای خواردنەوەی قاپێک شەراب



زانا سامان

**باران خەریکە ئەتەقێتەوە**
**هەورێک بەدزیی تەنیاییەوە پێی وتم،**

***

**ئاسمانێک بەژێرەوە ئەبێت**
**موسافیرێک بەر لە ونبوون بۆی باسکردم،**

***

**بیرکردنەوەیەک دەخنکێت**
**پیاوێکی تەنیا گێڕایەوە بۆم،**

***

**فڕینێک ئەکەوێتە خوارەوە**
**چۆلەکەیەک بە بۆڵەبۆڵەوە وتی،**

***

**پرخەپرخێک خۆی ئەکوژێت**
**ژنێک لە بێزاریدا ئەیدرکێنێت،**

***

شەرابێک تازە ئەبێتەوە
لە دەستنووسی مێژوودا باسکرابوو،
***
تەنیایی ئەبێت بە سێ بەشەوە
شاعیرێک وای نووسیبوو،
***
چیرۆکێک نانووسرێتەوە
سیاسییەک هەڕەشەی لێکردووە،
***
ئاو بەرەو حەپەسان دەچێت
گەردوون رقی لێهەڵگرتووە،
***
نیگایەک خۆی ئەسووتێنێت
کچێک بۆخۆی ئەگێڕێتەوە،
***
فەیسبووک نامێنێت
چونکە کۆتایی بە ژیان دێت
رۆژێک،
***
هەزار حەشر بە خۆی ئەکات
ناتوانێت هیچ بڵێت
نووسەرێک،
***
ئەوەندەی هاوار کردووە
ئیتر دەنگی نانووسێت
کۆنە شیعرێک،
***
خۆی لێ وندەبێت و
کەس هەستی پێ ناکات
ماسکێکی ئێکسپایەر،
***



**شانۆیەک سازناکرێت**
**لەبەرئەوەی کارەکتەرێک دیار نەماوە**
**حیزبێک ئاودیوی کردووە،**

***

**خەریکن سەفەر دەکەن**
**خەیاڵەکانی کاتنووسێک،**

***

**سەری لە هەموو شتێک دەرئەچێت**
**تەنیا نیشتمان نەبێت**
**سەرکردەیەک،**

***



**ئەویش تاڵانفرۆش دەکەن**
**خەیاڵکردنەوەی دوارۆژی**
**گەنجێک،**

***

**هەناریش لە خشتە ئەبات**
**خەیاڵی پوچیی**
**کۆلکەشاعیرێک،**

***

**خۆیان لێ دەبێت بە نیتچە**
**داماوەکانی ئەودیوی**
**ژیان،**

***

**لە کۆتایی ئەم تێکستانەدا وندەبێت**
**کەس نا**
**تەنیا زانا سامان نەبێت.**

ئەڵمانیا/ هانۆڤەر
٢٠١٢

# ئیدی برۆ... جەهەننەم*!



هێمن حەمە جەزا

**"رەقیبـی سەگ حەزی بوو، کوشتمت، سەیری کە چۆنی بۆم**
**دوعا بۆ دەست و تێغت من دەکەم، برِوانە چۆنم بۆت!"**
**"مەحوی"**

**دروست،**
**ئەمن... کە نازانم!**
**ئەتۆ... پێم بڵێ:**
**بەم تەوەللابوون و**
**غروور و**
**بیانوانەتەوە،**
**کە نەهاتی!**
**ئەم هەموو تەنهاییە... چی لێدەکەی؟**

**نازانم چۆن بوو،**
**وتت دێم و**
**دەست لەسەر دڵت، جێدەهێڵم!**
**وتت دێم و**
**شپرزەیت، دەخەمە بەر فوارەی ئارامی!**

وتت دێم و
حەرف بە حەرفی عومرت، دائەگیرسێنم!

نەهاتی و
دڵمت... بەخشی بە "بـــا"!
نەهاتی و
دڵمت... خستە بەر "تەرزە"!

دروست نازانم... کەنگێ بوو؟
هێندە نەبێ...
هەر لەم شەوانەی رابردووا
کە بێخەوی، وەک خۆرە تێیدابووم و
عادەتم، بە قسەکردن لەبەرخۆوە... بە تۆ گرتبوو
هاتیت و
لەبەر دەلاقەی ژوورەکەما،
بەوپەڕی نابەدڵی و
چەشنی میوانێکی سەرپێیی،
بەو هەموو کەمدوویییەی خۆتەوە... لە عەشقا،
وتت:

ئەگەر رۆژانێ،
(کامیل)**... لەو هەموو چوون و نەچوونەیا،
گیری کردبێ،
ئەوا من... بێ دوودڵی دێم!



دێم و
ئیدی... ناگەڕێمەوە!
دێم و
دەست لەنێو قەفەزەی سینەتا...
جێدەهێڵم!
دێم و



لەکن تۆ،
لەنێو... ژوور بە ژووری دڵتا،
بۆ هەمیشە، ئۆقرە دەگرم!

کەنگێ بوو؟
دروست، لە یادم نییە!
وەلێ... هێندە دەزانم،
نامەیەکی کورت...
هەر ئەوەندەی، دەستی بادی سەبا بیگرێ،
ناردت و
نوسیبووت:

ئارامی... تەنیومی!
دووریت... تەنگی پێهەڵچنیوم!

ئیدی واچاکە،
بین بنێمەوە... بە تەنهایمەوە!
چاو داخەم و
گیرۆدەبوونت،
وەک... کوپێک ژەهر
وەک... کەوچکێک تاعوون
وەک... قەترەیەک نەفرەت،
بنۆشم!

تـــا... ئاوابێ،
ساڵگاری بێ تۆ!
تـــا... کۆتابێ،
مانگی بەر دەلاقەی تۆ!

جەخار،
نەهاتیت و

**دڵمت... دا بە "بــا"!**
**نەهاتیت و**
**دڵمت... دا بە "تۆفان"!**

**تەواو...**
**ئیدی تەواو!**
**دەچمەوە سەری دێڕی،**
**ئەم تەنهاییە هەمیشەیی و**
**خانەخۆییە و**
**جارێکی دی،**
**لە ئەلفەوە... تەجویدی دەکەمەوە!**



**خەیاڵم...**
**چەشنی پاککردنەوەی ماڵ،**
**لە تەونی جاڵجاڵۆکە!**
**لە شارە مێرووله!**
**لە تۆز و غوباری حیکایەتەکانت...**
**پاک دەکەمەوە، لە تۆ!**

**ئیدی...**
**بۆ کەس!**
**بۆ هیچ کەس،**
**دڵ لە دڵ... نادەم!**

**ئیدی تەواو!**
**پەنجەرەی ژوورەکەم، بە قوڕ سواغ ئەدەم،**
**تا کەس... نەیبینم!**
**ژمارەی نهێنی دڵم، لە بیر خۆم دەبەمەوە،**
**تا کەس... نەیکاتەوە!**
**دەرگا، لەسەر خەیاڵم دائەخەم،**
**تا کەس... بە نێویدا گوزەر نەکا!**

**بێزاربووم... بێزار!**
**بێزاربووم،**
**لە بیرکردنەوە!**
**لە خەیاڵ ڕۆیشتن و**
**لە داڵغەلێدان!**
**ئیدی،**
**بێزاربووم... لە تـــۆ!**

**شەیتانە چکۆلەکە،**
**تۆ بزانە...**
**بزانە... چیت بەسەر هێنام!**

**تـــۆ،**
**دڵمت... دا بە "بـــا"!**
**تـــۆ،**
**دڵمت... نارد بۆ "سەقەر"!**



**ئێستاکە دروست،**
**ئەمن... کە نازانم!**
**ئەتۆ... پێم بڵێ:**
**بەم هەموو...**
**شکاویی و**
**ختورە و**
**وەسوەسەیەوە،**
**چی لە دڵ بکەم؟**

**ئاخر، تۆ وتت:**
**دێم و**
**(هەر نەهاتی)***!**

**ئیدی کە نایەیت،**
**لێگەڕێ... من، چی دەگوزەرێنم!**
**لێگەڕێ... عاقیبەتی دڵ، چی لێدێ!**
**لێگەڕێ... چەند مونتەزیر مام!**

**تازە کە نایەیت،**
**لێگەڕێ!**

**ئیدی تۆش،**
**بڕۆ... جەهەننەم!**



* ئێدیۆمێکی کوردییە.
** مەبەست لە شیعرێکی شاعیر "سید کامیلی ئیمامی"ە.
*** دەستەواژەیەکی شیعریی "مەحوی"یە.

سلێمانی
مانگی ١٠ و ٢٠١١/١١

# ژن



عومەری حاجی دەربەندی

بۆ ژن زۆر نووسرا
ئاگری عەشق زۆر هەڵکرا
هیچیان هێندەی پشکۆی مەمکی ژنێ گەرم نەبوو
***

هەرچی جەنگی سەر زەوی هەیە
دەڵێن لەسەر نیشتمانی دڵی ژنە
کەچی هەموو جەستەی ژن بگەڕێ
مسقاڵێ تووڕەیی تیا نییە
***

مانگ لە فەرهەنگی زەویدا
ناوێکی تری هەیە،
ئەویش ژنە
***

لەسەر هەر کانییەک
ژن قومێ ئاوی خواردەوە
لەوێ خۆت بشۆ
کارژی گوناهەکانت لێدەبێتەوە
***

جوانترین و گرنبەهاترین تابلۆی خودا
ئەویش ژنە... ژن
***

لە چاوی ژنا هەزاران (کان)ی زێڕ هەیە
بۆیە بە ملیۆن پیاو
بوونەتە ژێر هەرەسی نیگاوە
***

شەوانە ژن بخە سەر ملت
با بەرچینەیەک هەستێرەت بۆ داگرێ
***

ئەگەر هەنگ شیلەی لە لێوی ژن هەڵنەمژیایە
هەنگوین، تاڵترین نیعمەتی ئەم دنیا دەبوو
***

لە هەموو کەوکەبەکانی ئاسماندا
چونکە ژن نییە،
ژیانیش نییە
***



که دڵی ژنیک شکا، دەریایەک وشک دەبێ
له دڵی ژنا، هەزاران جوانیی خوێناوی دەبن و
له دڵی دەریاشدا
هەزاران ماسی دەمرن

***

رووباری سیروان ژنێکی دەربەنی مارە کرد
هەموو شەوێ
شەپۆل مۆسیقایان بۆ لێ دەدات و
بە شڵپەی ماچ دەچنە خەو

***



کراسی باران لەبەری ژنا
جوانترە له پاڵتۆی بەفر
بەسەر شانی شاخەوە

***

باران شەرم دەکا له هاویندا بباری
چونکه ژن گیانی بە دەرەوەیه

***

گەڵایەک له ترسی پاییز
له دارێکی سەد نهۆمەوە خۆی فڕێدایه خوار
کەوتە باوەشی ژنێک
ئەوە قەڕنێکه هەر سەوزە

***

هەموو پەلکەزێڕینەیەک ژنه،
ناوبژی باران و خۆر دەکات

***

**ئەجری ژن هێندەی گۆی زەوی قورسە**
**بۆیە بە کەس هەڵناگیرێ**

***

**هەموو بەیانییەک پەنجەرە بکەنەوە**
**با بۆنی ژن ماڵ هەڵگرێ و**
**بیباتە کەناری ئاوەدانی**

***

**لە هەموو ئاوێنەیەکدا، ژن بە رەش و سپی دیارە**
**کەچی لە چاوی ژنا**
**هەموو دنیا رەنگاوڕەنگە**

***

**هەرکەس حەزن دەکا بەهەشت ببینێ**
**با لە دەشتی پێکەنینی ژنا**
**خۆشەویستی بچێنێ**

***

**دڵی ژن ئارامترین نیشتمانە**

ئەڵمانیا
زستانی ٢٠١٢

# سروشت کاڵ دەبێتەوە

سروشت کاڵ دەبێتەوە

سروشت کاڵ دەبێتەوە

عومەر عەبدولکەریم

((منداڵی))
دڵم کۆلارەکەی دەستی و
رۆحیشم خۆی

((پیری))
هەموو شەوێ
بە ئەسپی مەی
لێی دەرباز دەبم
حەیف...
سبەینان لە جەستەیدا
پیادە دەبمەوە



((تەکنەلۆژیا))
بە نەفرەت بیت
لە سروشتت دا بڕیم

((سروشت))
خەونێک بەرەو کاڵبوونەوە

**((زانست))**
**سەرابی تەکنەلۆژیا...**



**((دادگا))**
**(لایت) له شەودا**
**بەردەمی رووناک**
**پشتەوەی تاریک!**

**((عیبادەت))**
**... واو ژنەکەم**
**چەند عیبادەت زیاتر**
**بێ منەتتر...**

**((خۆشەویستی))**
**جەستەم شارە مێرووله بوایه و**
**بەناخیدا بڵاو بوایەتەوە...**

**((نیشتمان))**
**دڵت خۆش... بەهەشت**
**له تەنگی.... دۆزەخ**

**((مرۆڤ))**
**مێژوویەک له**
**خێر و شەڕ**
**خۆشەویستی رق و کینه**
**له سروشتدا**
**جێی نابێتەوە...**

**((هەور))**
**چڕتر و تاریکتر**
**سەوزایی زیاتر...**



((باران))
بەردەوامی ژیان

((بەفر))
ڕۆحی باران

((ڕووبار))
جەستەیەک فرمێسک
بۆ ئەگەری وشکبوونی
سەرچاوەکەی

((فرمێسک))
بارانێکە
هەورەکەی سۆز!

((لووتبەرزی))
فڕۆکە
بەرزتر... بچووکتر

((سەرچنار))
هەناسەی سلێمانی

((سلێمانی))
مێرگێکی پاراو
هەرکەس تێی کەوت
ناگەڕێتەوە

((کەرکوک))
تا گڕ هەبێ
ناسنامە ون!

((حاجی قادری کۆیی))
پەیامبەری نەتەوەیی
پێش وادەی خۆی
لەدایک بوو

((گورگ))
بورژواترین ئاژەڵ

((مار))
گەڕیدەترین بوونەوەر
لە سروشت...
جێ بە خۆی ناگرێ...

((مێژوو))
بۆنی خوێن
کاسی کردووم

((سەرما))
خەونێک پڕ لە ئاگر

((گەرما))
هەناسەی پڕ حەسرەت
بۆ شەختە...

((هەژاری))
جەستەیەک
پڕ لە چاوی حەسرەت

((قەندیل))
ڕۆحم مەندیلی سەری



# لەودیو سنوورەکانی شەرم



خولیا حسێن

ئەمشەو پێکی خەمەکانم بە فرمێسکی خۆم خەست دەکەم
پێکێک و دووان سییان و...
تا مەست دەبم دەخۆمەوە!
کە مەستیش بووم
چاوەکانم هەر بە تەنها تۆ دەبینن
دڵم لێوانلێو دەبێت لە بەرائەت
رۆحم دەبێتە پارچەیەک لە ئاوریشمی عەشق
دەروونم پڕ دەبێت لە پەپوولە باڵنەخشینەکانی یادگاری و
بە زمانی ئەوینێکی وەنەوشەیی گۆرانیت بۆ دەڵێم

کە مەست دەبم
جووڵەکانی جەستەم سنوورەکانی شەرم دەبەزێنن
دەبمەوە بە کچۆڵە عەجوولە دڵتەڕە بێباکە دڵخۆشەکەی جاران و
بزێوانە ماچت دەکەم
نە ماچێک و نە دوو و نە سێ
لێوەکانت لە تامی ماچ دەخووسێنم
وات لێ دەکەم رۆحت بۆنی ماچان بگرێ

که مەست دەبم
لەسەر جەستەی رووتی ئارەزووەکانم سەمات پێ دەکەم،
سەمات بۆ دەکەم،
سەمایەکی جاوێدانی!
تا مەستتر و خاڵی دەبمەوە لە خەمان
لەسەر جەستەی رووتی ئارەزووەکانمدا
لەنێو فەرشی سپی عەشق و بە زمانی خۆشەویستی دەتبزوێنم!

کەنەدا ٢٠١١

## قەدەری بێ تاوان

... ئەی قەدەر
چۆن بەرگەی ئەم هەموو تۆمەت و
لۆمانەی مرۆڤت گرتووە؟

بە درێژایی بوونی ئەم گەردوونە
ئێمە خەتا دەکەین و
دەیخەینە ئەستۆی تۆ
ئێمە رێگا چەوتەکانی ژیان هەڵدەبژێرین و
دەڵێین قەدەر ئەم رێگایەی پێ گرتین
ئێمە یاری بە ئاگر دەکەین و دەڵێین
ئاگری قەدەر بوو یاری پێ کردین
ئێمە چارەنووسی خۆمان دەدەینە بەر
شەپۆلە هارەکانی رۆژگار و
دەڵێین ئەوە شەپۆلە بێ بەزەییەکانی قەدەرە
یاری بە چارەنووسمان دەکات.

**ئێمە خۆشەویستی لەنێو پێخەفی بێ مروەتی**
**دەخنکێنین و**
**عەشق بە شیری ناپاکی فرچک دەدەین**
**کەچی دەڵێین**
**قەدەری ئێمە کێڵگەیەکی بێ پیتە**
**نە خۆشەویستی لێ دەڕوێ**
**نە عەشقی لێ گەورە دەبێ!**

**تۆش ئەی قەدەر**
**بە بێدەنگی و بە خەم ساردی و**
**بە بەزەییەوە لێمان دەڕوانی و**
**هیچ ناڵێی!**
**چونکە تۆ لەوە دڵنیای**
**کە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە**
**دەستە پیسەکانی خۆمان بە تۆ دەسڕین و**
**بەردەوام درۆش لەگەڵ خۆمان دەکەین،**
**درۆ، هەمیشە درۆ!**

کەنەدا ٢٠١٢/٤/١٣



# باغێک لە زەڕنەقووت پێگەییوە
# ئێمەش لەوێداین...

**بێستوون مینە**




**باغێک لە زەڕنەقووت پێگەی... یوە**
**دارەکانی گەڵا ناگرن**
**بەریان نییە**
**ڕەگی درێژیان هەیە**
**چ پەنهانییەکە**

***

**هەرچی بوونەوەرە هاتوون**
**مرۆڤیش**
**چۆلەکەکان**
**شاعیرێک لە نوێژی بەیانییەوە**
**بەردەم باغەکە**
**پڕە لە ئۆتۆمبێلی گەورە**
**مشتە لە سندووق**
**وەرزی ڕنینی زەڕنەقووتەیە**

***

**دەنگی باغەوانە مردووەکە دێ**
**بانگی خەڵک دەکات!**
**دەرگەی باغەکەی کردۆتەوە**
**چ دەرگایێ!**
**گەورەتر لە دەروازەی شارێک،**
**ئۆی دارەکان چەند بەرزن**
**مرۆڤەکان دەستیان کرد**
**بە کڕنۆشبردن**
**باغێکی تاریک... سامناکتر**
**لە شەیتان**



***

**لە تروسکاییەک باوکمان دیارە**
**خەریکی موتوربەکردنی دارەکانە**
**وەستایە**

***

**شاعیر... ئێرە باغی ئیرەم نییە!**
**خۆی بیرچۆتەوە و**
**دەستی راستی لەسەر دڵی**
**چەپی داناوە**
**مناڵەکان چەند بوێرن**
**هاتوون**
**کۆشیان پڕە**
**دەستیان پڕە**
**دەمیان پڕە**
**خەریکی کۆکردنەوەی پاشەڕۆکی زەڕنەقووتە وەشێنراوەکانن**

***

ئەم باغە لێوانە لە مردن
تا تێنوێتی خەڵکەکە بشکێنێ
چۆلەکەکان
بوونەوەرەکان
هەر زوو پووکانەوە لە تینوێتییان



***

دەمەو ئێوارەیە
کاتی چوونەدەرە،
ئەسەف
باغەوانەکە مردووە
دەرگای باغەکە ناکرێتەوە
ئێمەش لەوێداین
لەوکاتەوە ئەوێ
بۆ ئێمە ئێرەیە
ئەوێ دەسگیرانی ژیانمانە
ئەوێ نیشتیمانە
نیشتیمانێک پڕە لە نۆتەکانی ئاوازێکی برسی
دێڕە شیعرێکی تاریک
لە زمانێکی پیرۆزی دڕ
ئاوێزانە لە کڕنۆش.

٢٠١١-١٢

چیرۆک

# ڕێگا



**قادر عەلی خا- بۆکان**

تازە گەیوەتێ. هیچی بۆ مەعلووم نابێ، هیچ کوێ و هیچ کەسێک ناناسێت. شتەکان هەموویان نامۆن. ڕەنگەکان، بۆنەکان، دەنگەکان، ڕووناکایی چاوەکانی ئازار دەدەن. ماوەیەک دەخایەنێ هەتا پێیان ڕادێ و وڵات ئاسایی دەبێت. ناڵەناڵ و ژاوەژاوێک دەبیستێ. دەڵێی دەنگە دەنگێکی دوورە و بە حاڵ دەگاتە گوێی. هەست بە سەرما دەکات. یەک دوو موچڕکی پێدا دێ و سێ چوار کەڕەت لەسەر یەک دەپشمێ. پێی سەیرە ئەم حاڵەتەی ئەمە یەکەم جارە بەسەردا دێ. سێبەرێک هەر دوو لاقی دەگرێ و سەرەو خوار شۆڕی دەکاتەوە، لەوانەیە مێشکی بە کونا لووتیدا بێتە دەرێ. خودا خودایەتی داینێنەوە. لەبەر خۆیەوە نووکەنووکێک دەکا. ڕاستی دەکەنەوە و نەرم دایدەنێنەوە سەر عەرزی. ئەم چەن چرکەیەی بە ساڵێک لێ دەڕوا. سێبەرەکان هەندێک شتی گەرمی لەبەر دەکەن و دەست و لاقی دەجەڕێنن. سەرماکە دەڕەوێتەوە، هەست بە ئاسوودەیی دەکا. بڕێک دەم دەگێڕێ و زمان بە لێویدا دێنێ. نازانێ بۆ وا دەکا، بەڵام دەیکا، بێ ئەوەی خۆی بیەوێ، لەپڕ بۆنێکی ئاشنا بە لووتیدا دێ و شتێکی گەرمی نامۆ دەڕژێتە گەروویەوە. زوو زوو شەویلکەی شل دەبن و هەست بە ماندوو بوون دەکا،

دەق

هەناسەی دەگیرێ و بە مووشە مووش دەکەوێ. هەڵی دەگرن و لە شوێنێکی تایبەت و ئەلاحیدە دایدەنێن، بێ جووڵە و خوستە ئاخرین کەسە لە ریزێکی دوور و درێژدا، ئەمسەر و ئەوسەری لێک دیار نین. دەیان چیا و پێدەشتیان نێوانە. هیچ چاوێک هەتەری ئەوسەری ناکات. مەگەر بە باڵی ئەندێشە بیگەیتێ. ژن و پیاو لە یەک ریزدا راوەستاون. پشتەسەری یەک، بێ جیاوازی دین و رەنگ و مەزهەب، هەتا چاو هەتەر دەکا مرۆڤە و بە دوای یەکدا جەللەیان بەستووە. کەس وەکەس ناکەوێ. هەموو مابەینی خۆیان دەپارێزن، لە نەزەر شەرعییەوە هیچ ئیرادێکی نییە. یانی هیچ کەس و ئاینێک ناتوانێ و بۆی نییە ئیرادی بۆ داتاشێ. دەنا دەستیان تێ نەدەبرد؟ ئەستەمە ئەستەم. ئەگەر بیانتوانیبا سەدان پوازیان بۆ دادەتاشی و هەزاران کە لەبەر و دۆڵیان لێ دەدیتەوە. کارێکیان لەگەڵ دەکرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ. ئەم ریزە ئارامەشیان ئاڵۆز دەکرد، دەیانشێواند، دەیانکردە سەدان و هەزاران ریز، هەر رەنگ و ئاین و ئەندێشەیەک بە جوێ، هەر ریزە و بە شێوە و جلوبەرگێک. هەر جلوبەرگێک بە رەنگ و مۆدێک، بەوەی باشە ئالێرەدا هەموویان دەستەوەستان و بێ دەسەڵاتن. داماو و زەبوونن، کەس هیچی لە دەست نایەت. خۆشیان سەرشۆڕ دەکەن و پێ مل دەبن، بچنە ئەو ریزەوە لە نۆبەی خۆیاندا راوەستن، ریزەکە هێور و لەسەرخۆ تەکان دەخوات و دەچێتە پێشەوە. وردە وردە لەدوای ئەویشەوە لە ریزەکە دەنیشن. ریزەکە بە ئاهەنگی شەپۆلی زەمان دەبزوێ. رووبارێکە و لە رەوتدایە. زۆر کەم دەگاتە شوێنی مەنگ، پەنگخواردنەوەی کەمە. چکۆلە و گەورە، ژن و پیاو چاویان بڕیوەتە خاڵێکی دوور و نادیار. سەرەتای ریزەکە هەموو لە نۆبەدا راوەستاون. رێکوپێک، بێ پاڵەپەستۆ، دەبێ ئەمە تەنیا نۆبەیەک بێ کە لە هەموو دنیادا هەڵلاو تەنگەژەی لێ ساز نەبێ. کەسیش لە نۆبەکەی پەلەی نییە. یانی هەموویان رازین کە نۆبەکەی خۆیان بدەن بەوانی پشت سەری خۆیان، بەڵام کەس رازی نابێ و هەموو دەڵێن هەرکەس بە نۆبەی خۆی، لە راستیشدا هەروایە، کەسیش لە جێگای کەسێکی تر وەرناگرن. قەزای دیزە وە گۆزە ناکەوێ. وردە وردە بە کەشوهەوای ریزەکەدا دێ. لەگەڵ دەوروبەرییەکانی خۆیدا ناسیاوی پەیدا دەکا. پەیڤ و وشەکانیان دەناسێتەوە. رستەکانیان دەباتەوە سەر یەک، چاو و گوێی دەکرێتەوە، دەست و باڵی ئاواڵەتر دەبن. خۆی و دەوروبەرەکەی باشتر دەناسێ. تەمی نامۆیی دەڕەوێتەوە، هەوری دڕدۆنگی دەتارێ، تاوی دۆستایەتی هەڵدێ. دەوروبەرییەکانی جوانتر دەبینێ و دەیانناسێتەوە. سەری قسەیان لەگەڵ دەکاتەوە. لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا دەست دەکا بە یاری و گاڵتەوگەپ. بەشێک

لە ماوەی ریزەکە بە گاڵتە و گەپەوە دەباتە سەرێ. بەشێکی کورت و شیرین. هەر نازانێ چۆن هات و چوون. چرکەخەوێک و خەوبینینێک، نووچدان و راچەنینێک. هەندێک بیرەوەری مزر دەنیشێتە بن زمانی. بەدەم هەودای ئەم بیرەوەرییانەوە سەرێک هەڵدێنێ و چاوێک بە ریزەکەدا دەخشێنێ. چاوی لەسەر دوو چاوی گەش و رەش دەنیشێتەوە. تیرێژی نیگایان لێکدەئاڵێ. تیرێژێکی گەرم و تیژ، هەم دەبرێ و هەم دەسووتێنێ. بزەیەکی پێشکەش دەکا و گوڵی بزەیەکی لێ وەردەگرێت. ورده ورده بە پێدزە لە یەکتری نزیک دەبنەوە. هەستێک سۆزێک، لە دەروونەوە بەرەو لای یەکتریان دەکێشێ. وەک ئاو و خاک پەنجەکانیان لە یەکتری گرێ دەدەن. چەن پەیڤێکی نوقلاوی لە بەرۆکی یەکتر دەدەن. هەندێک هەناسەی بۆنخۆش دەپرژێنن بە رووی یەکدا. چۆن بوو هاتی بۆلام؟ نازانم! هەر ئەوەندە نەبێ ئەگەر تۆم دیت سەرەتای منداڵیم وەبیر هاتەوە، ئەودەم شیرینیم زۆر پێ خۆش بوو، ئەگەر بە بەر دووکانێکی شیرینی فرۆشیدا دەرۆیشتم، ئەو شیرینیانەم دەدیت پڕ دەمم دەبوو لە ئاو، ئیتر خۆم پێ رانەدەگیرا و خۆم تێ دەکوتا، بەشێکی زۆری پوول و خەرجییەکانم دەدان بە شیرینی. ئەمرۆش وام لێ هات کە تۆم دیت، دەمم پڕ بوو لە ئاو، خۆم پێ رانەگیرا، وەک ئەودەم بەلەز هاتم بۆ لات، هەر بە قەد شیرینییەک؟

- لە شیرینی شیرینترمان هەیە؟
- من تامەکەی دەڵێم،
- درۆ ناکەی؟
- نا، سوێند بە چاوە شیرینەکانت،
- بۆ چاوی من چییە وا سوێندی پێ دەخۆی؟
- نازانم! هەر ئەوەندە نەبێ زۆر پیرۆزن لام.

هەڵڵایەک لە ریزەکەدا وەخۆیان دێنێتەوە. پۆلێک دەسرەی سەوز و سوور و سپی وەسەما دەکەون. دەدەن لە شەققەی باڵ، ورده پوولەکە و نوقڵ و شیرینیان بەسەردا بەر دەدەنەوە، هەنگامەیەکی شیرین وەک تامی شیرینی. چەن منداڵێکی چەتوون وەک پوورەی هەنگ لە دەورەیان دەئاڵێن. ماوەیەک سەرگەرمی ئەم هەڵڵایەن، ریزەکە دەگاتە شوێنێکی خوڕ، هەڵدێرێکی تووش، بەلەز دەئاژوێ، تا وەخۆ دێنەوە وەرز گۆڕاوە، سەرما لەشیان ختیلکە دەدات. هێور هێور سەر چیاکان توێژاڵە بەفرێکی لێ دەنیشێ. هەواڵی هاتنی زستان رادەگەیەنن. بەربەرۆچکان خۆش بووە. لەگەڵ چەن کەسێکدا لەبن دیوارێک دادەنیشن. باسی سەرەتای دەست پێ کردنی ئەو ریزە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. دەیان و سەدان

بیرەوەری جۆراوجۆریان بە مێشکەوە نووساوە. جارجارە دانەیەکیان دەهێننە دەرێ و پاش هەندێک یاریی پێ کردن و کات رابواردن بە سپیایی دەینێنەوە سەر جێگاکەی خۆی. ریزەکە دوور و درێژە، چاو هەتەری لێ ناکات. ئەمان گەیشتوونەتە دەمەو کۆتایی. هاکا نۆبەیان هات. بە بەر قسەکردن و بیرەوەری شەنکردنەوە دەست دەدەنە گۆچانەکانیان و بەرێ دەکەون. لە کۆتایی ریزەکە نزیک دەبنەوە، هیچیان نازانن چ دەدەن و چ شتێکیان بەر دەکەوێ، بەڵام ئەوە دەزانن بگەنە کۆتایی و هەر شتێکیان دانێ وەریبگرن. بێ پرتە و بۆڵە. هەر نەفەرێکیان ماندوو دەبن و دەکەونە دڵەکوتێ و توانایان نامێنێ و بڕستیان لێ دەبڕێ. یەک لە منداڵەکان یان نەوەیەکیان هەڵیان دەگرێ و دەیانهێنێ لە کۆتایی ریزەکە دایاندەنێ. ئەوانی پێشی ئەوان لە درگایەکی بەرتەنگی چکۆلانەوە ئاودیو دەبن. ئیتر وەک بەردێک لە گۆمێک خرابێ. دەنگێک و هەندێک پریشکەی ئاو، رەوتی ئاوەکە شوێنەکەیان دەشواتەوە، ئەمانیش بە پێی خۆیان و بە بێ ویستی دەروون سەر لە دەرگاکە رۆ دەکەن و دەچنە ژوورەوە، وردە وردە نۆرەی ئەمیش دەگاتێ. کۆڵ و بارەکەی لە شان دەکاتەوە، تۆز و خۆڵی رێگا لە لەشی دەتەکێنێ. چاوێک لە دەوروبەرەکەی دەکات. سەرێک هەڵدێنێ و دەڕوانێ بۆ ئەوانەی تازە لە سەرەتای ریزەکە نۆبە دەگرنەوە. تەنگەنەفەس دەبێ و دەکەوێتە هەناسەبڕکێ. گەرووی توند دەبێ و چاوی لە رەشەوە دێن. بە پارێزەوە سەر دەکێشێتە نێو ژوورەکەوە. لەوانەی پێش ئەو دەهاتنە نێو ژوورەکەوە کەس دیار نییە. ئاساریشیان نابیندرێ. دەڵێی مێشێکیش بەو شوێنەدا رانەبردووە. تا چاو هەتەر دەکا چۆڵی و چۆڵەوانییە. ترس هاشاوڵی بۆ دێنێ. ئازای ئەندامی دەکەوێتە لەرزین. ترس و لەرز بەرەو پاشەوە پاڵی پێوە دەنێن. ئاوڕ دەداتەوە، کەس دیار نییە، رێگا بەستراوە، غەڵبە غەڵب و زەنازەنایەک لە دوورەوە، زۆر دوور پەردەی گوێی دەلەرێنێتەوە، دڵی وەک چۆلەکەیەک لە سنگیدا دەکەوێتە باڵ لێدان. دەفڕێ و دەفڕێ تا ماندوو دەبێ و بەلادا دێ. بە ئەسپایی پاڵ بە دیوارێکی شێدارەوە دەدات. خۆیەتی و هۆدەیەکی چۆڵ و تاریک. چاوەکانی لەسەر یەک دادەنێ و دەچێتە ماڵی فکرەوە. پەردەی خەونێکی قورس قورس دایدەپۆشێ.

٨٧/٧/٨

بۆکان




# باخچەیەکی ئەفسووناوی

**باران**

شوێن ژووری نەشتەرگەرییە. کات دەمی دیاریکردنی تەمەنی ئەوە. ئەو رووتبووەتەوە لە هەموو شتێک، ئەوەی لەبەریدایە تەنیا کراسێکی سپی تایبەت بە نەخۆشخانەیە. قژێکی رەش و درێژی لەناو کڵاوێکی تەنکدا شاردووەتەوە و لەسەر تەختێکی باریک، بێبڕست راکشاوە.

**شوێن گۆڕەپانی پارکێکی فراوانە. کات شەوە. دنیا پڕ لە بێدەنگییە و جەستەی ئەو شەکەتی دانیشتنی درێژایی رۆژە. بە پرچی پەخشانەوە، لە توێی کراسێکی سپییدا، بە خەونەکانی پۆشتەیە و بە گڕ و تاسەی فڕینەوە، وەختە سنگی، چەشنی بەڕوویەک بتەقێ و دوو باڵی لێ بڕوێت.**

پزیشک و پەرستارەکان دەوریان داوە، لە مقۆمقۆی ئەوەدان نەخۆشەکەیان بەرگەی بەنجی گشتیی ناگرێت. بۆیە بڕیارە نەشتەرگەرییەکەی بە بەنجی ناوچەیی بۆ بکرێت و لە کچەکە داوا دەکەن دەرهەق بە ژان خۆڕاگر و لەگەڵ ئەوان پشوودرێژ بێت. ئەو کە بێباکە لە روودانی هەر شتێک، تاکە داخوازی ئەوەیە بۆی هەبێت بە درێژایی کاتی نەشتەرگەرییەکە، بیستەری مۆبایلەکەی لە گوێدا بێت.

**پارکەکە کەسی لێ نییە، بەتەنها خۆی و تۆ نەبێت. ئەو گوێ لە هیچ دەنگێک ناگرێت، تەنها دەنگی ناو روحی تۆ نەبێت. تۆ دەگریت، هۆن هۆن دڵت لە چاوەکانتەوە دەڕژێت، وەک حەسرەت، لە قوڕگی گورگێکدا، کە بۆ مانگ**

**دەلووریێنێت. بە شکاندنەوەی دیمەنەکە لە ئەودا، بێحەواس لەتاریکیی گەردووندا، وەک پەڕێک خۆی دەداتە دەم با. چوون پچڕاندنی زنجیر و کردنەوەی کۆت و پێوەند، پێی لە پێڵاوەکان دەکاتەوە و نەرم نەرم دەکەوێتە سەما.**

پەرستارێکیان راسپارد گڵۆپەکان خامۆش بکات. ئاسمانی ژوورەکە تاریک داهات. لەمپایەک بە تیشکێکی بەهێزەوە ئاراستەی سنگی دەکەن و بۆ هێورکردنەوەی، ئاگاداری دەکەنەوە کە هەموو شت باشە و هەمووان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە ئامادەن. ئەو باش نییە، ئازار تەواو هیلاکی کردووە. دەرمانێکان داوەتێ هەستی لە گەرووی بڕیوە. ئەو پێیوایە هەناسەی بۆ نادرێت، بێسرەوت سەری بەملاولادا دەکێشێت. دکتۆرەکان دڵنیای دەکەنەوە کە ئامێرەکان نیشانی دەدەن کە هەناسەدانی باشە، ئەوە تەنها هەستی خۆیەتی بەهۆی سڕبوونی گـەروویـەوە، بەڵام هەستی خۆی زۆری لە حەقیقەتی وەهابوونی حاڵەتەکە کەمتر نییە، هەستی خۆی بەسە بۆ ئەزموونکرنی خنکان بە هەموو ئاستەنگییەکانییەوە.

**لەسەر ئاوازی دڵی تۆ، سەما دەکات. بەو هەستانەی لە قوڵایی ناخیدایە، دەجوڵێت. ئەو پێبەپێی خاوبوونەوە و گرژبوونتان شێوەسەماکەی دەگۆڕێت. (ساڵسا) و (فلامینکۆ)، (چامپیۆنس) و (تانگۆ)، تاوێ بە تەنیا و تاوێ لەگەڵ سێبەرەکەت، بە (ستیپ) دوور دەکەوێتەوە و بە (سلۆوفۆکس) دێتەوە باوەشت.**

بە چاوی کراوەوە، لەو دەستە خوێناوییانە دەڕوانێت کە ئیش لە جەستەیدا دەکەن. وەک بینینی خەوێک گفتوگۆیەکی خۆی و پزیشکەکەی دێتەوە گوێی کە سەبارەت بە چۆنێتی نەشتەرگەرییەکە پرسیبووی؛

+ دکتۆر، ئێسکەکانم دەشکێنیت؟

– ئێسکەکانت ناشکێنم، ئێسکەکانت دەبڕم!

تێگەشتن لە مانای جیاوازی شکان و بڕین، لەنێوان تێکدان و چاککردندا، وایکردبوو کەمتر سڵ لەو مقەست و چەقۆیانە بکاتەوە کە بەرەو رووی دەهاتن. لەگەڵ ئەوەشدا، دیمەنی دەستە سوورەکان، خاڵیی نەبوون لە سام و داچڵەکان.

**لەوێ لەسەر باڵی تۆ، ئارامە. با جەستەی وێرانی ناسۆر و برینیش بێت. لەوێ لە ئامێزی تۆدا، شازادەیەکی دڵنیا و شاهەنشای کات و زەمانە. با تیغی ژەهراوی قەدەر، چەنێک قووڵیش توانیبێتی، لە هەناوی رۆژگارەکانی چەقیبێت. ئەوەتا، لەوێ باخچەکە رەنگی ئەڤینی گرتووە، ئەستێرە لە هەناسەتان دەبارێ و شەو ئەفسوونی خۆی تێکەڵی سینەی پڕ نوورتان کردووە.**

نەشتەرگەرییەکە پاش خایاندنی کاتێکی زۆر، تەواو بوو، بەڵام ئەو دەمێ

بوو ئاگای لای ئەوان نەمابوو. پێکەوە لەگەڵ ئەو دەنگەدا کە لە بیستەری مۆبایلەکەیەوە دەهات، ژووری نەشتەرگەرییەکە و ئازارەکانیان جێهێشتبوو. ئەوان دوور رۆشتبوون و بەوەیان نەزانیبوو کە بە دۆخێکی ئێجگار ناهەمواردا تێپەڕیوە و چەند جار دڵی لە وەستانا بووە. وەختێ دەیانهێنایەوە هۆش خۆی، ناوچەوانیان دەسڕی و دەستیان دەگوشی، بانگیان دەکرد و دەیانوت؛ چ عەجیب بەهێزی تۆ، چ پەرجوویەکت خوڵقاند، ئەمڕۆ.

**وەکو بووک، بەسەر قۆڵتەوە، لەباوەشتگرتووە. دەگەڕێن ژێر درەختێکی لەبار بۆ گێڕانەوەی حیکایەتەکان دەدۆزنەوە. لە گۆشەیەکدا کە زیاترین تیشکی مانگی دەگاتێ، هەموو هەستەکانی دەروونتان دەپەیڤن. دەستتان لە دەستی یەکتری توندکردووە و بڕیاری خۆشنەکردنەوەی عەشق دەدەن. ئەو بۆ شکاندنی سەرخەوێک، سەری لەسەر رانت دادەنێ و تۆ خەریکیت، پرچی بۆ دەکەیت بە پەلک.**

بە گوتەی دکتۆرەکان، نەشتەرگەرییەکەی سەرکەوتوو بووە و دەکرێت تا خوا حەز بکات، بژی. لێ لە ئێستادا فرە ماندووە. بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی، هەرچەند (مۆرفین)ی بۆ دەکەن، هێڵنجی دێت و پتر نارەحەت دەبێت. شەو درەنگی کردووە، ئەو ناتوانێت بخەوێت. زەنگی تەلەفۆن لێدەدات، داوا دەکات بیستەری مۆبایلەکەی بکەنەوە گوێ. ئەوە یارە لە شارێکی دوورەوە، دەنگی وەکو ئاوازێکی جاوید دەڕژێت. یار دڵی لەگەڵ ژانی ئەم دەناڵێت. گەرەکێتی لەگەڵ چیرۆکێک بیبات و لەژێر تریفەی مانگدا بینوێنێت. وا بۆ ناو بەسەرهاتی باخچەیەکی ئەفسووناوی دەستی دەگرێت. کچەکە بە دەم بزەوە، پێڵووەکانی بە خەوێکی شیرین قورس دەبێت.

٢٠١٢ April

# شەش کورتیلە چیرۆک



کاروان محەمەد فەتاح

## گەڕانەی ئارەزووە ونەکان

(پێشکەشە بە ئەفسانەیەکی راستەقینە، ئەو کەسەی کە ئارەزووەکانی وەکو خۆی ونن).

پیرەژنەکە لەسەر کورسییەکی کەناری رووبارەکە دانیشتووە، ئاسمانی ئەو ئێوارە ئەرخەوانییە پاییزییەی سەر رووبارەکە پڕە لەو باڵندە جوانانەی، کە لە ساتی فڕیندا دەنگی شەقژنیان ناسک و خۆش وەک سەمفۆنیایەکدێتە بەرگوێ... تەماشای ئەو شەپۆلە تووڕانە دەکات، کە چۆن شڵپوهوڕیان دێت و دەجەنگێن لەگەڵ کەنارە وشکەکەدا، ئەویش چۆن ململانێیان دەکات... ئەمەیە بەردەوامی ژیان.

وردە پریشکی شەپۆلەکان بەر دامێنی کراسە رەشەکەی دەکەون، ئەو کراسەی کە رەنگە چاوەڕوانیی رەشی کردبێت. لێرە و لەگەڵ ئاودا چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەی، یان هاتنەوەی ئارەزووە ونەکانی دەکات، کە نزیکەی هەژدە ساڵە بە نەورەسێکدا ناردوویەتی بۆ ئەو ئارەزووانەی ونی کردوون، یان راستتر لێی دزراون... هەنووکە ئەوان زۆر دوورن، ئا... زۆر... رەنگە ئەوان ئێستا لە مەملەکەتێکی وێڵ و رەش و بێ ناونیشاندا بن.

ئەم پیرەژنەی کە قەتماغێک لە چاوەڕوانیی و نائومێدی جەستەیان داپۆشیوە،

لە ساتی ناردنی نامەکەوە تا ئێستا هەموو کاتەکانی ژیانی لە بەستێنی ئەم رووبارە بەسەر دەبات، بەڵکو نامەیەک بەدی بکات لە ملی یەکێک لەو باڵندانە. لەم هەموو ماوە درێژەدا چاوەکانی تەنیا نەورەسیان دەدیت و نەدەچوونە سەر هیچ شتێکی دی، یان هیچ باڵندەیەکی فڕیوی تر... هیچ... ئێستا بە ئەستەم پێڵوی چاوەکانی دەکرێنەوە و هەناسەکانیشی لە گەرووی پیریدا بە قورسیی دێنە دەرەوە. مەرگ لەگەڵ شەپۆلەکاندا رێ دەکات و دێت بۆ لای، مەرگێک کە ناهێڵێ ئەم مرۆڤە چاوەڕوانە وەڵامی ئارەزووەکانی خۆی ببینێت.

مرد... خەیاڵە بێ باڵەکانی... خەونە سپییەکانی... ئازارە گەورەکانی... هەموو لەگەڵیدا دەڕۆن، نازانن بۆ کوێ، بەڵام هەر دەڕۆن.

لە دوورییەکی زۆرەوە نەورەسێک لە پشتی شەپۆلەکانەوە دەردەکەوێت و باڵە جوانەکانی لێک دەخشێنێ و نامەیەکی رەنگ زەرد لە ملیدایە. نامەی وەڵامی ئارەزووە ونەکانە. نەورەسەکە دەگاتە سەر پیرەژنی ساردبووەوە... ئەمە دەقی نامەی ئارەزووە ونەکانە.

(لە ئارەزووە ونەکانەوە بۆ پیرەژنێکی پەژمووردە)

تۆ ماوەی هەژدە ساڵە نامەیەکت بۆ ئێمە ناردووە، بەو نیازەی بماندۆزیتەوە. دەزانین ئەو دەمەی ئەم نامەیەت نارد، گەنج بوویت، چونکە لە نامەکەدا هەستمان بە شەوقێکی زۆری تۆ کرد بۆ دۆزینەوەمان، وەلێ ئێمە وەکو شووشەی شکاو پارچە پارچە بووین و بە ئاسانی کۆ نەدەکراینەوە، هەر یەکەمان لە شارێکی رەش و ژێرزەمینێکی شێدار و سێبەرێکی ون و قورسدا بووین، ماوەیەکی زۆری پێچوو تا یەکدیمان دۆزییەوە... ئەوەتا ئێستا هاتووینەتەوە بۆ لات لەگەڵ ئەو نەورەسە جوانەی کە تۆ نامەکەت پێدا ناردبوو... بەڵام تۆ ئێمەت لە سەرگەردانیدا بەجێهێشت... تەواو... ئێمەشلێرەدا لەگەڵ تۆ دەخەوین.

## ئارەزووە ونەکان

### مردن بە دزییەوە

لەبەر پەنجەرەی باڵەخانە سێ نهۆمییەکەوە دەڕوانمە ئەو کۆڵانە خۆڵاوییە، کە توێژاڵێک تۆز لەسەر چیمەنتۆ کۆنەکەی نیشتووە. نیگام دەچێتە سەر پیاوێکی ترسنۆک کە بە دەستە بێ رەحمەکانی لە منداڵەکەی دەدات، بەوەی بۆچی شووشەی پەنجەرەی ماڵە دراوسێکەیانی شکاندووە؟ ئەو پیاوە بەو جۆرە ئازایەتییە دەیویست ترسنۆکی خۆی بشارێتەوە... مرۆڤە ترسنۆکەکان بۆئەوەی ترسی خۆیان بشارنەوە، ئازایەتی دەنوێنن.

دێمەوە لای مێزی کتێبخانەی ماڵە یەک ژوورییەکەم، لەم ماڵەی مندا هەموو شتێک هەیە، کتێب، پێنووس، مێز و کورسی، جێگای خەوتن، تەلەفزیۆن، خواردن، هەموو شتێک، بەڵام ژیانی لێ نییە، ژیان هەر لە سەرەتاوە بیری چوو جووڵە بۆ ئەم ماڵەی من بهێنێ و رووخساری ژیانی پێ ببەخشێت... من ئێستا بە دزی ژیانەوە دەژیم، نا... نەخێر، من ناژیم، بەڵام کاتێک کە دەمرم، ئەو کات خەڵکە بەناو زیندووە ناشیرینەکانی ئەم گەڕەکە بە مردنەکەمدا دەزانن کە من ژیاوم.

## قیامەتێک لە چاوەڕوانیی

((تا بەردەرگای قیامەت چاوەڕێتم، ئەو دەمەی مرۆڤەکان لێپرسینەوە و بەهەشت و دۆزەخ سەراپای بیریانی داگیرکردووە، من بێ پەروا و بە تەنیا بیر لە تۆ دەکەمەوە. بەناو ریزەکانی ئەو گوردەمەدا بۆت دەگەڕێم... دەتدۆزمەوە بە کزی لەپاڵ دارێکی زەرددا دانیشتوویت و وەکو هەمووان بیردەکەیتەوە، من دەستی تۆ دەگرم و دەتگەڕێنمەوە بۆ نێو ژیان، لە ژیاندا ئەزموونی خۆشەویستیت لەگەڵدا دەکەم، ئاخر من لە ژیاندا تۆم بینیوە، هەر دەبێ لە ژیانیشدا پێت بگەم)).

ئەم قسانە لە دڵی حۆمدا دەڵێمەوە، کاتێک کە لە بەرانبەر ئاوێنە باڵانووماکە وەستاوم و تەماشای خۆم دەکەم، دەتوانم ئێستا زۆر روون دەستی رۆژگار لەسەر رووخسارم ببینم، کە چۆن دەموچاومی کردۆتە کۆڵەوژی نێو تەنووری داخبوو. ناخۆشی ژیان بۆ من لەوەدایە کە ناچارم بژیم. ئای... ژیان چ گەمەیەکی بێتامە، چ شەوێکی ئەنگووستەچاوە، چ توونێلێکی تاریک و درێژە... ژیان نەبووایە بیرم لە مردن نەدەکردەوە... مردن نەبووایە بە هیواوە نەدەژیام... چاوەڕوانی نەبووایە نەدەبوومە ئەم مرۆڤەی ئێستا، کە زیاد لە هەرشت بۆنی مردنم لێ دێت.

## نامەیەک بۆ خۆم

گەرمای هەراسانکەری ئەو شەوە سەری کردووەتە کون و کەلەبەری حەوشەکە، دەنگی بێزارکەری سیسارکەکان مـوژدەی هاوینێکی گەرم و تاقەتپڕوکێن و رۆحکوژ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، حەوشەکە هێندە خامۆش و بێدەنگە، تەنانەت شنەیەکیش لە گەڵای دارتووەکە نایەت، گەڵاکان وێنەی مرۆڤێکی بێ ورتە دەدەن، هەموو شتێک لە بێدەنگییەکی ترسناکدایە... کوڕەکە لەسەر دۆشەکێکی کۆن پاڵکەوتووە و سەری ناوەتە سەر سەرینێکی بۆگەن و هەردوو

دەستی خستووەتە ژێر سەرییەوە و تەماشای ئەو ئەستێرەدوورونزیکانە دەکات، کە لەناو دڵی ئاسماندا هەڵواسراون، هەندێکیان بە جوانیی و روونیی دەدرەوشێنەوە و هەندێکی تریان لە شەرما کزکز وەکو دوا ساتەکانی کووژانەوەی فانۆسێک دەسووتێن.

هەڵدەسێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی ئەو نامەیەی کە ناردووییەتی بۆ خۆشەویستە دوورەکەی، ئەو کەسەی کە ئێستا رەنگە لە ناشوێن بێت و زەوی تەلاقی دابێت: ((ئەی کچی ونبوو! داوات لێ دەکەم لە ساتی خوێندنەوەی ئەم نامەدا، بە تەنیابە و لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەتدا دانیشە و گوێ بۆ حەحەپی سەگەکان رادێرە و رووخساری تێکچووی من بێنە پێش چاو. من هەموو وشەکانی ئەم نامەیەم تێکەڵ بە ئازارێکی قووڵ کردووە، تۆش بە ئازارەوە بیانخوێنەوە و دەستە ناسکە شمشاڵییەکانت لەسەر پیتەکان دانێ، من ئەو پیتانەم، بەڵێ... ئەوانە منن، هەرکات ویستت من ببینیت، برۆ سەیری ئەو پیتانە بکە. من نەمتوانی پێت بڵێم خۆشم دەوێیت، هەروەک چۆن نەمتوانی پێت بڵێم رقم لێتە... دڵنیابە وەک پرچ و هەناسەت لێت جیا نابمەوە و ئەو کاتەشی کە بیر لە تۆ ناکەمەوە، ئەوە ویستوومە پشوویەکی کورت بدەم و دووبارە و بە شێوەیەکی جیاواز خۆم شەلاڵی بیرکردنەوە لە تۆ بکەم... دەزانم کە مژووڵ بوون بە بیرکردنەوە لە تۆ، وەک گرەوکردنە لەسەر یارییەکی دۆڕاو، وەلێ هەروەک چاوی کامێرای نێو یاریگای تۆپی پێ، کە چۆن لەسەر تۆپەکە لانەچێت و بەردەوام بە دواوەیەتی، خۆ رەنگە تۆپەکەش پێی خۆش نەبێت کە ئەم کامێرایە دووی بکەوێت، منیش چاوی ئەو کامێرایەم و تۆش تۆپەکە... هیچ کات دووجار بیرم لە یەک شتی تۆ نەکردووەتەوە، بەڵکو هەر جارە و شتێکت بیرمی داگیرکردووە، جارێک دڵڕەقییەکەت... جارێک پێکەنینەکانت، کە ئازاری منت پێ دەدا، ئەو ئازارەی کە خۆم بەدوایدا وێڵ بووم... جارێکی تریش ئەو زەوییەکی کە پێیدا گوزەرت کردووە، چەندین جار لەو جێگە پێیانەوە تۆم بینیوە، کە تەماشای منت کردووە...

ئێستا ناتبینم، بەڵام هەستت پێ دەکەم.

ئەم نامەیەم بۆ ئەوە بۆت نەنووسیوە، کە وەڵامم بدەیتەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە من هەست بکەم بە تەواوی تۆم خۆش دەوێ، من ویستم خۆم تاقی بکەمەوە کە تا چەندە تۆم خۆش دەوێ، نەک زانینی هەستی خۆشەویستی تۆ بۆ من، هەنووکە گومانبڕ بووم لەوەی کە من بە راستی تۆم خۆش دەوێت.

چاوەڕێی وەڵامیشت ناکەم... ئێرەش کۆتایی نییە، بەڵکو کۆتایی بریتییە لە...)).

## تارمایی

کاتژمێر دوانزە لایـداوە... شەو بە هەموو تاریکیی و قورسیی خۆیەوە پـەردەی رەشی بەسەر زەمیندا داداوە... لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەڕوانمە کۆڵانە نووتەک و ترسناکەکە. لە سیلەی کۆڵانەکەدا چاوم بە تامارێک (تارمایی) دەکەوێت... هەنگاو بەرەو لای من دەنێت... چاوەکانم هەڵدەگلۆفم، دەڵێم نەک چاوم رێشکەوپێشکە بکات. زۆر لێم نزیک دەبێتەوە، تاڕادەیەک کە دەتوانم هەست بە هەناسەی بکەم، بۆم روون دەبێتەوە کە ئەو تارماییە واقیعییە، کچێکە بە بەرگێکی سپی ئاوەدامانەوە بەرەو لای من دێت، یان هەر من وا هەست دەکەم کە بەرەو رووی من دێت... ئای خوایە! ئەوە خۆیەتی... ئەوە کچی ناو خەونەکانمە... لە جێگەی خۆم هەڵدەستم و دەچم بۆ لای... ون دەبێت، ئا... ون دەبێت و نامێنێ... ئێستا تێگەیشتم کە ئەو بۆ من تارماییەکە، تەنیا دەتوانم لە دوورەوە ببینم و هەستی پێ بکەم...

## کۆتایی

لە یەکێک لە بەیانییە زۆر سارد و باراناوییەکانی وەرزی زستاندا چوومە نێو بازاڕ. کەسم نەدی، یان من کەسم بەدی نەکرد. چوون دەشتێکی قاقڕی کاکی بەکاکی بێدەنگ و تۆقێنەرچۆڵ بوو... دووکانەکان هەموو داخرابوون، تەنیا لەسەر دووکانێک نووسرابوو ((ئێرە کۆتایی دنیایە)). هەر ئەوەندەم بۆ خوێنرایەوە و تەواو...



## ڤینۆس فایەق:
# ئەوەی ئەدەب پۆلێن دەکات، ناسنامە و زمان و باگراوندە

**سازدانی: حەمە کاکەڕەش**

**دەمەوێت بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی، منداڵیی تۆ چۆن بوو، کەی هەستت کرد گەورە بوویت، چین ئەو وێنە و خەیاڵ و تابلۆیانەی کەوا لە سەردەمی منداڵییەوە تائێستا بەشێکی دانەبڕاون لە رۆحی تۆ، ئایا لە منداڵیدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان تۆ و شیعردا هەبووی؟**

منداڵی من زۆر ئاسایی بوو، لە خێزانێکی مامناوەند لەڕووی داراییەوە هاتوومەتە دونیاوە، لە تەمەنێکی منداڵییەوە دەستم داوەتە کتێب خوێندنەوە، رەنگە من یەکێک بم لەو کچانەی کە هەرگیز نە خەتخەتێن، نە ماڵە باجێنە، نە هیچ یارییەکی منداڵانە و کچانەم نەکردووە، هەر لە زووەوە خولیام خوێندنەوە بوو، هۆیەکی تریش ئەو کەشوهەوا سیاسییەی کە ماڵی ئێمەی تیابوو بواری ئەو یارییانەی نەداوم... ئەگەر رۆحێکی منداڵی، یان هەر ئاماژەیەک بۆ منداڵی و کچێنی لە شیعرەکانمدا هەبن، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دیمەنانەم زیاتر لە کچانی

تر بینیوە و وەکو شتێک کە نەمکردوون لە شیعرەکانمدا بەرجەستە دەبنەوە... هەر زوو درکم بەوە کرد کە ئارەزوویەکم هەیە بۆ نووسین، هەرچیم بەخەیاڵدا هاتبێت نووسیومە، هەتا دواجار لێکچوونی نێوان دەقەکانم ئەوەیان یەکلایی کردەوە کە ئەمانە شیعرن. پەیوەندی نێوان شیعر و من دەبوو بدۆزمەوە، چونکە دواجار شیعر یەکێکە لەو کایە ئەدەبییانەی پێوەی لەدایک دەبین. وەکو ئازارێکی نهێنی ناوەوەی لەشمان، دوایی تێدەگەین ئەمە هۆکەی چییە... دۆزینەوەی مەیل و ئارەزووم بۆ شیعر لەو ئازارانەوە سەریهەڵدا کە تووشم دەبوون بەردەوام.

**ئەمڕۆ زۆر کەس دەبینین شیعر دەنووسن لەئاستێکدا زمان و وێنە و خەیاڵێکی نزم و کەمخوێن بەرهەمدێنن، کەچی لە بڵاوکراوەکاندا هیچ ڕێگرییەک بۆ ئەو بەناو شیعرانە نییە و بگرە هەندێک جار ستایش دەکرێن، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە گەندەڵی ڕۆشنبیرییە؟**

من قسەم لەوانە نییە کە نەناسراون، یان گەنجن و هێشتا هێند کامڵ نەبوون و هیچ ئەزموونێکی ژیانیان نییە و بەهۆی ناسین و ناسیاوی و خاتر و خۆترەوە شیعریان بۆ بڵاو دەکرێتەوە، بێگومانم لەوەی ئەمانە ڕۆژگار چارەسەریان دەکات، یان پەرە بە بەهرەکانیان دەدەن و بەردەوام دەبن یان هەرزوو دەکوژێنەوە... بەڵام من قسەم لە هەندێ ناو هەیە کە ئێستا گەورە بوون و گرنگییەکی بێتامیان پێدراوە و ئیتر هەرچی بنووسن زۆر خراپیش بنووسن هەر چەپڵەیان بۆ لێدەدرێت و لەناو دەسەڵاتدا جێگەیەکی باشیان بۆ کراوەتەوە و لەبەرامبەر ئەوەدا شاعیر هەن زۆر لەوان جوانتر دەنووسن، بەڵام لەبەر ئەوەی هونەری موجامەلەی دەسەڵات نازانن لە دواوە ماونەتەوە، یان ئەسڵەن کۆمەڵگای ئێمە هێندەی ناوی شاعیرە پیاوەکان زل دەکات نیو ئەوەندە گرنگی بە ئیبداع و داهێنانی ژن نادات، ئەمە پرسیارە گەورەکەیە کە دەبێت بکرێت...

**وەک ژنێکی شاعیر تا چەند بڕوات بەو دەستەواژەیە هەیە کە ئەدەب یان شیعر دابەش دەکات بەسەر ئەدەب و شیعری ژنانە و ئەدەب و شیعری پیاوانەدا، ئایا ئەمە غەدر نییە لە ئەدەب و شیعر و خودی ژنیش؟**

ئەمە پێش ئەوەی غەدربێت لە ئەدەب و شیعری خودی ژن، ئەسڵەن غەدرە لە ئەدەب و شیعر دەکرێت، چونکە باوەڕم وایە ئەوەی لە وەزیفەی ڕاستەقینەی ئینسانییانەی ئەدەب تێگەیشتبێت، ئەو جۆرە پۆلینانە ناکات، هەر ئەوانەی داوای جیاکردنەوەی خانەیەک بۆ ئەدەبی ژن دەکەن، هەر ئەوانن داوای سیستمی

کۆتایان کردووە بۆ بەشداری سیاسی ژن، کە کەمکردنەوە و بێ بەهاکردنی تواناکان و ئامادەگی ژنە، بەجۆرێک کە بە رێژە مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکات و پرەنسیپی کەمینە و زۆرینە زەق دەکاتەوە. ئەمەش بەهەمان شێوە ژن جیادەکاتەوە و ناو و پێناسەیەکی تر دەبەخشێتە ئیبداعی ژن کە هیچ مۆرکێکی ئینسانی پێوە نامێنێت.

**وەک ژنێک بۆ ئەوە دەنووسیت خەونی داهێنان داگیری کردوویت، یان نووسینەوەی حەسرەت و خەون و ئازارەکانی ژن لە پێش خەونی داهێنانەوە مەحکومی نووسینی کردوویت؟**

تۆ کە خەون و ئازارگەلێکت هەبوو دەگەڕێیت بۆ شێوازێک لە دەربڕین، کە دەیدۆزیتەوە ومومارەسەی دەکەیت، منیش بەهەمان شێوە پەیم بەوە برد لە رێگەی شیعرەوە گوزارشت بکەم، دواجار ئەمە شتێکە و ئیبداع شتێکی ترە، ئەشێ من بنووسم، بەڵام رەنگە ئەوەی دەینووسم هیچ ئیبداعێکی تیا نەبێت، ئەشێ بە ئیبداعەوە بنووسم، بەڵام خەمێکی گەورەم نەبێت گوزارشتی لێ بکەم، ئەمە دوو شتی زۆر لەیەک جودان، بەشبەحاڵی خۆم دەنووسم بۆ ئەوەی بە زمانێکی جیا لە زمانی ئاسایی گوزارشت بکەم، کە ئاسوودەم دەکات، کە ئیبداعیش دەکەم ئەوە بەرهەمی ئیشکردنە لەسەر خود و پەرەپێدانی زمانی ئیبداع لە هەموو رووپەکەوە.

**لەپشتی شیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە، یان رۆشنبیرییەکی فرە رەهەند، ئایا دەکرێت لە دەرەوەی ئیلهام و رۆشنبیری بتوانرێت شیعر بنووسرێت، یان یەکێک لەو دووانە دەتوانێت شیعرییەتێکی قووڵ بخوڵقێنێت؟**

هەڵبەتە شیعرنووسین دەنگخۆشی نییە، تەنها پێویستی بەوە بێت چەند دێرێک شیعر لەبەرکەیت و بە ئاوازێک بیڵێیتەوە، رەنگە گۆرانیبێژی زۆر دەنگخۆش هەبن کە هەموو سامانەکەیان دەنگەکەیان بێت، لەهەموو تەمەنیاندا چەند کتێبیان خوێندبێتەوە، بەڵام شیعرنووسین جگە لەوەی بەهرەیە، پرۆسەیەیەکی دانەبڕاو و بەردەوامە لە رۆشنبیری و بەدواداچوون، چەند ئاستی رۆشنبیری و دنیابینی و هوشیاری شاعیر بەرز بێت، ئەوەندە باڵای شیعرەکانی بەرز دەبن. باوەڕم وا نییە شیعرە جوان و باڵابەرزەکان لەدەرەوەی رۆشنبیری بنووسرێن. رەنگە ئیلهام بنەمابێت، بەڵام دەربڕین بە زمانێکی شیعری ئەمەیە کە پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی رۆشنبیری و ئاسۆیەکی فکری و دونیابینییەکی فراوان هەیە. بۆیە

من وای دەبینم هەرگیز یەکێک لەو دووانە شیعرییەتێکی قوڵ ناخوڵقێنن، بەڵکو هەردووکیانە بەیەکەوە، کە شیعرە جوان و قووڵەکان بەرهەم دێنن.

**هەست و خەونە کپکراوەکان کردەی بەرهەمهێنانی شیعرن لەلای تۆ یان عەقڵ و رۆشنبیری، یان تێکەڵەیەک لەمانە؟**

مەرج نییە هەموو شاعیرە باشەکان شیعرەکانیان بەرهەمی خەون و هەستە کپکراوەکان بووبن، رەنگە لەگەڵ ئەمەدا خەمی رۆژانە و ئەزموونەکانی ژیان و خۆشی و ناخۆشییەکان و ئینجا عەقڵ و رۆشنبیری... هەڵبەتە بەلای منەوە هەر شاعیرە و بەتەنیا حاڵەتێکی شیعرییە بۆخۆی، وەکو خۆت وتت تێکەڵەیەک لەمانە، تۆ بۆ نووسینی شیعر لەیەک ئێلێمنت زیاترت پێویستە، پێویستت بە هەست و خەونە کپراوەکانیش و هاوکات بە ئەزموون و دنیابینی و فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆت لە تێڕوانینت بۆ جیهان لە دەوروبەرت و هەروەها عەقڵ و رۆشنبیریش تێکستەکان دەوڵەمەنتر دەکەن، چونکە ئەگەر عەقڵ و رۆشنبیری نەبوو وەکو گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکەمان لێدێت کە هیچ سەرمایەیەکی تری نییە جگە لەوەی تەنها دەنگی خۆشە.

**کورد ئەدەبێکی هەیە بە ناوی ئەدەبی تاراوگە، یان مەنفا، ئەدەبی کوردیی تاراوگە ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایە، ئەگەر نییە بۆ نییە؟**

دەزانی ئەم جۆرەش لە ئەدەب ئیستا وەکو ئەدەبی ژنان دێتە بەرچاوم، رەنگە لە کاتێک لە کاتەکاندا باوەڕم وا بووبێت ئەدەبێک هەیە بە ناوی ئەدەبی تاراوگە، بەڵام هەرگیز باوەڕم بە ئەدەبی ژنان نەبووە... بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی زیاترم لە تاراوگە بردەسەر و زیاتر لە ئەدەبدا قووڵبوومەوە، تێگەیشتم کە ئەدەبی تاراوگە، لانیکەم بەلای منەوە، بوونی نییە، چونکە ئەوەی ئەدەب پۆلین دەکات ناسنامە و زمان و باگراوندە، نەک جوگرافیا، بە چەند وشەیەکی تر ئەدەبی کوردی لە هەر کوێیەکی ئەم دونیایەبێت هەر وەکو ئەدەبی کوردی خۆی دەناسێنێت، بەوە نا کە ئایا تاراوگەیە، یان نیشتمانە، هەست و دەربڕینەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەمان شتە، ئەگەر مەسەلە فاکتەری غوربەت بێت، خۆ تۆ لەناو نیشتمانیشدا هەندێجار تووشی غوربەتێکی سەختتریش دەبیت. ئەگەر مەسەلەکە فراوانبوونی دنیابینی بێت، باوەڕم وایە ئەمە لە جیناتەکانی شاعیردایە ئامادەبێت ئاسۆی دنیابینی خۆی فراوان بکات بەهۆی بچووکبوونەوەی جیهان لەبەردەمیدا لە سایەی تەکنەلۆژیادا، خۆزگە پێم بڵێیت جیاوازی و خەسڵەتەکانی ئەدەبی تاراوگە چییە؟

من دەزانم و
باوەڕیشم وایە
ڕۆڵی شاعیر لە
ڕۆڵی سیاسی
گەورەترو
جوانترە،
بەڵام هێشتا
لە کوردستاندا
ئەو کەشوهەوا
سیاسییە
تەندروستە نییە
کە شاعیر بتوانێت
بە کامی دڵی خۆی
ئیبداع بکات و
ئیبداعەکەی بباتە
دەرەوە.

**ئامانجە سەرەکییەکەی شیعر چییە، یان شیعر لەدەرەوەی ئامانجە، ئایا شیعر بیر لە ئامانج بکاتەوە نامرێت؟**

شیعر بە گشتی وەکو منداڵ وایە کە لە هەناوی دایکەوە دەکەویتە خوار بۆ هیچ ئامانجێک دروست نابێت. شاعیر ناتوانێت ئامانجێک بخاتە بەرچاوی و شیعرێک بنووسێت، دەکرێت شیعر بۆ نیشتمان بۆ خۆشەویستی یان بۆ هەر بابەتێک بنووسرێت، بەڵام بۆ ئامانجێک نانووسرێت. بەچەند وشەیەکی تر دەتوانم بڵێم شیعر لەبەر بڕیار نووسرا هەر زوو دەمرێت، شیعر شتێک نییە بڕیاری لێ بدەیت و بۆی بنووسیت.

**ئایا نەوەی ئەمڕۆ توانیویانە دەنگێک بن جیاواز لە نەوەکانی پێش خۆیان و دنیابینییەکی نوێیان هەبێت؟**

ئەوانەی دوێنێش بەهەمان شێوەی ئەوانەی ئەمڕۆ کە تۆ پێیان دەڵێیت دەنگێکی جیاوازن، ئەوانیش پێشتر بەهەمان شێوە دەنگێکی جیاوازبوون لە نەوەکەی پێش خۆیان، ئەمە کاروانی داهێنان و تازەگەرییە، ئەمە بەرهەمی دنیابینییە، هەر سەردەمە و خەسڵەتی خۆی هەیە، هەر سەردەمە و دنیابینی خۆی هەیە، هەر نەوەیەش لەژێر کاریگەری سەردەمەکەی خۆیدا پەرە بە خۆی دەدات.

**لەم سەردەمە بێ پەیامەدا یان بێ (داستانە مەزنە)دا، دەکرێت هێشتا شاعیر وەک پێغەمبەر سەیر بکرێت؟**

نازانم بۆچی ئێمە بەردەوام چاوەڕێی داستان بین ئینجا سەردەمەکە پەیامێکی هەبێت، سەردەمی پەیام و پەیامبەران بەلای منەوە بەسەرچووە، ئەوە ئەو بیردۆزی بەپیرۆزڕاگرتن و بەپێغەمبەرکردنی تاکە شاعیرێک و زلکردنی و بەداستانکردنی هەموو بەرهەمەکانییەتی، ئەشێ هەموو شاعیرەکان دەقی جوانیش و ناشرینیشیان هەبێت، ئەمە درێژەی ئەو سەردەمەیە کە هێشتا لەهەندێ کەس وایە لەدوای فلانە شاعیر ئیتر کەسی تر شاعیر نییە، بەلای منەوە مەسەلەکە تەواو جیاوازە. شیعر چێژ و هەست و نەستە، جگە لە مەعریفە و دنیابینی و رۆشنبیری، شیعر هەیە لەڕووی ناوەرۆک و بابەتەوە جوانە، بەڵام لەڕووی تەکنیکی شیعرەوە لاوازە، بەپێچەوانەشەوە شیعر هەیە لەڕووی ناوەرۆکەوە بۆشە، کەچی وەکو تەکنیک و زمانسازی زۆر جوانە، کەواتە مەسەلەکە نەک لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ناپێورێت، بەڵکو لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر و لە کۆپلەیەکەوە بۆ کۆپلەیەکی تر دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکەیت و بیپێوین.

**هۆی چییە شیعری کوردی نەیتوانیوە ئەو تاریکییەی ژیان لە ژیانی کورددا لە زمانێکی ئیستاتیکی بەرجەستە بکاتەوە، تاکو ئەو تاریکییە ببێتە کێشەیەکی جیهانی؟**

ئەم پرسیارە پێویستی بە کتێبێک هەیە بۆ وەڵامدانەوەی، چونکە دەمانباتەوە بۆ گەلێ رەهەندی تری مێژوویی و سیاسی و هەلومەرجی نەتەوەیی و پێگەی میللەتێک لەناو میللەتانی دونیادا، ئەوە بەتەنها ئەرکی شاعیر نییە ئەوە بکات، کە ئێمە هێشتا لە هونەری بەلۆبیکردنی دۆز و کێشە مێژووییەکانمان نەزانین و هەتا ئێستا لە رووی سیاسییەوە دونیایەک کەموکورتیمان هەبێت و لەڕووی خوێندنەوەمان بۆ مێژوو دونیایەک چەواشەکاریمان کردبێت، هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانمان لەگەڵ دونیای دەرەوە و بردنە دەرەوەی ئازارەکانمان و ئاشناکردنی کۆمەڵگای دەرەوە بە ئازار و مەینەتی و کێشە و مەزڵومییەتەکانمان، داخوا شاعیرێک چی پێ دەکرێت لە کۆڕێکدا کە رەنگە چەند کەسێک بچن گوێی لێ بگرن. من دەزانم و باوەڕیشم وایە رۆڵی شاعیر لە رۆڵی سیاسی گەورەتر و جوانترە، بەڵام هێشتا لە کوردستاندا ئەو کەشوهەوا سیاسییە تەندروستە نییە کە شاعیر بتوانێت بە کامی دڵی خۆی ئیبداع بکات و ئیبداعەکەی بباتە دەرەوە.

دەزانی چ ئازاربەخشە کە تۆ وەکو شاعیرێک لە یەکێک لە پایتەختە

ئەوروپییەکان بوەستیت شیعر بخوێنیتەوە و باس لە ئازار و مەینەتییەکانی میللەتەکەت بکەیت و لەهەمان کاتدا لە جێگەیەکی تری ئەو شارە ئەوروپییە یەکێک لە بەرپرسە حزبییەکانی وڵاتەکەت هاتبێت سەفقەیەکی ئابووری بکات و خەریکی کڕین و فرۆشتن بێت. دەزانی من جارێک لە جارەکان بانگکرام لە یەکێک لە پایتەختە ئەوروپییەکان شیعر بخوێنمەوە، ڕۆژی دوایی بردیانین بۆ گەشتێک بەناو بازاڕی ئەو شارەدا، بە بەر دوکانێکدا تێپەڕین کە پێڵاو بە نرخی زۆر خەیاڵی دەفرۆشێت، ئەوەی لەگەڵماندا بوو، ئەوروپییەکە لە من باشتر زانیاری هەبوو لەسەر بەرپرسێکی کورد کە ساڵانە لەو دوکانە پێڵاوەکانی دەکڕێت جووتی بە هەزاران دۆلار، پێکەنی وتی ئەرێ بۆچی ئەو هەزاران دۆلارانە بۆ ئەو قوربانییانەی تۆ لەشیعرەکانتدا باسیان دەکەیت خەرج ناکات؟

ژیانی مرۆڤ چەند ساتێکە و هەرچییەک بخولقێنیت ئەوا بایەک هەڵدەکات و هەمووی لەگەڵ خۆیدا دەبات، ئەم دوو دێڕەم لە داستانی گەلگامیش خواستووە، دەپرسم ئایا شیعر دەتوانێت یادگارێک، شتێک، بنووسێتەوە و ئەو بایە نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات؟ ئەمە تەواو بەو پرسیارەش دەچێت کە ئایا بۆچی دەنووسین، بەشبەحاڵی خۆم من دەنووسم بۆ ئەوەی شتێکی جوان لەدوای خۆم بەجێبهێڵم. بەڵێ، لە توانای شیعردایە داستانەکان، مێژوو، بەسەرهاتەکان و هەموو ڕووداوەکانی مێژوومان بۆ تۆمار بکات و ئەو بایەش وا بە ئاسانی نەیبات، نموونەشم خودی داستانی گەلگامشە کە ئەو وتەیەت لێوە خواستووە. دواجار ئەوە شاعیرە چی دەنووسێت و چی بەجێ دەهێڵێت.

**پەیوەندی لەنێوان شیعر و مانادا چییە، ئایا شیعر بۆ تێکدانی مانا پیرۆزەکانە، یان بۆ بەرهەمهێنانی مانای دیکە؟**

نەخێر، هەرگیز شیعر مانا پیرۆزەکان تێک نادات، شیعر ئەگەر شتێک تێک بدات، ئەوا ئەو واقیعە تاڵە تێکدەدات کە ئازارمان دەدات، پاشان شیعر لەوە ناسکتر و جوانترە ئیشی تێکدان بێت. شیعر لەدایکبوونەوەی مانا جیاوازەکانە، دۆزینەوەی مانایە بۆ ئەو شتانەی مانایان نییە، یان مانایان ونکردووە.

**بێرتراند ڕووسێل. دەڵێت: هەرکەسێک بیەوێت ببێت بە فەیلەسوف، نابێت لە ناماقووڵ بترسێت. ئایا گونجاوە بڵێیت هەرکەسێک بیەوێت ببێت بە شاعیر نابێت لە ناماقووڵ بترسێت، ئایا هیچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان شیعر و ناماقووڵدا ئەگەر هەیە چۆنە، ئەگەر نییە بۆ؟**

هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا وتم، شیعر مانا بێماناکان دەدۆزێتەوە، کەواتە یەکێکی تر لە وەزیفەکانی شیعر بەخشینە، فەلسەفەیە بە شتە بێ ماناکان، جوانکردنی ئەو شتانەیە کە خەڵکی ئاسایی بە ناماقووڵیان دەبینێت. ببینە تۆ هەندێجار وشە و زاراوە و شوبهاندنی زۆر جیاواز و هەندێجار ناماقووڵ بەکار دەهێنیت بۆ تەعبیرکردن لە حاڵەتێک، یان بۆ دەرهێنانی فەلسەفەیەک لە شتێک کە خەڵک بە ناماقوڵی پێناسە دەکات، لەکاتێکدا تۆ شایستەی نووسینەوە و دارشتنەوەی دەبینیت لە شیعرێکدا و مانای پێ دەبەخشیت...

**ئایا شیعر خەیاڵمان دەتەقێنێتەوە، یان شیعر بوونەوەرێکی چێژبەخشە، ئامرازی چێژ بەخشینە، یان لەشیعردا دەبێت بۆ چی بگەڕێین، بۆ دەنگ و رەنگی دیوی ئەودیوی خۆمان و شتەکان بگەڕێین، یان شیعر خۆی گەڕانێکە بۆ ئەوەی خۆمان بیربچێتەوە؟**

شیعر بوونەوەر نییە، شیعر هەوڵە بۆ ونبوون، ئەسڵەن شیعر خۆ ونکردنە لەو واقیعەی داگیری کردووین، شیعر خۆشاردنەوەیە لەناو چێژێکی وادا کە ئیتر پێویستت بەدەوروبەرت نامێنێت. دەزانیت من ئەو دەمەی کە شیعر دەنووسم زۆر سەیر وندەبم و زۆر سەیر چێژ لەو ونبوونە دەبینم و ئیتر

ئەشێ شیعر
تێکەڵەیەک
بێت لە واقیع و
خەیاڵ، ئەشێ
ورێنەیەک بێت
بەدەم عەقڵەوە،
ئەشێ شیعر
خەوبینین بێت،
ئەشێ شتێکی
تریش بێت
جودا لەهەموو
ئەم شتانە

بۆ هیچ شتێک پێویستیم بەدەوروبەرم نامێنێت. شیعرنووسین رەنگەکانمان پێ دەدۆزێتەوە جارێکی تر، ئەشی ئەو رەنگی سپییەی من لە شیعرێکدا بەکاری دەهێنم هەمان ئەو رەنگە سپییە نەبێت کە بە چاوی موجەرەد دەیبینم ئەگینا ئەوەندە سیحراویی نەدەبوو، ئەمەش بۆ هەموو رەنگەکانی تر راستە. من کە شیعر دەنووسم خۆم بیر ناچێتەوە، بەڵکو لەناو واقیعدا خۆمم بیرچووەتەوە، لەگەڵ نووسینی شیعرێکدا ئەوەندە خۆمم بیر دەبێت هیچ کاتێکی تر وا نەبووم، بۆیە بە نووسینی شیعر خۆم ون دەکەم.

**شیعر ئەگەر روانینێکی تازەی نەبێت بۆ ژیان و پڕ نەبێت لەو شتە زیندووانەی کە بەچاوی ئاسایی نابینرێن و لێوڕێژ نەبێت لەو دەنگانەی کە بەگوێی ئاسایی نابیسترێن، دەبێت ئەرکی چی بێت؟**

ئاخر شیعر بەپێی بابەتی وەزیفەکەی دەگۆڕرێت، جاران شیعرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەتوانایدا بووە شۆڕشێک هەڵگیرسێنێت، جاران شیعر زۆرتر لەدەرەوەی خۆماندا بووە، بۆ نیشتمان، بۆ نەتەوە، بۆ شار و کەسوکار و ئەوانەی دەوروبەرمان بووە، بەڵام ئێستا شیعر لە رۆحەوە زیاتر نزیکە، شیعر زیاتر باس لە خود دەکات، بۆیە ئێستا ئینسان و تاکێتی زیاتر باڵادەستە لە دەقەکانی ئێستادا، لەمجۆرە شیعرەشدا وەزیفە کەمتر دیارە، شیعر زیاتر مامەڵەی لەگەڵ مانا و ماناسازی و فەنتازیا و زمانزانیدایە. بۆیە زەحمەتە بزانم وەزیفەی شیعری ئەم سەردەمە چییە.

**شیعر دەنگدانەوەی دونیای خەیاڵ و واقیعە. ئایا تۆ واقیع لەخەیاڵدا دەنووسیتەوە، یان بەپێچەوانەوە خەیاڵ لەواقیعدا دەنووسیتەوە. یان دەکرێت خەیاڵ و واقیع رەنگەکانی یەکتر بگۆڕن؟**

ئەگەر قسە لە خۆم بکەم، من لە شیعردا نە خەیاڵ لە واقیعدا دەنووسمەوە و نە واقیعیش لە خەیاڵدا دەنووسمەوە، من شیعر بۆ خودی خۆم دەنووسم. کە مردم ئەو شیعرانە منیان پێ دەناسرێتەوە، بەڵام ئەشێ شیعر تێکەڵەیەک بێت لە واقیع و خەیاڵ، ئەشێ ورێنەیەک بێت بەدەم عەقڵەوە، ئەشێ شیعر خەوبینین بێت، ئەشێ شتێک تریش بێت جودا لەهەموو ئەم شتانە.

**ئایا شیعری کوردی لە چ ئاستێکدایە وەک بەراورد بە شیعری نەتەوەکانی دراوسێمان تا دەگاتە شیعری جیهانی، مەبەستم ئەوەیە تاچەند گرنگی بە بەها**

**ئینسانییەکان دەداو ئایا توانیویەتی لە دەرەوەی سیاسەت دەنگێکی کاریگەربێت. ئینسانی کورد پەلکێشی رامان و بیرکردنەوە بکات دوور لە هاوارهاوار و ڤیژە ڤیژ.**

شیعری کوردی وەکو شیعری هەموو نەتەوەکانی تری ئەم جیهانە دوور و نزیک، گرنگییەکی باشی بە بەها ئینسانییەکان داوە، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا بەشێوەیەکی دیار بارگاوییە بە کەشوهەوا سیاسییەکە، ئەگەرچی کاریگەرییەکی ئەوتۆی پێوە دیار نییە، من نابینم هیچ کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت، ئەسڵەن لە ئێستادا گرنگییەکەی زۆر بە شیعر نادرێت، دەلیلیشمان ئەو زۆری بۆرییەی کە هەیە، ئەگەرچی من بەردەوام باوەڕیشم وایە ئێستا وای لێهاتووە کە کەسێک وتی من شاعیرم، ئیتر تۆ ناتوانیت بڵێیت وا نییە، بەڵام ئەگەر قسەکە لە کاریگەری بێت، ئەوە تۆیت دەزانیت ئایا هیچ هەیە ئەمڕۆ لە هەموو ئەوەی دەنووسرێت و پێی دەوترێت شیعر بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری بەسەرتەوە بەجێهێشتبێت، ئەوە تۆیت وەکو خوێنەر وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەیتەوە.

ئەوەشت لەبیر نەچێت، شیعر وەکو وتار نییە، ئەشێ وتارێک سەدی نەوەدی خەڵک بیخوێننەوە، بەڵام شیعرێک بە دانسقە خەڵک دەیخوێنێتەوە، ئیدی شیعر خۆراکی هەموو کەس نییە، هەموو کەس شیعر ناخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە هەموو ئەوانەی شیعر دەخوێننەوە کەمتر هاتوهاوار دەکەن، ئەوانەی هاتوهاوار دەکەن کەمتر شیعر دەخوێننەوە. بۆیە هاتوهاوار هەر دەمێنێت...

***

# وەرگێڕان

## وەرگێڕان


| | |
|---|---|
| شۆڕشی پاش پێکهاتەخوازی | **عەبدولخالق یەعقووبی** |
| ئەرکی وەرگێڕان، ئەرکی هزر | **سامان عەلی حامید** |
| ئاوڕدانەوەیەک لە کۆچیرۆکی (مادمازل کەتی)... | **توران خەندانی** |
| سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان... | **جەواد حەیدەری** |
| من و تەرمەکەی تەنیشتم! | **کەریم تاقانە** |
| بەرچنێک لە چوارینەکانی خەییام | **جەلال زەنگابادی** |

# شۆڕشی پاش پێکهاتەخوازی




**یۆهانس ویلیَم بێرتێنز**
**و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**

بەشی (١)

**پێشەکی**

پێشتر گوتمان دەکرێت دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە رەخنەی ئینگلیزی و ئەمریکی بێتە ئەژمار و لە بەشی پێشووشدا چەند جارێک دووپاتمان کردەوە، کە رەخنەی سیاسی لە بەراورد دەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دواتر وێدەچێت زۆر "سوننەتی" بێت- نەک هەر لە تۆژینەوە ئەدەبییەکانی خاوەن ئاراستەی سیاسی، بەڵکو لە تۆژینەوە ئەدەبییەکانیشدا بە واتا گشتییەکەی. باشە چۆن دەگونجێت رەخنەی مارکسیستی، رەخنەی فێمینیستی و رەخنەی نیژادی کە لە بەشی پێشوودا بەسەرمان کردنەوە، "سوننەتی" بن، لە کاتێکدا کە زۆر یەک لە ئەدیبانی زانکۆیی ئەم میتۆدانە تا رادەیەکی مەترسیدار زێدەخوازانە و توندڕەوانە لە قەڵەم دەدەن؟ گومانی تێدا نییە کە لە کەشوهەوای دەیەی ١٩٧٠دا ئەم تێڕوانینانە توندڕەوانە بوون. بە هەمە حاڵ، ئەوانیش، هەر کام لە جێی خۆی، بەردەوامیان بە کۆمەڵێک

سونتەتی تایبەت دا. فێمینیزمی نامارکسیستی و رەخنەی رەش پێستی، هەر لە بنچینەوە لەسەر بنەمای مرۆڤخوازیی لیبڕال (لیبڕال هیومانیستی) لە بابەت تاک دەکەوتنە گەڕ: سووژە دواجار سەربەخۆ و ئازادە و ئەوە خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، نەک کەسانی تر (واتە مێژینە و پێشینەی کۆمەڵایەتی، چین، دۆخی ئابووری و... هتد لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەودا کاریگەر و شوێندانەر نین). ئەم چەشنە لە رەخنەی فێمینیستی و رەخنەی رەش پێستی، بێگومان لە هەمبەر ئەو ئاستەنگانەی کە بە درێژایی رۆژگاران و سەردەمان لە سۆنگەی فەرق و جوادیەتیی کۆمەڵایەتی، دەرهەق بە ژنان و رەش پێستان -جا پیاو یان ژن- کراوە زۆر هەستیارە. سەرباری ئەوە، دواجار لەسەر ئەم باوەڕەیە کە سووژە بکەرێکی ئەخلاقیی سەربەخۆیە، هەروەها باوەڕی وایە کە ئەو "باشترینەی" ئەم سووژانە بە درێژایی زەمەن بیریان لێ کردووەتەوە و بەسەر زەمانیاندا گەڕاوە، خاوەنی گرینگایەتیی ئەوپەڕی زەمەنییە. رەخنەی مارکسیستی و نوسخەی مارکسیستیی رەخنەی فێمینیستی و رەش پێستی حاشا لە بوونی تاکەکەسێتییەکی خۆبژیو و سەربەخۆی ئەوتۆ دەکەن. زانیمان کە چۆنچۆنی لە شیکردنەوەی ئالتوسێردا لە بابەت ئایدیالۆژی "سووژە تا ئەو شوێنە کاریگەرە کە سیستم لەسەری کاریگەرە". سووژەکانی ئالتوسێر، رێک وەک ئەو بارودۆخەی کە لە مرۆڤناسیی پێکهاتەخوازدا بینیمان، لە راستیدا پێیان وایە کە لەسەر بنەمای ئیرادە و هەڵبژاردن دەکەونە گەڕ و کار دەکەن، لە کاتێکدا ئەوەی راستی بێت ئەوە پێکهاتەیەکە کە لەوە پێش بوونی هەبووە و ئەوان لە رێگەی ئەوەوە دەکەونە گەڕ و وەکار دەکەون. رەخنەی مارکسیستیش خاوەن کۆمەڵێک گریمانەی بنچینەیی تایبەت بە خۆیەتی. بۆ وێنە، لەو شێوە رەخنەیەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە تێڕوانینی مارکسیستی بۆ مێژوو وەک مەیدانی ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و چەمکەکانی مارکسیستیی لە چەشنی نامۆیی (alienation) و ئایدیالۆژی لە بنەڕەتدا دنیا بەو شێوەیەی کە هەیە و بووە نیشان دەدەن. هەر دووک لەو شێوە رەخنانە، واتە رەخنەی لیبڕال هیومانیستی و رەخنەی مارکسیستی، لەسەر ئەو باوەڕەن، کە لە باری فیکرییەوە، خاوەن بنەمایەکی پتەو و بەهێزن و هەر دووک پێیان وایە کە نەک هەر تێڕوانینیان بۆ راستەقینە و واقیع راست و دروستە، بەڵکو گرینگتر ئەوەی کە دەکرێت تێڕوانینێکی باوەڕپێکراو و جێی متمانەیان لەسەر راستەقینە و واقیع هەبێت.

هەر چەند لەوانەیە سەیر بێتە بەر چاو، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کە دەکرێت

بیروبۆچوونێکی باوەڕپێکراومان لەبارەی دنیادا هەبێت هەنووکە لە تۆژینەوە ئەدەبییەکاندا تێڕوانینێکی تەواو "سوننەتی" دێتە هەژمار. هەر چەند، مەبەست ئەوە نییە کە تێڕوانینێکی لەم چەشنە ناچارەکی هەڵەیە، بەڵام بۆ زۆر یەک لە رەخنەکاران و تیۆری داڕێژانی ئیمڕۆکە ئەمە گوزارەیەکە بۆ بەرگریکردن نابێت. بە رای ئەوان، ئەم بیرۆکەیە کە لە راستیدا دەکرێت جیهان بناسرێت، خاوەن ژێرخان و بنچینەیەکی تیۆریک نییە. ئەم تێڕوانینە، کە پێی دەگوترێت سریشتگەرایی (essentialism)، چونکی پێی وایە کە دەتوانین سریشتی (essence) شتەکان بناسین، بووەتە ئامانجی سەرەکی بۆ هێرشەکانی هزرمەندانی پاش پێکهاتەخواز کە ئەم بەشە و بەشی دواتری ئەم کتێبەمان بۆ تاوتوێکردنی دید و تێڕوانینەکانیان تەرخان کردووە. هەر وەک گوتمان، لە گۆشەنیگای زۆربەی رەخنەکارانی هاوچەرخ، شرۆڤەکانی پاش پێکهاتەخوازان دژی سریشتگەرایی تەواو قەناعەتهێنەرن، بەڵام بێگومان هەموان لەسەر ئەو باوەڕە نین. لە مەیدانی رەخنەی هاوچەرخدا، هێشتاش تێڕوانینی لیبڕاڵ هیومانیستی ئامادەیە، هەم لە بەرگی رەخنەی نوێدا، هەم لە قاڵبی رەخنەی لیویسی یان شێوەکانی فێمینیستی یان رەش پێستیدا. هەروەها هێشتاش دەبینین شێوەکانی "سوننەتی"ی رەخنەی مارکسیستی لەم مەیدانەدا هەر ماون. زۆرینەی رەخنەکارانیش ئەگەر چی ئەم خاڵە دەسەلمێنن کە وەدەستهێنانی زانستی قەتعی و باوەڕپێکراو دەربارەی جیهان ئەگەرهەڵگر و مومکین نییە، هێشتاش هەروا لەسەر ئەساسی بنەما سوننەتییەکان دەجووڵێنەوە و کار دەکەن. ئەم رەخنەکارانە ئەوەیان قبووڵە کە ئەم گریمانە سوننەتییانە چیتر جێگە و پێگەی جارانیان نەماوە، بەو حاڵەشەوە ئەم گریمانانە وەک ئەجێندا یان بەرنامەیەک، یان تەنانەت تەنیا وەک خاڵێکی دەستپێک و لە حوکمی ئاسۆیەک بۆ روانین کە هێشتا لە تۆژینەوەی دەقی ئەدەبیدا رۆشناییدەرە، بەکار دەهێنن، بەڵام بەردەوام لەسەر ئەم خاڵە پێدادەگرن کە ئەم ئاسۆی تێڕوانینە گومانی لەسەرە و دوا قسەی پێ نییە. مارکسیستی ئەمریکی، فریدریک جیمسن لە وتارێکیدا بە ناوی "مارکسیزم و پاش مۆدێرنیزم" کە ساڵی ١٩٨٩ بڵاو بوویەوە، ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە چیتر نابێت "ژێرخان و سەرخان"ی مارکسیستی وەک مۆدێلێک -واتە نواندنەوەیەکی راستەقینە لە جیهان- بسەلمێنین و پەسند بکەین، بەڵام بۆمان هەیە "بە دوور لە لایەنگرێتییەکی بێ بنەما" وەک "خاڵێکی دەستپێک و پرسێک" بیهێنینە ئەژمار (جیمسن ١٩٨٩:٤١-٤٢). لە سەروبەندی سەرهەڵدانی پاش مۆدێرنیزم لە دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠وە، تۆژینەوە ئەدەبییەکان زۆر

جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ بوونە. دنیای ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ ئاوێتەیەکی سەیروسەمەرەیە لە تێڕوانینە لە مێژینەکان، تێڕوانینە نوێیەکان و تێڕوانینە لە مێژینەکان لە بەرگی نوێدا (هەڵبەت مەبەستمان هەڵسەنگاندنێکی نەرێنییانەی ئەم تێڕوانینانە نییە)، بەڵام با لێرەدا باسی پاش پێکهاتەخوازی بهێنینە ئاراوە کە کاریگەرییەکی سەرسووڕهێنی لەسەر شێوازی تۆژینەوەی ئەدەبیات هەبووە.

**پاش پێکهاتەخوازی: پارادۆکسی کریتی و ڕێگەچارەی ئالبینییەکەی**

پاش پێکهاتەخوازی بەردەوامی و لە هەمان کاتدا نکووڵیکردن لە پێکهاتەخوازییە، هەم لە ئەدەبیاتدا، هەمیش لە مرۆڤناسیدا. لە ڕاستیدا، لە فەرەنسە، کە ئاخێزگەی پاش پێکهاتەخوازییە، ئەم تێڕوانینە بە گشتی دوابەدوای پێکهاتەخوازیدا دێت. لەو سۆنگەیەوە کە پاش پێکهاتەخوازی هەندێک لە دیعایە سەرەکییەکانی پێکهاتەخوازی پەسند و قبووڵ دەکات، و لەو ڕووەوە کە پاش پێکهاتەخوازی لە نیوەی دووەمی دەیەی ١٩٦٠دا بیچمی گرت، واتە لەو سەروبەندەی کە پێکهاتەخوازی لە ئەدەبیاتدا هێشتا لە حاڵی تەشەنە سەندندا بوو، وێدەچێت بۆمان هەبێت ئەو دوو تێڕوانینە وەک دوو لقی چەمێک لە قەڵەم بدەین کە هەر دووک لە ئاستێکی بەربڵاودا دژەهیومانیستین و ڕەگوڕیشەیان لە زمانناسیدایە. بەو حاڵەشەوە، لەم کتێبەدا ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەمان سەردێڕە ئاساییەکانەوە دەچینە پێشێ. سەرەتا لە پاش پێکهاتەخوازیی فەیلەسوفی فەرەنسی ژاک دریدا (١٩٣٠)، یان پێکهاتەشکێنی، بەو جۆرە کە زۆرجار ناوی دەبرێت، دەکۆڵینەوە، چونکی ئەمە یەکەم نوسخەی پاش پێکهاتەخوازی بوو کە گەیشتە ئەمریکا. ئەوە لە ئەمریکاوە بوو کە ئەم تێڕوانینە پەرەی سەند و تاوتەئسیرێکی سەیروسەمەرەی لەسەر تۆژینەوە ئەدەبییەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی هەبوو. دوای ئەوە باس لە پێگە جۆراوجۆرەکانی پاش پێکهاتەخوازانە دەکەین، کە پێکهاتەشکێنی لە دنیای ئینگلیزی زماندا ڕێگەی بۆ خۆش کردن؛ هەر چەندە لەوانەیە ڕاستەوخۆ لە نووسراوەکانی دریداوە سەرچاوەیان نەگرتبێت. لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠دا، هزرڤانێکی تری پاش پێکهاتەخوازیی فەرەنسی، واتە میشل فۆکۆ (١٩٨٤-١٩٢٦) مێژووزانی فەرەنسی، سەرنجی ئەدیبانی زانکۆیی بۆ لای خۆی پەلکێش کرد. لە بەشەکانی دواتردا کە باسوخواسی پاش پێکهاتەخوازی بەردەوام دەبێت، چاوێک دەخشێنین بەو تێڕوانینە سەرەکییانە لە ئەدەبیاتدا کە لەژێر ڕووناکایی پاش پێکهاتەخوازی هاتنە ئاراوە و لە ساتەوەختی

ئێستادا هەر وا لە تۆژینەوە ئەدەبییەکاندا برەویان هەیە.

ناکرێت بە بێ لەبەر چاوگرتنی بنەماکانی پێکهاتەخوازی باس لە پاش پێکهاتەخوازی بێتە گۆڕێ. هەر وەک پێشتر باسمان لێ کرد، پاش پێکهاتەخوازی لەسەر تێڕوانینی خەستوخۆڵی دژە هیومانیستیی پێکهاتەخوازی بەردەوام دەبێت و لەم باوەڕەشدا کە زمان شاکلیلی سەرەکیی تێگەیشتن لە خود و لە جیهانە ڕێگە و ڕێبازی پێکهاتەخوازی دەگرێتە بەر. بەو حاڵەشەوە، هەر چەندە پاش پێکهاتەخوازی لەسەر ڕوانگەی دژە هیومانیستی بەردەوام دەبێت و سەرنجی دەگرێتە پرسی زمان، بە گومانکردن لە -واتە پێکهاتەشکێنی- هەندێک لە گریمانە بنەماییەکانی پێکهاتەخوازی و میتۆدەکانی بەرهەمهاتوو لەو گریمانانە، بناغەی پێکهاتەخوازی سست و لەرزۆک دەکات.

پاش پێکهاتەخوازی لەسەر هۆگری و دڵەڕاوکێی پێکهاتەخوازی لە مەڕ زمان بەردەوام دەبێت، بەڵام تێڕوانینی دەربارەی زمان بە تەواوی لە تێڕوانینی پێکهاتەخوازان جیاوازە. ئەوەی ڕاستی بێت زمان لە ناوەندی جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەخوازی و پاش پێکهاتەخوازیدایە. هەر وەک بینیمان، پێکهاتەخوازی تێڕوانینە لە بنەڕەتدا زمانناسییەکان لە تۆژینەوەی کولتوور بە واتا گشتییەکەیدا بەکار دەهێنێت و پێکهاتەخوازی لە ئەدەبیاتدا هەر ئەو تێڕوانینانە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات بەکار دەبات. وێدەچوو دەکرا بیرۆکەی بوونی پێکهاتەیەکی بنەمایی و هەر وەتر ئەسڵی جیاوازی بە ڕواڵەت بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە پانتایی تۆژینەوە زمانییەکان بەرەو قەڵەمڕەوی تۆژینەوەی کۆمەڵەیەکی بەربڵاوی چالاکیی مرۆڤ -یان لەوانەیە هەموو چەشنە چالاکییەکی مرۆڤ- بگوازرێتەوە. ئاشکرایە کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی شت دەخۆین، پێویستمان بە پێکهاتەخوازی نییە، بەڵام پێکهاتەخوازی دەتوانێت لە شیکردنەوەی ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی کە خواردن و شتە پێوەندیدارەکان بە خواردن لە کولتوورە جۆراوجۆرەکاندا وەخۆی دەگرێت و هەروەها چۆنێتیی گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە خواردن، باش و بەکەڵک بێت. ئەگەر ڕوانگەیەکی وردبینانەترمان هەبێت، زۆرجار ئەم ئەسڵە دەبینین کە مانا و هەر بەم پێیە بەها، لەو جیاوازییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەکەوێتە گەڕ.

کەواتە، پێکهاتەخوازی زمان زۆر بە جیدی وەردەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا زمان وەک بابەتێکی زۆر ئاشکرا و ڕوون لە قەڵەم دەدات. پێکهاتەخوازی ئەوە دەزانێت کە هیچ چەشنە پێوەندییەکی سروشتی لە نێوان وشە و ئەو شتەی وشە دەگەڕێتەوە سەری لە ئارادا نییە -بە وتەیەکی تر، پێوەندیی نێوان زمان و ئەو

جیهانەی کە زمان وەسفی دەکات هەمووکات پێوەندییەکی بە پێی هەڵبژاردنە، بەڵام، پێکهاتەخوازی لە راستیدا لە ئەنجام و ئاکامە مومکینەکانی ئەم کەلێن و قەڵشتەی نێوان زمان و جیهان ناکۆڵێتەوە. لە لایەکەوە، ئەمە ئەوەندە مایەی سەرسووڕمان نییە، لەبەر ئەوەی هەموومان دەزانین و پێشتریش لە بەشی پێوەندیدار بە پێکهاتەخوازیدا باسی هاتووەتە ئاراوە، کە هەر زمانێک بۆ وێنە بۆ ئاماژەدانی بە ئەسپ، درەخت، یان سەگ لە کۆمەڵێک واژەی جیاواز لە چاو زمانێکی تر کەڵک وەردەگرێت. خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئێمە چیتر متمانەمان بە زمانی خۆمان نەمێنێت.

ئێمە هیچ کات دەستەویەخەی ئەو گومانە نابین کە لەوانەیە "chien" یان "Hund" -دوو وشەی فەرەنسی و ئەڵمانی لەبری سەگ- بۆ ئاماژەدان بە سەگ گونجاوتر لە وشەی "سەگ" بن. خۆ لەوانەیە لە خۆمان بپرسین کە بۆ وێنە پەنیری فەرەنسی یان ساردیی ئەڵمانی لەو پەنیر و ساردییەی کە لە وڵاتی خۆمان دروست دەکرێت، باشتر بێت یان نا، یان ئایا ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئەوان بەرهەمی دەهێنن جوانتر و پتەوترهەن یان نین لەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە وڵاتی خۆمان دروست دەکرێن، بەڵام هیچ کات دەستەویەخەی ئەو گومانە نابین کە رەنگە زمانی فەرەنسە یان ئەڵمانی باشتر لە زمانی ئێمە لەگەڵ جیهاندا لە پێوەندی دان. زمانی خۆمان ئەوەندە بۆ ئێمە سروشتییە کە کەم و زۆر هەرگیز ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە متمانەمان پێی نەمێنێت.

لە لایەکی ترەوە، هەموو کات لەم مەسەلەیە ئاگادار بووینە کە زمان بۆی هەیە زۆر خلیسک بێت و جێگەی متمانە نەبێت. یەکێک لەو مەسەلە کۆنانە وەبیر خۆتان بهێننەوە، بۆ وێنە مەسەلەی ئەو کرێتییەی کە دەڵێت هەموو کرێتییەکان درۆزنن. ئێستا ئەگەر هەموو کرێتییەکان درۆزن بن، کە وایە ئەو شتەی ئەو کرێتییەی گوتوویەتی راستە، بەڵام لە هەمان کاتدا خودی ئەو شاهیدی ناڕاست بوونی ئەو قسەیەیە کە دەیکات، چونکی ئەگەر ئەو یەک لە خەڵکانی کریت بێت و قسەکەشی درۆ نەبێت، کە واتە لانیکەم بۆ تاقە جارێکیش کرێتییەک درۆی نەکردووە. هەڵبەت ئەم جۆرە مەسەلانە حاڵەتی جۆراوجۆری هەنە. لێرەدا مەسەلە ئەوەیە کە کریتییەک دیعایەیەکی لەم چەشنە دەکات. ئێستا ئەگەر ئەو کەسەی کە قسەیەکی لەم چەشنە دەکات خەڵکی ئالبنیی نیویۆرک بێت ئەم دیعایەیە یان راستە یان درۆ. مەسەلەکە تەنیا لەو شوێنەوە ئاو دەخواتەوە کە بێژەری ئەم گوزارەیە خۆی ئەندامی ئەو گرووپەیە کە گوزارەکە ئاماژەی پێ دەکات و خودی ئەویش شموولی ئەو دیعایەیە دەکات کە دەیهێنێتە ئاراوە.

بەمجۆرە زمان لە دەستی دێت ئێمە بەرەو بنبەستی سەیروسەمەرە رابکێشێت. مەسلەگەلێکی لە چەشنی مەسەلەی کریتی نیشاندەری ئەوەیە کە لانیکەم بۆ جۆرێک لە گوزارەکان، پێویستمان بە بوونی ئاسۆیەکی تێڕوانینی دەرەکی، واتە خاڵێکی گەڕانەوەی دەرەکی، هەیە. کەواتە، ئەگەر بخوازین شتێک دەربارەی زمان بڵێین لە شێوە ئارمانج خوزانەکەیدا پێویستمان بە بوونی روانگەیەکی دەرەکی هەیە، بەڵام لە بابەت زمان، ئاسۆیەکی تێڕوانین و روانگەیەکی دەرەکی بوونی نییە. تەنیا لە رێگای زمان و بە کەڵکوەرگرتن لە خودی زمان دەتوانین دەربارەی زمان قسان بکەین. دەربارەی هەرشتێک کە بدوێین و هەرچییەک کە بیڵێین، بەردەوام لەنێو خودی زمانداین.

خاڵێک نەک هەر لە بابەت زمان، بەڵکو لە بابەت ئەو پێکهاتە گەورە کولتوورییانەش کە پێکهاتەخوازان هەوڵیان دا شییان بکەنەوە و هەڵیانسەنگێنن راستە. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە پێکهاتەکانی زمان و کولتوور لە رێگەی ئێمەوە قسان دەکەن، نەک ئێمە لە رێگای ئەوانەوە، کە واتە دەشێت ئەوە بسەلمێنین و قبووڵ بکەین کە ئێمە هەمووکات لەنێو ئەو پێکهاتانەداین، بەڵام لەم حاڵەتەدا رووبەڕووی پرسێکی جیدی دەبینەوە. ئەگەر وەک پێکهاتەخوازان، بخوازین دەربــارەی ئەو پێکهاتانە قسان بکەین و شتێک بڵێین، خۆمان لە پێگەیەکدا دەدۆزینەوە کە هاوشێوەیەی پێگەی ئەو کریتیەیە کە دیعایەیەک دەربارەی هەموو کریتییەکان دەهێنێتە ئاراوە، کە خۆیشی یەکێکە لەوان: ئێمە لەنێو ئەو پێکهاتانەداین کە بابەتی گوزارەکانی ئێمەن. پێکهاتەخوازان هیچ کات لەم پرسەیان نەکۆڵییەوە و بە چەشنێک جووڵانەوە وەک بڵێی ئەوان خۆیان هیچ کات بەشێک لەو پێکهاتانە نەبوونە، وەک بڵێی پێگەیەک لە دەرەوی زمان و پێکهاتەکانی تردایە –بە کورتی وەک بڵێی ئەوان خەڵکی ئالبنیی نیویۆرکن، نەک کریت.

**وەهمی ئامادەبوون (حزوور)**

ئەو راستییە کە هیچ کات ناتوانین بۆ قسەکردن لەسەر زمان بچینە دەرەوەی زمان، لانیکەم لە باری تیۆریکەوە خۆی پرسێکە، بەڵام پرسێکی تریش دەربارەی زمان لە ئارادایە کە لەوانەیە گرینگتر و جیدیتر بێت. هەر وەک باسمان کرد، هەر زمانێک کە لە تافی منداڵیدا فێری بووبێتین، هەمووکات بە تەواوی سروشتی دێتە بار چاومان و هەمیشە دەڵێی لەگەڵ ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین بە

تەواوی دەگونجێت، بەڵام ئەم "سروشتی بوونە" چییە؟ یان باشترە بڵێین، چۆن دەکرێت و دەلوێت ئەو شتەی کە دەزانین دڵخوازانە و بەپێی هەڵبژاردنە، واتە پێوەندیی نێوان زمان و واقیع، وەک شتێکی تەواو سروشتی ئەزموون دەکەین؟ بۆچی ئەم دڵخوازبوونە بەردەوام ئازارمان نادات؟ وەڵامەکەی زۆر سادە و ئاسانە: ئەم دڵخوازبوونە ئازارمان نادات، چونکی ئێمە تەنیا بە چاوی ئامراز لە زمان دەڕوانین، ئەو شتەی ئەگەری کارێک، واتە دەربڕینی مەبەستی خۆمان بۆ دەخوڵقێنێت. ڕێک وەک چۆن لە ڕاستیدا گرینگ نییە کە بە قەڵەمی ئاسایی دەنووسین، یان بە قەڵەمی نەرم، یان پێنووسێکی قەدیمی، یان لە چ ڕەنگێک کەڵک وەردەگرین، ئەو زمانەی بە کاریشی دەهێنین لە ڕاستیدا گرینگ نییە، چونکی تەنیا بەکاری دەهێنین بۆئەوەی شتێک دەرببڕین کە وەپێش زمان دەکەوێت: ئەو شتەی کە بەر لەوەی بۆ بیچم پێدانی لە دووتوێی کۆمەڵێک وشەدا دەستوداوێنی زمان بین، لە زەینی ئێمەدا ئامادەیە، بەڵام لەوەپێش دەزانین کە دەمانەوێت چی بڵێین و پاشان کۆمەڵێک وشە بۆ دەربڕینی مەبەستەکەمان دەستەبژێر دەکەین. ئەو قەتعییەت و خاترجەمییەی کە ئێمە دەزانین بەو شتەی دەیزانین، کە ئێمە لەگەڵ خۆماندا لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بێ نیونجیدان، هەر بۆیە دەتوانین ئەو شتەی کە دەیزانین و هەستی پێ دەکەین لە چوارچێوەی کۆمەڵێک وشەدا بیگونجێنین، بنەمای ئەو متمانەیەیە کە بە زمانی خۆمان هەمانە. ئێمە ئەو شتەی کە بۆ ئێمە ئامادەیە و هەر لەو سۆنگەیەوە هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە، دەناسین.

بۆچی لەسەر ئەم پێوەندییە ڕاستەوخۆ و بێ نێونجییە لەگەڵ خۆمان تا ئەو ڕادەیە پێداگری دەکرێت؟ وا بێننە بەر چاوی خۆتان کە لە چوارڕێیانێک ڕاوەستاون و چاوەڕێی گڵۆپی سەوز دەکەن و کەسێک لە پشتتانەوە دێت و بە پڕتاو خۆتان پێدا دەدات و ئێوە بێ هۆشوگۆش فڕێ دەدرێنە سەر شەقام. پاشان، لە ژوورێکی تەواو تاریک کە هەموو درز و کەلێنێکی گیراوە و دەنگ نایگاتێ وەهۆش خۆتان دێنەوە. زەینتان بۆ هیچ ناچێت کە چیتان بەسەردا هاتووە و لە کوێن. لە بابەت هیچ شتێکەوە دڵنیا نین. ژوورەکە لەوانەیە تاریک نەبێت و ئەوە ئێوەن کە چاوتان بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە دەیزانن نووقاندووە. کە واتە زانیارییەکانی ئێوە چین؟ تەنیا شتێک کە لە ڕاستیدا دەیزانن ئەوەیە کە تا ئاستی مردن تۆقاو و تووڕەن. لەوسۆنگەیەوە ئەم شتانە بە دڵنیاییەوە دەزانن کە لە لای ئێوە ئامادەن. کە وایە ئامادەبوون بنەمای دوایین پاژەکانی ئەو زانستە ڕاستەقینەیەن کە لە بەر دەستتانە و زمان ئەگەری ئەوەتان پێ دەبەخشێت تا ئەو زانستەی کە لە بابەت دنیای دەرەوە هەتانە بیگوازنەوە. دریدا، فەیلەسوفی

فەرەنسی، بە ئەم ئاوێتەیە، کە پێی وایە سەرلێ شێوێنە، لە ئامادەبوون و زمان دەڵێت گوتە تەوەری (logocentrisim).

متمانەی ئێمە بە زمان پابەندی ئەو شتەیە، ئەو کاتەی لە راستیدا کەڵک لە زمان وەردەگرین، روو دەدات یان پێمان وایە روو دەدات؛ دیارە بە دڵنیاییەوە پابەندی بیستنی قسەی ئەوانی تر نییە: بەپێی ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە کە گوێ راگرتن بۆ ئەوانی تر ناچارەکی ئێمە ناخاتە بەستێنێکی پێوەندی ئامێز لەگەڵ دۆخی راستەقینەی ئەوانەوە -بۆ وێنە، ئەوان لەوانەیە درۆ بکەن، یان لەوانەیە توانایی ئەوەیان نەبێت ئەو شتەی لە راستیدا دەیانەوێت بیڵێن، دەری ببڕن. لە لایەکی تریشەوە ئەم متمانەیەی ئێمە بە زمان بە دڵنیاییەوە پابەندی نووسین نییە: نووسین لەوانەیە هێندەی گوتە جێی متمانە پێکردن نەبێت و بە هەمان رێژە ناڕوون و تەمومژاوی بێت. تەنانەت نووسین هەڵگری دۆخێکە کە ئەگەر نەتوانین بە چاو بیبینین، ئەگەری تێگەیشتن لە هەقیقەتمان پێ نابەخشێت. کاتێک کەسێک قسەمان لەگەڵ دەکات، ئەگەر لەو شتەی کە دەیڵێت تێنەگەین، بۆمان هەیە قسەی پێ ببڕین و پرسیاری لێ بکەین و ئەگەر بکەوینە شک و پێمان وا بێت خەریکە درۆمان لەگەڵ دەکات، دەتوانین بە وردی سەیری بکەین و لە رێی هەندێک نیشانەی ترەوە پەی بە راستییەکان ببەین. هەر چەندە دواجار هەرگیز ناتوانین بە خاترجەمی و دڵنیاییەوە بڵێین کە دەستمان بەو شتەی لە هزریدا دێت و دەچێت -واتە ئەو هەقیقەتە ئەسڵییەی کە لە دیوی ئەو دیوی وشەکانیدا حەشار دراوە- راگەیشتووە، بەڵام لە بەراورد دەگەڵ ئەو کاتەی رووبەڕووی نووسین دەبینەوە لە بارودۆخێکی باشتر داین و باشتر دەتوانین کاکڵی بابەتە بەرباسەکانی وەدەست بهێنین.

## لە بابەت بەرگریکردن لە ئامادەنەبوون (غیاب)

سوننەتی فەلسەفیی رۆژاوا و هزری باوی رۆژاوایی هەموو کات ئیمانی پتر بە ئاخافتن بووە تا نووسین، بەڵام ئایا ئاخافتن جێی متمانەیە؟ ئایا تەنانەت ئەو وشانەی کە ئێمە خۆمان بە زاریدا دێنین جێی متمانەن؟ دریدا، کە کاکڵی ئەو شتەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم لە نووسراوەکانی ئەو وەرگیراوە، دەڵێت، "نا". رێ بدەن با لە خاڵە سەرەکییەکانی باسوخواسەکانی ئەو بە کورتی بدوێین. بەر لە هەرشتێک، دریدا پێمان دەڵێت، "زمان لە زاتی خۆیدا جێی متمانە نییە. وەک بینیمان، زمان لە سەر بنەمای جیاوازی کار دەکات و وەگەڕ دەکەوێت.

ئەو شتەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوەی وشەکان ئاماژە بە شتێک بکەن، جیاوازی ئەوان لە وشەکانی ترە، نەک پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان وشەکان و وەک دەڵێن ژێدەرەکانیان، بەڵام ئەم وشانە لەنێو سیستمێکی زمانیدا (واتە زمانێک) کار دەکەن کە هیچ کات وێککەوتن و پێوەندییەکیان بە دنیای راستەقینەوە نییە. چ وشەیەک لە ئارادا نییە کە بۆی نەبێت فۆرمێکی تری هەبێت و وەک دەڵێن لە کۆت و بەندی ژێدەرەکەی دابێت و فۆرمەکەی لەسەر دەستی ژێدەرەکەی دیاری بکرێت. ئەم حاڵەتە تەنانەت لە بابەت وشەگەلی کەم و زۆر ناخودئاگای دەربڕینی ئازاریش (ئاخ، ئۆف، وەیڕۆ و... هتد) راستە، چونکی ئەم وشانەش لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا شێوەی جۆراوجۆر وەخۆ دەگرن. ئەگەر وشەیەک هەبوایە کە شێوەی لە کۆتوبەندی ژێدەرەکەیدا بووایە (واتە فۆرمەکەی پەیڕەوی واتاکەی بێت)، ئەوکات ئەم وشەیە بە تەواوەتی پەیڕەوی واقیع و لە بەندی واقیعدا دەبوو و دەبووە رەگەزێکی بە تەواوەتی نەگۆڕ و "راستەقینە" لە سیستمی زمانیدا کە دەکرا بە بۆنەی ئەوەوە وشەی زیاتر دروست بکرێت و بەمجۆرە زمانی بە تەواوەتی دەخستە نێو بازنەی جیهانی راستەقینەوە. لە دۆخێکی ئەوتۆدا، واقیع دیاریکەری شێوەی زمانی ئێمە دەبوو. هەر چەندە، لە راستیدا ئێمە رووبەڕووی ئەو مانایانە دەبینەوە کە لە "جیاوازییەوە" سەرچاوە دەگرن و راستەوخۆ پێوەندییان بەو دنیایەوە نییە کە ئاماژەی پێ دەدەن و بۆی دەگەڕێنەوە. وەک چۆن سوسور گوتوویەتی، مانا لە زماندا سەرچاوەگرتوو لە پێوەندیگەلی جیاوازیکارانەیە، نەرێنییە نەک ئەرێنی. هەر بۆیە دریدا ئەوە دەڵێت کە وشە هەرگیز لە زەمەندا نەگۆڕ و راوەستاو نینە.



**ژێدەر:**

Bertens, Johannes Willem
Literary Theory: The basics



# ئەركی وەرگێڕان، ئەركی هزر

والتەر

**عەبدولسەلام بنعەبدولعالی**
**و. لەعەرەبییەوە: سامان عەلی حامید**

هەڵبەت خوێنەر تێبینی ئەوەی كردووە كە ناونیشانی سەرەوە ئاماژە بۆ دوو نووسەری بەناوبانگ دەكات، یەكێكیان "والتەر بنیامین" (١٨٩٢ـ١٩٤٠) ەو ئەوی تریان "مارتن هایدیگەر" (١٨٨٩ـ١٩٧٦) ە، دواتر ئەوە روووندەكەینەوە كە ئەو دوو ناودارە سێبەری خۆیان بەسەر ئەو بابەتە كە لێیدەكۆڵینەوەو ئەو هزرە كە سەبارەتی دەدوێینو ئەو مرۆڤە كە بایەخی پێدەدەین، دادەپۆشن.

ئەو شتەی كە پێویستە لە سەرەتادا جەختی لەسەر بكرێت ئەوەیە كە لێرەدا پرسەكە وابەستە نییە بە دۆزێكی لاوەكیی پەراوێزییەوە، گەر، لەو چوارچێوەیەدا كە ئێمە لەهەمبەری دەدوێین، جیاكاریكردن لەنێوان پەراوێزیی و لاوەكیی جیاكارییەكی دروست بێت. لەڕاستیدا پرسی وەرگێڕان، گەر نەڵێین دەمانخاتە نێو كرۆكی هزرەوە، با بڵێین دەمانخاتە نێو ناوەڕۆكی ســەرقاڵییەكانی بلانشۆ (١٩٠٧ـ٢٠٠٣) وە. هەر ئەمەشە كە ئەو خودی خۆی جەختی لەسەر دەكات كاتێك كە دەڵێت: "گەر ئێمە، چ بە راست و چ بە چەوت، بەردەوامبین لەسەر گوتنی ئەوەی

کە، شاعیران‌و رۆماننوسان‌و تەنانەت رەخنەگرانیش هەن و هەمووشیان ئەرکی دەستنیشانکردنی واتای ئەدەب لە ئەستۆی خۆیان دەگرن، ئەو کاتە پێویستە وەرگێڕەکانیش لەنێو ئەواندا ئەژمار بکەین"[١].

ئێمە لەمیانی ئەم دوو دەقە سەرەکییەوە باس لە پرسی وەرگێڕان دەکەین لای بلانشۆ: دەقی یەکەم لە دوتوێی کتێبی "بەشی ئاگر" لەژێر ناونیشانی "وەرگێڕراو لە..." بڵاوکراوەتەوە، ئەوی تریان لە دوتوێی "هاورێیەتیی" لەژێر ناونیشانی "کاری وەرگێڕان" دا بڵاوکراوەتەوە. بلانشۆ لەنێو ئەم دەقەی دواییاندا سەبارەت بە بابەتی وەرگێڕان دەدوێت و وەڵامی لێکۆڵینەوەی "ئەرکی وەرگێڕ" ی بنیامین دەداتەوە. وەک دەزانین حاڵی بلانشۆ هەر ئەوهایە. چونکە زوربەی کات وتارەکانی ئەو گفتوگۆی بیریارێک یان پێداچوونەوەی کتێبێک پێکدێنێ. هەروەها من دەمەوێ لەوبارەیەوە جەخت لەسەر پرسێکی سیستماتیکیی بکەم کە پێموایە پرسێکی سەرەکییە، ئەویش ئەوەیە کە نابێت ئێمە بچینە نێو هەوڵێکی نەزۆک و بێهودە و رەنگە بێمانای جیاکاریی کردن لەنێوان ئەوەدا کە هی بلانشۆیە و ئەوەی کە هی جگە لە بلانشۆیە، سەبارەت بەو دەقەش کە دەربارەی دەدوێین لە نێوان ئەوەدا کە هی بلانشۆیە و ئەوەی کە هی بنیامینە. ئەمەش لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز کە لەباریدایە بمانخاتە ـ نێو کرۆکی هزری بلانشۆوەو رەنگە میتۆدی خوێندنەوەشی دیاری بکات.

چونکە پرسەکە لێرەدا وابەستە نییە بە نوێکردنەوەی گوتنەوە، بەڵکو بە، دووبارەکردنەوەی گوتن بەجۆرێکی جیاواز، پەیوەستە. با ئێمە ئەو گوتەیەی بلانشۆ کە لەنێو کتێبی L,entretien infini دا هاتووە، بەنموونە بهێنینەوە کە دەڵێت: "ئەو شتەی کە گرنگە ئەوە نییە کە شتێک بڵێین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەموو جارێک بەجۆرێک گوتە دووبارە بکەینەوە وەک ئەوەی کە یەکەمجار بێت گوترابێت"[٢].

پرسەکە کتومت بەندە بە دەستپێکردنی un entretien لەگەڵ ئەوەدا کە لەوەوبەر گوتراوە. بۆ ئەوە فۆڕمی رەسەنی ئەو وشەیەشم دانایەوە تا تێبینی ئەوە بکەین کە ئێمە، لانیکەم بەبڕوای من، کەمێک پەلە دەکەین کاتێک کە بۆ "گفتوگۆیەکی بێکۆتا" وەریدەگێڕین. چونکە وەکی دەزانینL,entretien سەرەتا و پێش هەر شتێک ئاماژەیە بۆ پارێزگاریی کردن و پاراستن، لەو چوارچێوەیەشدا کە ئێمە لێیدەکۆڵینەوە وای بەباشتر دەزانم کە بڵێم گرنگیی پێدان و ئاگاداریکردن، لە ئاماژەدان بۆ گفتوگۆ پترە (تەنانەت لیتری لە فەرهەنگەکەیدا تەنها کاتێک وای لێ دەکات مانای گفتوگۆ بگەیێنێت سەروەختێک کە لە شێوەی کۆدا بۆ کۆکردنەوەی ناونیشانگەلی هەندێک کتێب بەکاردەهێنرێت). رەنگە هەر لەم بارەیەشەوە لەشوێنی

خۆیدا بێت کە، بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی هەڵوێستی بلانشۆ، هەندێک جیاوازی لەنێوان ئەو و خاوەنی هەڵوەشاندنەوەدا بکەین. چونکە لەکاتێکدا کە ئێمە لای جاک دێریدا (١٩٣٠ـ٢٠٠٤) هەست بە چەشنێک لە سەرکەوتن بەسەر تێکستی خوێنراوەدا دەکەین، لای بلانشۆ بەرکەوتن لەگەڵ جۆرێک لە خاکێتیی هزریدا دەکەین‌و هەست دەکەین کە هەمیشە دەنگێک هەیە پێشمان کەوتووەو پرسی هزر پرسی تێکهەڵچونی ئاشقانە و بابەتەکە پتر لە پەیوەستبوونی بە هەر شتێکی ترەوە زیاتر بە گرنگیی پێدان و ئاگاداریکردنی ئەو شتەوە وابەستەیە کە لەوەوبەر گوتراوە.

گەڕاندنەوەی ئەو شتەی کە گوتراوە مانای ئەوە ناگەیێنێت کە تەنها بە شیکردنەوەو لێدوانگەل بەس بکەین، بەڵکو مانای ئەوەیە کە خۆمان نەک لەبەردەم چونیەکی کاوێژکار و دووبارەکەرەوەدا ببینینەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە لەبەردەم هەمان شت، لەبەردەم قسەگەلێکی هەمەلایەنەدا کە تا ئێستاش لە ڕۆشنیی دڕدۆنگی ئەوەدا کە گوتراوە بەرەو ڕوومان دەگەڕێتەوە، خۆمان ببینینەوە. ئەم گرنگیی پێدانە، ئەم ئاگاداریکردنەیە کە ئەرکی هزرە، هەر ئەمیشە کە جۆرێک لە هاوتاسازیی لەگەڵ بیرمەندان بەسەریدا دەسەپێنێ بە هەنگاو هەڵگرتن لە جیاوازی و ئەویترخوازییەوە، وەکو لە دوایشدا دەبینین، هەر ئەمەشە "ئەرکی وەرگێڕ".

ئامانجی ئەوەی کە لەوەوبەر گوترا پێش هەر شتێک مانای ڕاگەیشتن بەهەمان ئەو شتە دەگەیێنێت کە بەشێوەگەلی لێکدی جیاواز گوتراوە. لەم بارەیەشەوە بلانشۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەرکی وەرگێڕ چەشنێک لە کاری شەیتانیی، چەشنێک لە یاخیبون لەخۆدەگرێت، کە هەر یاخیبونێک نییە، بەڵکو یاخیبونی خوداوەندەکانە. چونکە وەرگێڕ بڕوای وایە کە سەرلەنوێ قولەی بابل بینا دەکاتەوە، یانی هەوڵی "بڵندبوون" بەرەو جۆرێک لە زمانی ڕەسەن و وتەگەلی باڵا دەدات کە تەنها قسەکردن پێیان بەسە بۆ گوتنی ڕاستیی. هەمیشە خەونی ئەوە دێتە خەوی وەرگێڕ کە پێی وایە هەموو زمانەکان ئاماژە بۆ هەمان فاکت دەکەن بەشێوەگەلی لێکدی جیاواز. وەک ئەوەی کە بەهۆیەوە، بەهۆی وەرگێڕانەوە، زمان بگۆڕێت بۆ زمانێکی باڵا کە ڕەنگە زمانی پێکەوە گونجان یان یەکێتی تەواوی نێوان هەموو ئەو لایەنانە بێت.

ئەم ئامانجە یەکتاخوازە هەرگیز مانای ئەوە ناگەیێنێت کە وەرگێڕان هەوڵ بۆ نەهێشتنی جیاوازی دەدات. "وەرگێڕان بەردەوام هەوڵ بۆ گۆڕین دەدات، ڕەنگە کار بۆ شاردنەوەشی بکات بەڵام جاروبار لەڕێگای دەرخستنی و زوبەری کاتیش لەڕێگای زیادکردنی چالاکییەوە"[٣]. بلانشۆ بڕوای وایە کە دەق، بەسروشتی خۆی، خاوەنی چەشنێک لە جوڵە و جۆرێک لە خواستی ترازانە لە خودەکەی‌و گۆڕینی

نیشتمان و گۆڕینی زمانەکەی. رەنگە ئەمەش تایبەتمەندیی کارە ئەدەبییەکان بێت بە سروشتی خۆیان. ئەوە تێکستەکانن کە زمان ئەو شیمانە و توانا ئایندەییانەیان ئاشکرا دەکات کە تێیاندا هەن، ئەوە دەقەکانن کە زمان خواستی ترازانیان لە خودەکەیان ئاشکرا دەکات. دەشتوانین بڵێین کە زمان ئەو "جوڵە" یە و ئەو خواستە بەکار دەبات، یان با بڵێین کار پێ دەکات.

بلانشۆ بڕوای وایە ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ دەقە کلاسیکییەکان بەباشترین شێوە ئەو بابەتە رۆشن دەکاتەوە. چونکە ئەو دەقانە زوربەی کات سەر بە زمانێکن کە چیی تر بەکارناهێنرێن، سەر بە زمانگەلێکی "مردوو"ن. هەربۆیە ئەو دەقانە تەنها بە وەرگێڕاویی ژیانیان تێدایە. هاوکات ئەو دەقانە دەبنە "شوێنگەی ژیانی زمانێکی مردوو، بەڵام ئەو دەقانە بەرپرسیاری تاک و تەنها دەبن لە ئایندەی زمانێکی بێ ئایندە"(٤).

هەندێک لە ئەدیبان تەنها بۆ چەسپاندنی ئەو جوڵەیە و ئەو ترازانە لە باو و دوورکەوتنەوە لە زمانی دووبارەکراو، بایەخ بە وەرگێڕان دەدەن، ئەوان کتومت بەئامانجی نامۆیی روو لە وەرگێڕان دەکەن. بلانشۆ لەوبارەیەوە سەرنجی هۆکاری وابەستە بوونی ئەدەبی کلاسیکی فەرەنسیی بە کلتور و زمانە کۆنەکان دەدات، هۆیەکەی بۆ سۆراخی نامۆیی دەگەڕێتەوە کە دەیەوێ زمانی باو رووەو پایەی زمانی وەرگێڕراو بڵند بکات. "وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبیی گریکیی یان لاتینیی بۆ سەر زمانی فەرەنسیی، خۆی لەخۆیدا بەجێهێنانی کارێکی داهێنەرانە بوو. بۆ نموونە کۆرنێ (١٦٠٦-١٦٨٤)(٥) لەنێو ئەو پێشەکییەیدا کە بۆ (ئۆدیب) ی نووسیوە داخ بۆ ئەوە دەخوات بڕشتی ئەوەی لەدەست داوە کە بە چی تر نەمێنێتەوە تەنها بە وەرگێڕ نەبێت". تەنانەت هەندێک لە ئەدیبانی نوێ لەوە دوورتر دەڕۆن "ئەو ناونیشانەی کە جۆ بۆسکی بەکارەکەی خۆی بە ناونیشانی (وەرگێڕراو لە بێدەنگییەوە) ی داوە، چەشنێک لەو خواستە پێکدێنێ کە ئەدەبێک دەیخوازێ کە دەیەوێ بە وەرگێڕانێکی پەتیی بمێنێتەوە، بە وەرگێڕانێک کە شتێکی تێدا نەبێت بۆ وەرگێڕان وەکو هەوڵێک بۆ ئەوەی لە زماندا تەنها دەست بەو تاکە مەودایەوە بگیرێت کە زمان دەیەوێ لەبەرانبەر خۆیدا بیهێڵێتەوە".

بەم واتایە وەرگێڕ داهێنەر - نووسەرە، دەقی وەرگێڕراویش لاسایی پرۆسەی داهێنان دەکاتەوە کە دەیەوێ، بە هەنگاو هەڵگرتن لە زمانی باو، ئەو زمانەی کە تێیدا و بەهۆیەوە دەژین‌و، نوقمی دەبین، "ژیان بە زمانێکی تر ببەخشێ کە بە رووالەت وەکی هەمان زمان دەردەکەوێ، بەڵام ئەو بەشەی پێکدێنێ کە تێیدا نائامادەیە، جۆرە جیاوازییەک لێی جیاوازە کە تا ئێستا هەر روودەدات‌و، تا ئێستا هەر بزر دەبێت"(٦).

کەواتە ئامانجی وەرگێڕان دەمەلاسکێی "دڵسۆزانە" ی دەق نییە "چونکە ئەم دەمەلاسکێیە کاری وەرگێڕان نابود دەکات لەبەرئەوەی رایدەهێنێ‌و، بڕشتی دڕدۆنگیی و ناسەقامگیریی لێ دادەماڵێت کە ژمارەیەک لە دانراوگەلی وەرگێڕراو بۆ ئاستی دانراوگەلە جوان و سەرنجراکێشەکان بڵند دەکات(٧).

کەواتە ئامانجی وەرگێڕ نەهێشتنی جیاوازیی نییە بەڵکو کارپێکردن و ئاگاداریکردنێتی. لەم روانگەیەوە لە بنەڕەتدا نابێت وەک بناغەیەک بۆ دروستکردنی نزیکایەتیی تەماشای وەرگێڕان بکرێت، بەڵکو پێویستە وەک چالاکییەک بۆ جێگیرکردنی نامۆیی سەیر بکرێت. یەکێک لە گەورەترین ئەو هەڵانەش کە دەشێ وەرگێڕ بیکات ئەوەیە کار بۆ سڕکردنی ئەو دۆخە بکات کە زمانەکەی بە کارکردی رێکەوت تێیدایەتی، ئەمە لەجیاتی ئەوەی کە زمانەکەی بخاتە ژێر باری ئەو وروژمە توند و بەتاوەی کە لە زمانە بیانییەکەوە دێت. لەم بارەیەوە بلانشۆ دەقی یەکێک لە تیۆریسێنانی ئەڵمان بەنموونە دەهێنێتەوە هاوکات بنیامین یش بەنموونەی دەهێنێتەوە. رۆدۆڵف بانفیتز دەڵێت: "باشترین وەرگێرانە ئەڵمانییەکانمان پرەنسیپێکی چەوت بۆ خۆیان دەکەنە خاڵی هەنگاو هەڵگرتن‌و، لافی ئەوە لێدەدەن کە مۆرکی ئەڵمانیی بە سانسکریتیی و گریکیی و ئینگلیزیی دەدەن، لەجیاتی پێچەوانەکەی، یانی پێدانی مۆرکێکی سانسکریتیی و گریکیی و ئینگلیزیی بە ئەڵمانیی"(٨).

ئەم کرانەوە بێپایانە بە رووی نامۆیی دا بە شێوەگەلە هەمەجۆرەکانییەوە، کاری وەرگێڕ ئاسان ناکات، بەڵکو بەرپرسیارێتیەکی گران دەخاتە ئەستۆی رەنگە ئەو بەرپرسیارێتییە بێت کە خراوەتە ئەستۆی هەموو کارێکی هزریی. لەسۆنگەی ئەوەی کە وەرگێڕ ئەو پرەنسیپە دەکاتە خاڵی هەنگاو هەڵگرتن کە هەر زمانێک دەشێ بگۆڕێت بۆ هەموو زمانەکان، هەربۆیە، لەپێناو بەدیهێنانی ئەوەدا، پێویستە لەسەری ببێت بە داهێنەر لە زمانی خۆیدا، یانی رەچاوکاری جیاوازیی بێت، جیاوازیی زمانی خۆی لەگەڵ زمانگەلی تردا، بەڵام هەروەها، رەنگە لە بنەڕەتدا، رەچاوکاری جیاوازیی زمانی خۆی بێت لەگەڵ خۆیدا...

پاشان...

لەنێو جەرگەی جیاوازیدا شوناس نیشتەجێیە، لەنێو ناخی هەموو کۆچ و گواستنەوەیەکدا سەقامگیریی و بیناکردن نیشتەجێیە، لەنێو جەرگەی هێزی جیاکاریی و دروستکردنی لێکدی دووریدا هەمیشە هێزی یەکخستن هەیە، لەنێو جەرگەی کاری زمانەوانییدا هەمیشە کارێکی هزریی هەیە، لە دوتوێی ئەرکی وەرگێڕانیشدا ئەرکی هزر پەنهانە تاکو ببێت بە هەمان کار. کەم نین ناوی ئەو گەورە هزرمەندانەش کە لای ئەوان ئەرکی سەرلەنوێ بیرکردنەوە بە سەرلەنوێ

وەرگێڕان ئاوێتە بووە، ڕەنگە هۆڵدەرلین (١٧٧٠-١٨٤٣) لە بەناوبانگترین ئەو هزرمەندانە بێت گەر لە هەموویان تەواو کاریگەرتریش نەبێت. بلانشۆ نووسیویە و دەڵێت:

"نموونەی هۆڵدەرلین بەرجەستەی ئەو سەرکێشییانەمان بۆ دەکات کە هەموو ئەو کەسانە دەیکەن کە وەرگێڕان هەستیان دەبزوێنێ: وەرگێڕانەکانی ئەو بۆ ئانتیگۆن و ئۆدیب دوایین کارەکانی بوون، سەروەختێک وەرگێڕانیان تەواو بوو کە ئەو لە کەناری دێوانەییدا بوو. ئەوانە کارگەلێکن بە ئاستێکی بەرز لە قوڵیی و لێهاتوویی و توانای کۆنترۆڵکردن ڕاگەیشتوون. حەزو ئارەزوو ئەویان نەک لە گواستنەوەی دەقی لاتینیی بۆ سەر زمانی ئەڵمانیی و نەک لە ئاراستەکردنی زمانی ئەڵمانیی رووەو سەرچاوە گریکییەکان دا ڕێبەرایەتی کرد، بەڵکو لە یەکخستنی ئەو دوو هێزەدا ڕێبەرایەتیی کرد کە یەکێکیان نوێنەرایەتیی بارگۆڕینەکانی خۆرئاوا و ئەوی تریان بارگۆڕینەکانی خۆرهەڵات دەکات تا هەردوکیان لەنێو سادەیی زمانێکی گشتیی پەتیی دا دەتوێنەوەو، سەرەنجام کارێکی لەسنور بەدەر لەدایک دەبێت. وەک ئەوەی کە ئێمە لەنێوان هەردوو زماندا ڕێکەوتی لێکدی گەیشتنێک بکەین کە هێند قوڵ و بەیەکدی گونجاون شوێنی واتا دەگرنەوەو کەلێنی نێوانیان دەکەنە سەرچاوە بۆ واتایەکی نوێ"[٩].

**پەراوێز:**

(١)Blanchot (M), " Traduire" in L'amitié Gallimard, ١٩٧١, p ٦٩.
(٢)Blanchot (M), L'entretien infini, Gallimard, ١٩٦٩, p٤٥.
(٣) Blanchot, L'amitié, Op. .cité, pp٧٠-٧١
(٤)Ibid, p٧١.
(٥)Blanchot, La part du feu, Gallimard, Paris, ١٩٧٢, p١٧٤.
(٦)Ibid.
(٧)Op .Cité.pp١٨٥-١٨٧
(٨)p١٧٧.
(٩)L'amitié, op. .cité, p ٧٣.

سەرچاوە:
گۆڤاری (فکر ونقد) ژمارە (٦٥) کانونی دووەمی ٢٠٠٥

سەرنج:
- والتەر بنیامین، فەیلەسوف و سۆسیۆلۆجیست و ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی و وەرگێڕێکی ئەڵمانییە.
- مۆریس بلانشۆ، ڕۆماننووس و تیۆریسیێنێکی بواری ڕەخنەی ئەدەبیی و فەیلەسوفێکی فەرەنسییە.
- پییێر کۆرنێ، شاعیر و درامانووسێکی تراجیدیی فەرەنسییە.
- هۆڵدەرلین، یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیران لە مێژووی ئەدەبی ئەڵمانییدا.

# هەتا بن تیشکی تاریکی
## ئاوڕدانەوەیەک لە کۆچیرۆکی (مادمازل کەتی) بەرهەمی (میترا ئیلیاتی)




**نووسینی: بابەک سەحرانەوەرد**
**و. لە فارسییەوە: توران خەندانی**

**پێشەکی وەرگێڕ:**

ئەم وتارە، تێڕوانینێکە لە کۆمەڵە چیرۆکی «مادمازل کەتی» نووسینی خاتوو میترا ئیلیاتی، کە لە واقیعدا هەوەڵین کۆمەڵە چیرۆکی لەچاپدراوی ئەم خانمە نووسەرەیە.

هەوەڵین مەبەستم لە وەرگێڕانی ئەم دەقە، تیشکخستن لەسەر هەندێ باسی سەرەکی کورتە چیرۆکی هاوچەرخی فارسییە، کە لەم دەقە یەک بە یەکی ڕەچاو کراون و دیارە بۆ خوێنەری چیرۆک سەرنجڕاکێشەرە، دووەم: ئەوەیە کە ئەم کۆچیرۆکە یەکێ لە گونجاوترین کورتە چیرۆکەکانی ئەم بیست ساڵەی ڕابردوو بووە و لەولایشەوە ئەگەرچی ئەم کتێبە ماوەیەک لەمەوبەر لە کوردستانی عێراق کراوە بە کوردی، بەڵام تا ئێستا هیچ ڕەخنەیەکی شیاو بە زمانی کوردی لەمەڕ ئەم کتێبە چاپ نەبووە. بۆیە قۆڵم هەڵکرد و ئەم دەقە کە یەکەم جار لە گۆڤارێکی

نێونەتەوەیی چاپ ببوو، هەڵمبژارد و خستمە سەر زمانی زگماگی تا خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم رەخنە جگە لە چێژبردنی زۆرتر لە چیروکەکان، بتوانێت لە هەموویان بە تەواوی ئاوڕ بداتەوە و بتوانێت ئەو پرسیارانە کە لە خوێندنەوەی کتێبەکە بەرامبەریان دەبێتەوە، بە چەند وەڵامی هەمەلایەنە بگات.

**وتەیەک:**

«میترائیلیاتی» لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ لە تاران، چیرۆکنووسێکی بەتوانایە کە بە یەکەمین کۆمەڵەچیرۆکی خۆی (مادمازل کەتی)، کە بەگشتی چیرۆکی مینیمالیستین، سەرنجی رەخنەگەران وخوێنەرانی بۆ ئەم بەرهەمەی راکێشاوە. هەرچەند لەم چەند ساڵەدا کۆمەڵێک بەرهەم بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لە زۆربەی ئەو بەرهەمانە نووسەر ویستوویەتی بەزۆر فرمێسک لە چاوی خوێنەر دەربێنێت و ئاڵوزییەکی دەسکردەیی و ساختە بەسەر بەرهەمەکەی خۆی داپەسێنێت.

ئیلیاتی بەڵام جیا لەوەی کە چیرۆک نووسێکی شارەزایە، لەم کتێبەی حیکایەتی مرۆڤی هاوچەرخ لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکان بە زمانێکی ناسک و رەوان و بەبێ هیچ لایەنگرییەک، باس دەکات و ئەو بەختەی بووە کە دەقەکەی تا ئێستا چوارجار لەچاپ دراوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ دەزگای (چشمە) ئەم کتێبەی بڵاوکردەوە و لە هەمان ساڵدا خەڵاتی بنیادی (هوشەنگ گوڵشیری) و (خانەی داستان)ی وەرگرتووە و ئامانجی ئەم وتارەش، تێڕوانینێکە لەسەر ئەم کۆچیرۆکە.

ئەلف: چاوخشاندنێ بە ناوەرۆکی چیرۆکەکان:

کۆچیرۆکی (مادمازل کەتی و چەن چیرۆکی دی) لە حەوت کورتەچیرۆک بە ناوی (مادمازل کەتی، ماەمۆنیر، پەناهندە، شەمدانییەکان، وەک هەمیشە، لەنێو تاریکیدا دەمێنینەوە، یۆسفی پڵەنگ کوژ) پێکهاتووە.

«مادمازل کەتی» یەکەمین و درێژترین چیرۆکی ئەم کتێبەیە کە پێکهاتێکی رێکوپێک و گێڕانەوەیەکی جوانی بەدەس داوە و باس لە گەنجێک دەکات بەناوی هادی، کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و رەسەنە، دژ بە بیروباوەڕەکانی باوکی دەوەستێت. ئەم چیرۆکە کە لەلایەن هادی-وە دەگێڕدرێتەوە، گێڕانەوەیەک لەنێوان ئێستا و رابـردووی خۆیەتی. رابردووەکەی لە نیشتمان (ئێران) و ئێستاکەی لە ئیتاڵیایە. باوکی هادی کە بە رواڵەت خاوەن ماڵ و منداڵ و خزمەتکار و کوڵفەتە، گاراژدارێکی خۆپەرەست و هەڵەشەیە کە لە ئاستی خواست و دەستوورەکانییەوە بە هیچ چەشنێک وەڵامدانەوە و بەربەرەکانێ لەلایەن ژن

و منداڵییەوە ناپەژێرێ. لە واقیعدا ئەو وێنەی ڕۆشنی باوکە نەریتەخوازە و یەک لاوەگری ئەم وڵاتەن کە بەهۆی ئەو ئەخلاق و ئاکارەوە توندوتیژە کە لەگەڵ بنەماڵە و کۆمەڵگا هەیانە، قەڵشێکی گەورەیان ناوەتە نێوان خۆیان و کەسە نزیکەکانیانەوە. دایکی هادی ئەگەرچی ژنێکی نەریتخوازە، بەڵام دڵناسک و بەسۆزە و تەنیا بە قار و رووگرژکردنێک رازی دەبێت و لە واقیعدا خۆیشی تێکشکاوی ئەو بارودۆخە ناحەزەیە. کوڕانی بنەماڵە «هادی» و «هیمەت» هەرکام تاکێکی جیاوازن. هیمەت کە برا گەورەیە دژ بە خواستەکانی ئەربابی ماڵەوە دەوەستێ و جاربەجار سەرکێشی دەکات، بەڵام هادی کە سرووشتێکی ئارام و گەرمخوازی هەیە وەکوو دایکی بەناچاری ئەو بارودۆخە کە باوکی بەزۆر بەسەریاندا سەڵماندوویەتی، قەبووڵی کردووە. هادی لە ئیتاڵیا دەستی لە وانەی فڕۆکەوانی کە خواستی باوکی بوو، هەڵگرتووە و تەنیا لە رێگای نیگارکێشی رووخساری رێبواران، ژیان بەسەر دەبات. ئەو لە تاراوگە هیچ پێوەندییەکی بەردەوامی نەبوو و بە وتەی خۆی ژنانێکی زۆر لە ژیانیدا بوون کە ئێستاکە لە ژیانی ئەودا نەماون و هادی بەتەنیا ماوەتەوە. باوکی هادی بۆ سەردانی کوڕەکەی هاتووە بۆ ئیتاڵیا، کاتێک لە دوای بینینی هادی لە دۆخی ژیانی ئەو ئاگادار دەبێت، بەسەرشۆڕییەوە بەجێی دەهێڵێت، لەبەرئەوەی کە هادی نەیتوانیوە ئاواتەکانی ئەو بەدیبهێنێت. بەهۆی ئەوەی کە هادی بووەتە ئامێرێک بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی باوکی، زۆر نوشوستی هێناوە.

هادی لە ئیتاڵیا ئاوێزانی ژنێکی بە ڕەچەڵەک رووسی بە ناوی (مادمازل کەتی) دەبێت و ئەو ئەوینە هێندە لە دەروونی هادی بەرزبووەتەوە کە بەرگەی دووریی ئەو ناگرێت و هەمیشە لە مەترسی لەدەستدانی ئەو بەسەر دەبات. لە واقیعدا ئەو ترسە هەڵقوڵاوی مەترسی لەدەستدانی یەکەم دڵدارەکەی بوو. هادی لە تافی لاوی ئاشقی کچێک بوو بە ناوی (زەڕینە). زەڕینە عەشقێکی خاوێن و ئەفلاتوونییە کە بووەتە هۆی ئوقرەگرتن و داسکنانی هادی، بەڵام بە ڕۆیشتنی هادی بۆ ئیتاڵیا بە بۆنەی وانەی فڕۆکەوانی، ئەم ئەوینە بۆ هەمیشە لە دەست چووە و لە بیربراوەتەوە، تەنیا چەند برشت بیرەوەری ماوەتەوە کە دایکی بۆی دەگێڕێتەوە و لە زەینی بێژەردا جێی دابینکردووە. مادمازل کەتی لە واقیعدا لە خودی هادی بێکەسترە و تەنیا بەڵگەی ئەم پێوەندییە عەشقی نادیار و ونکراوی مادمازل کەتی بە گەنجێکی رۆژهەڵاتییە. مادمازل کەتی بەجۆرێک هەستی دایک- دڵدار لە ناخی هادیدا بووژاندووەتەوە و بێژەر (واتە هادی) بیرەوەرییە رابردووەکانی بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەم چیرۆکە لە دوو بواری جیاواز دێتە ئارا. یەکەم هەر ئەو ناکۆکی نێوان باوک و کوڕان لە کۆمەڵگای تازەباوی شارستانییەتیدا کە پێشتر ئاماژەی پێدرا و دووەم سەرگەردانی و تەنیایی ئەو مرۆڤانەیە کە لە پێکهاتی پێوەندی لەگەڵ خەڵک و ئەو بارودۆخە کە تێیدا هەن، بێ هێزن و توانان و هەروەها سەرکوتکراو و پەشۆکاون. ئەم چیرۆکە زمانێکی ساکار و بێ کوڵکەی هەیە و دیالۆگەکان لەگەڵ باری دەروونی مرۆڤەکان هاوشانە.

«ماەمۆنیر» کورتەچیرۆکێکی خۆش دەس کار لە ژیانی پیرەپیاوێکی لەکار کەوتووە، کە ژنەکەی مردووە و کچەکەی دەستی لێ داشتووە. پیرەپیاوەکە لە ماڵێکی لە خۆی پیرتردا ژیان بەسەر دەبات و پەرستارێکی بەناوی (ماەمۆنیر) بۆ پاراستنی خۆی بەکار گرتووە . ماەمۆنیر دوای ماوەیەک لە پیاوەکە مارە دەکرێت و بەتەواوی ئەرکی سەرپەرشتی پیاوەکە لە ئەستۆ دەگرێت. ماەمۆنیر، بەڵام ڕۆژێک لە خانووی پیرتر لە پیاوەکە، دەمرێت و پیاوەکە دیسان تەنیا دەمێنێتەوە. لەم چیرۆکەدا ئەو شتە کە گرنگی پێ دراوە هەر ئەو تەنیایی و لێکەوتنەی مرۆڤە لە جەغزی ژیاندا.

ماەمۆنیر بەوپەڕی جوانی و لاوییەوە وەک ژنێکی دڵسۆز لە پیاوە پیرەکە پەرستاری دەکات و هیچ گلەییەکی نییە، هەڵبەت ئێمە نازانین کە ئەو کچە بۆ هاتووە بۆ ئەم ماڵە، هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە هەژاریی و نەداریی تەنیا هۆکاری ئەو بووە کە ئەم کارە قبووڵ بکات.

«چیرۆکی پەناهەنەندە» کە لە دیدگای شانۆیی یا عەینییەوە دەگێڕدرێتەوە، باسی مرۆڤی جیهانی سێیەمە کە لە خەیاڵی یۆتۆپیای خۆیدا بە هەزاران کۆسپ و گیروگرفتەوە لە نیشتمانی خۆیان بەرەو تاراوگە کۆچ دەکەن و دەبن بە پەنابەری وڵاتێکی بیانی کە لەوێ بە خولیا و ئاواتیان بگەن. هەندێ لەم کەسانە ناتوانن لەبەر ئەو ئاکارە دژە مرۆڤایەتییانەی بەرامبەر بە پەناهەندەکان، خۆڕابگرن و مەرگیان لەو ژیانە سووکایەتییە پێ باشترە و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن.

«چیرۆکی پەناهەندە» لە واقیعدا حیکایەتی ئەومرۆڤانەیە کە ژیانی سەخڵەتی تاراوگەیان بۆ قبووڵ ناکرێت و هەست و ژینی خۆیان بە دەستی نەبوونی دەدەن.

لە دیدگای شانۆییەوە بێژەر وەک کامێرایەکی وێنە هەڵگر کار دەکات و ئەو شتانەی کە دەیبینێت تەنیا ڕاپۆرتیان دەدات. هیچ لایەنگری و بۆچوونێکی نییە و وەک ڕاپۆرتچییەک ڕووداوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لەم جۆرە ڕوانینە دەستی خوێنەر کراوەیە و دەتوانێت لە پێداچوونەوەی چیرۆکەکە و کەسایەتییەکانی نێو داستانەکە ورد ببێتەوە.

کورتەچیرۆکی «شەمدانییەکان» کە وەک شانۆیەکی یەک پەردەییە، لە روانگەی سێیەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە، باسی ژن و مێردێکە کە بۆ بینینی ماڵێکی ئاپارتمانی کە لە دەرەوەی شار دروستکراوە، دەچن. پیاوەکە هەر لە سەرەتاوە دیارە لەگەڵ خێزانەکەی کێشەی هەیە و ناسازگارە، کاتێک دەچنە نێو ماڵەکە، ژنەکە خەریکی تەماشاکردنی خانووەکە دەبێت و پیاوەکەش تەماشای بەرژەوەندیی بەرامبەر دەکات کە هەیوانی هاوسێکـــەیە و چەپکێ شەمدانی لەسەر هەیوانەکە دانراوە و دەبێتە ئەوەی کە پیاوەکە لێی ورد ببێتەوە و بە شێوەیەک رازی بێت بە کڕینی ماڵەکە.

ئەم چیرۆکە تەنیا چیرۆکی ئەم کتێبەیە کە باس لە دوو رەوایەتی هاوکات لە ئێستا و رابردوو ناکات، هەروەک کورتەچیرۆکەکانی مینیمالیستییە کە کەمترین وشە و وەسفی تێدایە تا لە فۆڕمی تایبەتی خۆی نەیەتە دەر. ئەم چیرۆکە لە نیوەوە دەست پێ دەکات و لە دواکەوت و چاوەڕوانیدا بەجێ دەهێڵرێت تا خودی خوێنەر بەو پرسیارانە کە لە زەینیدا خوڵقاوە، وەڵام بداتەوە.

چیرۆکی «وەک هەمیشە» لە دوو گێڕانەوەی هاوکات بەدیهاتووە و باسی کچێکە بە ناوی (لەیلا) کە لە بارودۆخێکی سەخڵەتدا ژیان بەسەر دەبات. باوک و دایکی لەدەست داوە و بەناچاری ئەرکی برا کوێرەکەی بە ناو (داوود) لەئەستۆ گرتووە. لەیلا لەنێوان شووکردن و بەربەست بوون لەژێر ئەرکی سەرپەرەشتی براکەی ماوەتەوە. لە کۆتاییدا بە مەینەتی دووەم وەڵام دەداتەوە و چارەنووسی خۆی بەشێوەیەکی هیوابڕ قبووڵ دەکات.

«وەک هەمیشە» حەکایەتی بێ هێزی، بێ نرخی، تێماوی و چارەنووسێکی رەشە کە وەک کوندەبووە کوێرە بەسەر ژیانی کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکە سێبەری خستووە. لەم دەقەدا نووسەر خۆی لە پشتی بەرهەمەکە حەشار داوە و کەمترین کاریگەری لەم دەقەدا نابینرێت.

ئەم دەقە وەبیرهێنەری بیروبۆچوونی «ژان پۆل سارتەر» بیرداڕێژ و راڤەگەری گەورەی قوتابخانەی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیسم سەبارەت بە بڕیاردانی گونجاو و ئەرک لەئەستۆگرتنی مرۆڤەکانە. (سارتەر) بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستە نموونەیەکی جوان دەهێنێتەوە کە لەوێدا وەڵامی گەنجێک دەداتەوە کە لە بابەتی دوو ئەمری جیاواز، بەڵام بە گرنگەوە پرسیاری لێ دەکات. گەنجەکە لە قەیرانی داگیرکردنی فەڕەنسا بەدەست نازییەکانەوە لێی دەپرسێت کە لەنێوان پەرستاری و ئاگایەری لە دایکە پیرەکەی و شەڕکردن دژ بە نازییەکان کام لایەن بگرێتە رێ. سارتەر لە وەڵامدانەوەیەکی ئاسایی بەو گەنجە دەڵێت کە

هەرکام لەو بابەتانە هەڵبژێرێت، بڕیارێکی درووستی بەو مەبەستە داوە و لەژێر کێشەی لایەنەکەی دیکە خۆی بەربەست کردووە. لە واقیعدا لەیلا بە هەڵبژاردنی سەرپەرشتی براکەی بڕیاری دروستی داوە، ئەگەرچی خەمگین و لە ڕووی ناچارییەوەیە.

«لەنێو تاریکیدا دەمێنینەوە» بە بڕوای من لە دوا «مادمازل کەتی» یەکێک لە شیاوترین چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە و باشترین چیرۆکی مینیماڵە کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا خوێندوومە. ئەم چیرۆکە وەک تابلۆیەکی نیگارکێشی بە ڕەنگی سارد و ڕەشە کە بە جۆرێک فەزای تاریک و ناحەزی چیرۆکەکە نیشان دەدات.

بێژەری ئەم چیرۆکە پیاوێکە کە لەناو قاپی وێنەیەکدایە و ژنەکەی بۆ دووەم جار شووی کردووەتەوە (دەرناکەوێ پیاوەکە مردووە یا ژنەکە لێی جیا بووە) و کوڕەکەی لەگەڵ خۆی ژیان بەسەر دەبات. ژنەکە دێتە دیوی کوڕەکەی کە بیخەوێنێت. پیاوە بێژەرەکە کە ئێستا لە قاپەکەدایە تەنیا ئەو شتەی کە دەیبینێت یا لە ڕابردوودا بینیویەتی، لە دوو زەمان دەگێڕێتەوە تا ئێمە بە کەسایەتییەکانی چیرۆک بناسێنێت.

نووسەر لە باسی پێکهێنانی سەرشانۆ و دیالۆگە درێژەکان خۆی پاراستوە تاکو ئەم دەقەی هەتا ئاستی تێکستێکی هونەری بەرز بکاتەوە. هەر ئەو کارەی کە زۆربەی کورتەچیرۆک نووسەکان کردوویانە و بە نەزانی چیرۆکیان بەرەو قەیران بردووە. هەڵبەت سەر سووڕماوم کە هەندێ لە ڕەخنەگەرانی بەڕێز بایەخگەلی وەدیتراو و وەسفکراوی ئەم چەند کورتە چیرۆکەیان لەبەرچاو نەگرتووە و بە خێرایی لێی تێپەڕاون.

دوایین چیرۆکی ئەم بەرهەمە، چیرۆکی «یۆسفی پڵەنگ کوژ»ە، کە بەر لە «مادمازل کەتی» لە چیرۆکەکانی دیکە درێژترە. ئەم چیرۆکە بەوە دەست پێدەکات کە خزم و قەوم سەرقاڵی پرسە و سەرەخۆشی (خاڵۆ یوسف)ن .بێژەر- هوومەن- کە خوشکەزای (یوسف)یشە، لە دوو کاتی ئێستا و ڕابردوودا (کە لە خەڵکی بیستووە) باسی چیرۆکەکە دەکات، هەتا ئەو پرسیارانە کە بۆ خوێنەر پێش دێت بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە.

یوسف بە ڕواڵەت لە کۆمەڵگادا بە گەنجێکی ژیر ناسراوە و دەیەوێت ڕەوایی و پەسەندی خۆی بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەو شێوازە کە لە کۆمەڵگادا باوە، بە ئەنجام بگەیەنێت. تەنیا عەیبی ڕواڵەتی ئەو، ڕووخسارە مانگ گرتووەکەیەتی کە نیوەی دەموچاوی ڕەش و شین و سامناک کردووە. لە شەوی خوازبێنیدا

خاڵەکەی لەبیری دەچێت کە رووخسارە مانگگرتووەکەی لە (پەری نازخانم) بشارێتەوە...

خاڵۆ لە هەموو شتێک دەستی شتووە و بێ سەر و شوێن دەبێت. ئەو کە بە (یوسفی پڵەنگ کوژ) ناسراوە لەلای (هوومەن) دانی پێدەنێت کە کوشتنی پڵەنگ کاری پیاوە قاوەچییەکە بووە و لە ژیانیدا هیچ گیانلەبەرێکی بۆ نەکوژراوە. هەرکاتێ کە مانگ دەردەکەوت، حەزی دەکرد بە تفەنگ، تەقە لە مانگ بکات و دەموچاوی بۆ ورد و خاش کات. چیرۆکەکە لە یەک لاوە باسی ژیانی خاڵۆ دەکات و لەلایەکی دیکەوە بیروبڕواکانی هوومەن بە ئێمە دەنوێنێت. باوکی هوومەن هەمیشە دەنگی دەدات کە پیاو نابێت بگری، بەڵام هوومەن کە هەستێکی ناسکی بە پەروانە (دڵدارەکەی) هەیە و بڕیار وایە ئەم کچە بە کەسێکی دیکە شوو بکات، لەناکاو وەک منداڵ هۆنەهۆن دەگریت.

لەم چیرۆکە ئەوە کۆمەڵگایە کە خاڵۆی هوومەن لە ناخەوە دادەڕمێنێت و ئەو کە خۆی بە پیاوێکی دوورەپەرێز و بەدوور لە شێوەکانی گونجاوی کۆمەڵگا دەزانێت، لە کۆتاییدا مردن وەک چارەنووسێکی رەش و شووم قبووڵ دەکات.

خوێندنەوەیەکی گشتی چیرۆکەکان:

**یەکەم: شێوازی گێڕانەوە**

نووسەر لە نووسینی چیرۆکەکاندا جیا لە چیرۆکی «شەمدانییەکان» لە دوو ڕەوایەتی هاوکات لە ئێستا و رابردوو کەڵک وەردەگرێت. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە ئیزن بە خوێنەر دەدات کە خوێندنەوەی چیرۆک لە یەک کاتدا بە دوو ڕەوایەتی جیاوازەوە لەبەر بگرێت. هەرچەند چیرۆک بەرەو پێش دەڕوات سەرنجڕاکێشتر دەبێت. دەمێ باسی رابردوو دەکات و دەمێکی دیکە باسی ئێستا، بەڵام ئەو شتە کە شایانی باسە، ئەوەیە کە بە شێوازێکی سەرکەوتوو تانوپۆی چیرۆکەکانی تەنیوە.

**دووەم: چیرۆکی بارودۆخی**

ئەگەر قبووڵ بکەین کە چیرۆک لە مانای تایبەتی خۆیدا وێناکردنی بارودۆخی مرۆڤ لە جەغزی بنەماڵە، کۆمەڵگا و جیهاندایە، دەبێت ئاماژە بەم پرسەیش بدەین کە هەموو دەقە جۆراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن ئەم بارودۆخە بهێننە بەرچاو. لەم جۆرە چیرۆکانە کە چیرۆکە کەسایەتی و هەلومەرجییەکان بەشێک لەم جۆرە چیرۆکەن، ئێمە لەگەڵ دوو تایبەتمەندی بەرامبەر دەبینەوە. گەڵاڵەیەکی کورت لەگەڵ پێکهاتێکی ساکار کە لە دوو بەش پێکهاتوون: قۆناغی خۆڕاگربوون و قۆناغی تێپەڕبوون.

ئیلیاتی نووسەرێکە کە خوێندنەوەی بەرهەمەکەی ئێمە لەگەڵ ژیانی مرۆڤە چەوساوەکان، بێ پەنا، وەڕەز لە کۆمەڵگا و دوورەپەرێزەکان ئاشنا دەکات. ئەم کەسایەتییانە جۆرە کەسانێکن کە بەبێ ئەوە نووسەر بیەوێت، هەستی هاودەردی خوێنەر دەبزوێننەوە، ئەمەش هەستێکی خۆ بە هاوزات زانینی بەشوێنەوەیە. ئەم کەسایەتییانە بە چەشنێک هەر ئەو کەسایەتییە پرۆبلماتیکانەی کۆمەڵگای تازە باون کە لە ئاستی کەسایەتییە ساکار و ناسەرەکییەکان بەرزتر دەڕۆن تاوەکوو نیشانەکانی ناتەبایی بوونی خۆیان لەگەڵ دەوروبەر و هەروەها بارودۆخەکانیان بەشێوەیەک بەرچاو بهێنن. لە واقیعدا پێکهاتی یەکبوونەوەی دەق، وەک جەوهەرێکی جوانی ناسین خۆی دەنوێنێت و چیرۆک دەباتە ئاستی بەرهەمێکی ئەدەبی، فانتازیایی (خەیاڵی)، وێنەیی و هەستیار. ئەمە دەتوانێت ئاماژە بە جەوهەرەی دەقێکی ئەدەبی بدات. نووسەر هەندێک بابەتی ورد و جوانی لە ژیان هەڵبژاردووە کە بزوێنەری هەستی دلۆڤانییە و توانیویەتی ئەمانە دوابەدوای یەک بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی و وێنەی پڕ لە مەترسی (هەراسی وێنەیی )، کە زۆرجار دەستمایەی هەندێ لە نووسەرانی سەرسەری و کارنەزانە، بە وردی باسی بکات و بیناسێنێت.

**سێیەم: دەقی کراوە**

ڕەخنەگەرانی هاوچەرخ لە ڕوانگەی بابەتەوە دەقی ئەدەب بە دوو بەشی دەقی کراوە و دەقی بەسراو پۆلێن دەکەن. لە دەقە بەسراوەکان کە چیرۆکە پۆلیسی و تاوانکارییەکان بەشێکن لەمانە، خوێنەر ڕۆڵێکی لێهاتووی لە ڕەوتی خوێندنەوەی بەرهەمەکەدا نییە. خوێنەر چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەبێت بخوێنرێتەوە. نووسەر ئەقڵ و هۆشی خوێنەر بە کەم دەزانێت و لە بەرهەمەکەدا شوێنی هیچ پرسیارێک بۆ خوێنەر دابین ناکات. لە واقیعدا هەر خۆی باسی هەموو شتێک دەکات و خۆی وەڵامدەداتەوە و بوونی ڕوودەم لەبەر چاو ناگرێت. ڕەنگە زەقترین نموونەی ئەم جۆرە دەقە لە ئەدەبی هاوچەرخی فارسی بەرهەمەکانی «جەلال ئالی ئەحمەد»ە، کە وەک بەدیهێنەرێک بەسەر تەواوی دەقەکانیدا زاڵ بوو و هیچ جێگایەکی تەنانەت بێ بایەخ بۆ خوێنەری دەقەکەی دابین نەکردووە، بەڵام دەقە کراوەکان ئەو بەرهەمانەن کە خوێنەر لە ڕەوتی کردنەوەی ڕەمزی چیرۆکەکەدا ڕۆڵێکی لێهاتووی هەیە. ئەم بابەتە بیرۆکەی ڕەخنەگری گەورەی هاوچەرخ «ڕۆلان بارت» لەبەرچاو دەگرێت کە بە «مردنی نووسەر» و «هەبوونی خوێنەر» ئاماژە دەکات و لەو بڕوایەدایە کە لەگەڵ تەواوبوونی دەق ڕۆڵی داهێنەر تەواو دەبێت و خوێنەر دەبێت لە پڕۆسەی

خوێندنەوەی چیرۆک و لێکدانەوەی مەبەستی بێژەر هەبوونی خۆی رابگەیەنێت. ئەمە خوێنەرە کە دەبێت مانا بە دەق بدات و بە راڤەکردن لە مەبەستی زاراوەکان بگات و ئەمە بە مانای زۆربوونەوەی مانایە. لە واقیعدا خوێنەر، دەقەکە دەهێنێتە بەرچاو و ئاشکرای دەکات، ئەوسا لە ئاستی دەق بەرەوسەر دەچێت تا ئەو رادەیەی کە بتوانێت دەقەکە تەواو بکات. هەر بەم هۆیەوە کە رەخنەگرانێک وەک «ئینگاردن» ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەرکی خوێندنەوە رۆڵێکی خاوەن هێز و بەدیهێنەرە. لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە کە بە بڕوای من، لە روانگەی بابەتەوە بەشێکن لە دەقە کراوەکان، رەوتی گەشەکردنی خوێندنەوە و تەئویلی بەرهەمەکە لەبەرچاودایە. نووسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە ئەستۆی رووبەڕووی دەرفەتی ئەوەی بە رووبەڕووی داوە کە لە ئەڵقەکانی چیرۆکەکەدا هاوبەشی بکات.

**چوارەم:** مرۆڤی هاوچەرخ بە چەشنی نیهیلیسم یا ن(هیچ خوازی) نیتچەیی

نیتچە لە داڕشتنی فەلسەفەی خۆیدا، دوو جۆر نیهیلیسم باو دەکات: باش و نەباش. لە نیهیلیسمی نەباش (مەنفی) ئەو چەشنە بۆچوونە هەیە کە نە لە دونیای ناوخۆ نە لە دونیای دەرەوە هیچ جۆرە راستییەک نییە و ئەمە دوو جۆرە بەرەنگاری بە دواوەیە: یەکەم، ئەوەیە کە ئەگەر دونیا بەردەوامی و بایەخی نەبێت، نابێت گیرۆدەی دونیا ببیت و جیهانێکی دیکە هەیە کە ئەوە دونیای راستییە. بەرەنگاری دووەم، ئەوەیە کە جیهان تەنیا ئازار و مەینەتێکی بێ قازانجە (وەبیرهێنەری سیزیف ئالبیرکامۆ). نیهیلیسمی موسبەت (باش) بیروبڕوای ئەو کەسەیە کە قبووڵی کردووە ژیان بێ بایەخە، بەڵام بۆ نیشاندانی ئازایی و بەهێزیی دەروونی خۆی درێژە بە ژیان دەدات و لێرەدا لەگەڵ چەمکی (مەزنە پیاوی نیتچە) بەرەوڕوو دەبینەوە.

مەبەست ئەوەیە کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکانە لە جەغزی نیهیلیسمی نەباشی خۆیاندا ماونەتەوە. ئەو مرۆڤانە کە بەبێ بایەخی ژیانی خۆیان ئاگادارن، بەڵام بۆ بەربەستبوون تێناکۆشن و لەواقیعدا ئەمە بەهۆی نوێخوازیی و نوێگەریی جیهانەوەیە. دونیای تازەباو مزگێنی تاو و خێرایی روو لە زۆربوون و هەروەها شاڵاوی بێ بنەمای راگەیاندنی بە مرۆڤ داوە. بوو بە هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ بزووتنەوەی خۆی زیاتر بکات و کەمتر لەنێو دەروونی خۆی و دونیای دەورووبەر خۆڕابگرێت. ئەم جەنجاڵە، سەبر و هێمنی لە مرۆڤ گرتەوە و هیچ شتێکی دیکەی بەجێی ئەمە بەم گیانلەبەرە نەداوە. لە واقیعدا بەدەستپێکردنی ئەم جۆرە جیهانە، قامووسی ژیان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئەم جیهانە یاسای

تایبەت بەخۆی هەیە کە سەرکێشیکردن لەم یاسایە وەک سەرکێشییەکی هیوابڕ، مرۆڤ بە زنجیر دەکێشێت، بەڵام لێرەدا کۆتایی بەم کێشەیە نادرێت.

مرۆڤی هاوچەرخ کە لەژێر تەگەرەی سامناکی دونیای تازەباودا پچڕپچڕ و بێ بایەخ بووە و تەنیا چەند بڕشت لە بارودۆخە مرۆڤایەتییەکەی بۆ ماوە کە شێوازێکی سوککەرانەی بە خۆی گرتووە. ئەم شاڵاوە بووەتە هۆی پێکهاتنی ئەم دۆخە سامناکە. لە واقیعدا دونیای تازەباو نوێنەری مرۆڤی لە قاڵب گیراوەیە. مرۆڤی لێقەوماو، تەنیا، سەرلێشێواو، بێ بەش لە دەسەڵاتی پێوەندیگرتن لەگەڵ جیهان و دڵنیا نەبوون لە چارەنووسی خۆی، لانیکەم لەو کاتەوە راڤەکانی سرووشتزانی گەورە «داروین» و دەروونناسی بەناوبانگ «فرۆید» مزگێنی بە مرۆڤ داوە، کە لە یەکەمیدا ئامانجی خولقاندنی مرۆڤ لە پلەی بەدیهێنەرییەوە بۆ پلەی زەوینی هاتەخوار و لە دووەمیدا روونبووەتەوە کە هەستی لەخۆوەزانینی مرۆڤ لە واقیعدا دوورگەیەکی بێ نیشان لە ئاستی زەریای بێ سنووری هەستی ناهوشیارییەوەیە.

ئەم بیرۆکانە لە ناخی مرۆڤی هاوچەرخ سەقامگیر بووە و هەموو پشتیوانەکانی لە بنەڕەتەوە داڕماندووە و تەنانەت نەیتوانیوە گیان پەنایەکی دڵنیاکەری بۆ دابین کات و هەر بەم جۆرە جێی هێشتووە. دونیای تازەباو بێ مەترسی بایەخەکانی مێژوویی لێ گرتووەتەوە و هیچ شتێکی دیکەی پێ نەدا و ئەم مرۆڤە پڕ لە پرسیارە لە کەوانەی هەستە بریندارەکەی خۆیدا لە کۆمەڵگای پارادۆکسیکالی تازەباو و پڕ ئاژاوە دڵپەشێوتر بوو و لە لاکی تەنیایی خۆیدا نووقم بوو. هەر بەو چەشنە کە فەیلەسووفەکانی ئەگزیستانسیالیسم مزگێنی ئەوەیان دابوو، بەسەر مرۆڤدا هاتووە.

چیرۆکی هاوچەرخیش کە بەهۆی رۆژگارێکی پڕ لە ئاژاوە و پڕتاو لە پێکهات و زمان و گێڕانەوە تووشی گۆڕانکاریی بوو، هەوڵ دەدات کە بتوانێت بێژەری مرۆڤی هاوچەرخ بێت.دەبێت قبووڵی بکەین شێوازی نوێی چیرۆک کە بە مینیمالیسم ناسراوە، پێکهاتی سەردەمی پڕتاوە کە پێناسەکانی چیرۆکی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ناهێنێتە ئارا و قبووڵی ناکات.

**پێنجەم: ئەنجام**

ئیلیاتی لەم بەرهەمە هەوڵ دەدات ئەزموونی نوێ و تازەی مرۆڤی هاوچەرخ بگێڕێتەوە، کە ئاخۆ بەو کارەسات و مەرگەساتانەی کە ئەم ئەزموون گەلە بۆی دەڕەخسێنێت، دەتوانێت خۆی یەک بخات، یاخود دەبێت فەرامۆشی بکات و لێیان تێپەڕێت. تەنیا شتێک کە دوا خوێندنەوەی چیرۆکەکان دەمێنێتەوە، هەستێکی

تەنیایی و لەشگرانییە کە تا ماوەیەک لە خوێنەر و لە زەینیدا سەقامگیر دەبن.

ژنانی نووسەری ئێرانی نوێنەری ئەم خەسڵەتە بوون، کە بتوانن شانبەشانی نووسەرە پیاوەکان هەنگاوهەڵێنن و بۆ جیهانی چیرۆک وتەی نوێ و گونجاو دەربڕن کە پێشتر وەک رەوشتێکی دابونەریت شکێن بوو.

ئیلیاتی ئەگەرچی نووسەرێکی ژنە، بەڵام بەم کۆچیرۆکە نیشانی دا کە کاری بەسەر شێوە باوەکانی چیرۆکنووسی نییە و رەنگە ئەمە یەکەمین هەنگاوی گەورە و تێکۆشەرانەی ئەم نووسەرە بێت کە لە قووڵایی و ئاڵۆزیی ژیان دەڕوانێت، هەتا ئەو شتەی کە دەبێت بنووسرێت و باس بکرێت، بینووسێت و باسی بکات.




**سەرچاوە:**

(مجله بین المللی «هنرمند»، نقد و تحلیل مجموعه داستان «مادمازل کتی»، منتقد: «بابک صحرانورد»، سال چهارم، مرداد ماه ۱۳۸۹، شماره ۸۹ ).

# سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان
# لە روانگەی شایەتحاڵێکەوە



**و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری**

کلۆدین مۆنتی (هاوڕێ و هاوکاری سیمۆن) ساڵی ١٩٤٩ لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا لەدایک بووە، ژۆسپێنی دایکی کیمیازان و ژان پێرسێری باوکیشی شارەزای بواری ماتماتیک بووە. کلۆدین لە گەنجیدا چووەتە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ژنانی فەڕەنسا، هەر لەو کاتەوە لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤوار و هێلێنی خوشکی و ژان پۆل سارتەر بوو بە برادەر و ناسیاویی لەگەڵیاندا پەیدا کرد. مۆنتی دکتۆراکەی خۆی لە بەشی تاوتوێکردنی بەرهەم و ژیانی سیمۆن دی بۆڤوار لە زانکۆی "نیس" وەرگرت و ئەندامی ئەنجومەنی ئەو زانکۆیەشە.

مۆنتی خاوەنی چەندین کتێبە، کە دەتوانین ئاماژە بە کتێبەکانی خوارەوە بکەین:

١- خوشکانی دی بۆڤوار.
٢- سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان.
٣- بیرەوەری کچە شۆڕشگێڕێک.
٤- عاشقانی ئازادی.
٥- سارتەر و سیمۆن دی بۆڤوار.

من هەر لە سەرەتای لەدایکبوونمەوە رەگەزی دووەم بووم. ساڵی ١٩٤٦ تازە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهاتبوو، فەڕەنسا دوای ئەوەی لەلایەن ئەڵمانیاوە پەلامار درا، سەرقاڵی ساڕێژکردنی برینەکانی خۆی بوو. دایکم بڕیاری

دابوو کە لە بەشی کیمیا دکتۆراکەی وەربگرێت و لە زانکۆی "سۆربۆن" ببێتە مامۆستا، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەری پیاوێکی شارەزای ماتماتیک بوو، هەندێ لە دۆست و برادەری باوکم دایکمان ئامۆژگاری کرد کە واز لە خوێندنەکەی بهێنێت و ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ مێردەکەی، کە لێهاتوویی ئەوەی هەیە ببێتە کەسایەتییەکی بەناوبانگی جیهان.

دایکم گوێی بە قسەی کەس نەدا و درێژەی بە خوێندنەکەی دا.

ساڵی ١٩٤٩ لە جامخانەی یەکێک لە کتێبفرۆشییەکان چاوی بە کتێبێک کەوت کە جێی مشتومڕێکی زۆر بوو، دەچێتە ناو کتێبفرۆشییەکە و بەرگی یەکەمی "رەگەزی دووەم" دەکڕێت. ئەو کاتە دایکم دووگیان بوو و سکی بە من پڕ بوو. دایکم سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبەکە بوو، ئەو کتێبە دایکمی گۆڕی و ئیتر هەستی بە تەنیایی نەکرد. لەو کاتەوە دایکم زانی کە هەستێکی دروست و ڕاستی هەبووە و توانیویەتی ورەی بەرز بکاتەوە و هەموو توانا و گوڕ و تینی خۆی بخاتە گەڕ، نەک تەنها بۆئەوەی ببێتە مامۆستای کیمیا، بەڵکو توانی پلەی باشترین سەرۆکی ژن لە زانکۆکانی فەڕەنسا دەستەبەر بکات.

ئەو کاتەی من لەدایک بووم بەرگی دووەمی کتێبی "رەگەزی دووەمی" سیمۆن دی بۆڤوار هاتە بازاڕەوە و هەڵلایەکی لەناو سیاسییەکان و نووسەرانی ئەو کاتە نایەوە، کە تەحەمول نەدەکرا، دایکم سوور بوو لەسەر خوێندنەوەی ئەو کتێبە و هەر ئەوەش ورەی دایکمی بەرزکردووە، بەشێوەیەک منیشی فێرکرد کە بە شوێن ئەودا بڕۆم و شوێنکەوتووی ئەو بم.

بیست ساڵ دواتر، واتە ساڵی ١٩٦٩، لە نزیک گۆڕستانی مۆنپارناس لە شەقامی شلۆستر لە زەنگی خانووی ژمارە یانزدەم-دا، ئەو خانووە ماڵی سیمۆن دی بۆڤوار بوو، کاتێک دەرگای لێکردمەوە، قەت لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم کە ئیتر سەردانی ئەو ماڵە بکەمەوە، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کە کۆچی دوایی کرد وەک هاوڕێیەکی باش هەر سەردانی ئەوم دەکرد.

**ئایاری ١٩٦٨**

لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩ بۆ ١٩٦٨ لە کۆمەڵگای فەڕەنسیدا کەمتر باس لە مافەکانی ژنان دەکرا. سەنتەری رێکخستنی خێزان تەنها ناوەندێک بوو بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە خێزانەکان لە رێگای حەبەوە رێگریی لە منداڵبوون بکەن. کچان و کوڕان لە قوتابخانە دواناوەندییەکان تێکەڵاو نەبوون و بەدەستهێنانی پیشە بۆ ژنان لە بوارەکانی بازرگانی و یاسایی و ئەندازیاری و زانستی و هونەری

و هەروەها سیاسیی زۆر سەخت و دژوار بوو. ئەوان تەنها دەیانتوانی ببنە مامۆستا، یان پەرستاری، یان وەک سکرتێرە ئیش بکەن.

لە ساڵی ١٩٦٨ کرێکارانی فەڕەنسی بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی خوێندکاری دەستیان بە مانگرتن کرد و بۆ ماوەی مانگێک فەڕەنسایان ئیفلیج کرد و هەموو ئیشوکارەکان راوەستان. هەرسێ سەرکردەکەی ئەو بزووتنەوەیە لە رەگەزی نێر (پیاو) بوون. لەو ماوەیەدا کەس گوێی لە دەنگی ژنان نەبوو، بەڵام لەو مانگەدا خەڵکی بێ ئەوەی یەکتر بناسن لە شەقام و کۆڵانەکان پێکەوە قسەیان دەکرد و ژنانیش توانیان لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن و باس لە ترس و دڵەڕاوکێکانی خۆیان بکەن و ئاوات و ئارەزووکانی خۆیان سەبارەت بە جیهان بخەنە روو، چونکە بزووتنەوەی مانگی ئایاری ١٩٦٨ زیاتر لە خوێندکارانی رەگەزی نێر بوون، دەنگی سیمۆن دی بۆڤواری ژن لە و رۆژە هەستیارانەدا بە گوێی کەس نەدەگەیشت.

هەر وەک خۆی لە بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانی خۆیدا "پێڕاگەیشتن" دەڵێت: من و سارتەر هاوسەرم زیاتر وەک چاودێرێک سەیری رووداوەکانمان دەکرد و زۆریش بە لامانەوە خۆش بوو کە سەرکردە گەنجەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئاوا لێهاتوو و پڕ وزەن.

بێدەنگی ئەو زۆری نەخایاند، سەرئەنجام ژنانیش دەنگی خۆیان هەڵبڕی. دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بیروڕاکانی ژنان لەناو جەماوەردا تەشەنەی کرد. سیمۆن دی بۆڤوار لە دوای دەرچوونی کتێبی "رەگەزی دووەم"، زۆر بە کەمی باسی لە مەسەلەکانی ژنان دەکرد، بەڵام دوای ساڵی ١٩٦٨ سیمۆن زۆر راشکاوانە لەناو ئاپۆرەی جەماوەردا قسەی دەکرد و هەتا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد لەسەر دەربڕینی راوبۆچوونی خۆی بەردەوام بوو.

**بزووتنەوەی ژنان**

بزووتنەوەی ژنان لە فەڕەنسا ساڵی ١٩٦٩ دەستی پێکرد، واتا لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٩ هەشت ژن بە مەبەستی رێزگرتن لە سەربازانی ون سەردانی شوێنی "تاقی سەرکەوتن"یان کرد، تا تاجەگوڵینەی خۆیان پێشکەشی سەربازانی ون بکەن، ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە ئاشووبێک لەناو سەربازاندا دروست ببێت و ببێتە هۆی سەرسووڕمانی میدیاکانی فەڕەنسا و هەر لەو سەروبەندەدا بزووتنەوەی ژنان لە فەڕەنسا دەستی پێکرد.

دوو مانگ دواتر چالاکەوانانی ژن داوایان لە سیمۆن دی بۆڤوار کرد کە

بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین بە "لەباربردنی منداڵ" بەشداری لە کەمپینێکدا بکات، کە ئەویش بەشداری کرد و هەر ئەوەش وای کرد کە سیمۆن لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو گرووپە بچووکە کە ڕێکخەری بزووتنەوەی ژنان بوون، بەشداری بکات. پێویستە بوترێت کۆبوونەوەکان ئێوارەی هەموو یەکشەممەیەک لەماڵی سیمۆن دی بۆڤوار بەڕێوە دەچوو.

من دوای سێ مانگ لە ڕووداوەکانی مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٩ چوومە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ژنان. منیش وەک زۆربەی ژنانی تر لە بزووتنەوە خوێندکارییەکەی مانگی ئایاری ١٩٦٨ فەڕەنسا بەشداریم کرد و هاوکاری خوێندکارانم دەکرد، زۆر کەس ژنیان تەنها وەک سکرتێرە دەبینی، من وتاری ئەو پیاوانەم تایپ دەکرد کە هەوڵیان بۆ گۆڕانگاریی و باشتربوونی ئایندەی جیهان دەدا. ماوەیەکی دواتر پیاوەکان دەرفەتیان بە من نەدەدا کە بەشداری لە بابەتە سیاسییەکان بکەم و ڕێگرییان لێ دەکردم، هەر ئەوەش وای کرد کە بێزار ببم و واز لە بزووتنەوەی خوێندکاری بهێنم و بچمە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ژنانەوە.

ئەو ڕۆژەی کە وازم لە بزووتنەوەی خوێندکاران هێنا، زۆربەیان تانەیان لێدەدام و بە گاڵتەوە پێیان دەوتم کە بزووتنەوەی ژنان شتێکی گەوجانە و بێ سوودە.

ئەوان بە منیان دەوت کە ئەگەر پیاوان بگەن بە جیهانێکی باشتر و خۆشتر، پێگەی ژنانیش دەستبەجێ بەرەو باشی دەڕوات، منیش لە وەڵامدا پێم دەوتن کە چاوەڕوانی داهاتوویەک نابین کە دڵنیا نین کە لە ماوەی ژیانی خۆماندا پێی دەگەین. ئێمە خوازیاری هەنگاوی خێرا بووین، سیمۆن دی بۆڤواریش هەمان هەستی هەبوو و ئەو بابەتەی لە بەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانیدا باس کردووە.

ئێمە ٦ بۆ ٨ ژن دەبووین کە هەموو یەکشەممەیەک سەعات ٥ی ئێوارێ لە ماڵی سیمۆن دی بۆڤوار لە دەوری یەکتر کۆدەبووینەوە. یەکەم جار کە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە چووم پێموا بوو کە یەکەمین کەسم کە چوومەتە کۆبوونەوەکە، بەڵام کاتێک کە لە دەرگاکەوە چوومە ژوورێ، سەیری کردم و پێی وتم: درەنگ کەوتووی. هەڵسوکەوتێکی ئەو بۆ من وەک کچێکی گەنجی ٢٣ ساڵ کە گەنجترین ئەندامی ئەو گرووپە بووم، زۆر سەیر بوو. سیمۆن ئەو کاتە ٦٢ ساڵ بوو و کە دەیتوانی لە جێی دایە گەورەی من بوایە.

کاتێک کە دەچوومە ماڵەکەی جارێکیان یەکێک لە ئەندامانی بزووتنەوەی ژنان لێی پرسیم بەڕای تۆ بۆ ئەوەی کە پرسی لەباربردنی منداڵ بکەینە پرسێکی

جەماوەری، چ هەنگاویک بنێین؟ منیش لە وەڵامدا وتم: دەبێت کارێک بکەین کە میدیای فەڕەنسا وشەی "لەباربردن" بەکار بهێنن.

لە فەڕەنسا وشەی "لەباربردنی منداڵ" وشەیەکی بڤە بوو. هەرچەند من لەناو خێزانێکی رۆشنبیر و لیبراڵ لە دایکبووم، بەڵام کەمتر ئەو وشەیە بەر گوێم دەکەوت. وشەی "لەباربردنی منداڵ" قەت نە لە میدیاکان و نە لە کەسوکار و هاوڕێیانم نەبیستبوو.

لە دەیەی ١٩٧٠ هێشتا فەڕەنسا وڵاتێکی کاسۆلیکی توندڕەو بوو و هەر بەو بۆنەیەوە کەس نەیدەوێرا لەبارەی "لەباربردنی منداڵ" قسە بکات. تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٣ حکومەتی فەڕەنسا ژنێکی بە تاوانی ئەوەی کە منداڵێکی خۆی لەبار بردبوو، لە سێدارە دا. لە دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لەباربردنێکی زۆری منداڵ لە فەڕەنسا بەشێوەیەکی نایاسایی روویدا کە بووە هۆی مردن و کەمئەندامبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆمان لە ماڵی سیمۆن دی بۆڤوار بڕیارمان دا کە راگەیاندراوێک بڵاوبکەینەوە و تێیدا ئاماژە بەوە بکەین کە منداڵمان لەباربردووە، ئەم بیرۆکەیە لە بەیاننامەکەی ١٤١ سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر دەمی خەباتی سەربەخۆیی جەزائیر بڵاوبووەوە. بیرمان لەوە دەکردەوە کە دەبێت کەسایەتی ناودار ئەو راگەیاندراوە مۆر بکەن، ٣٤٣ ژن ئیمزایان کرد، خۆشم کە قەت منداڵم لەبار نەبردبوو، ئیمزام کرد. هێشتا کێشە و گرفتێکی گەورەمان لەبەردەمدا مابووەوە، ئەویش بەچاپگەیاندنی راگەیەندراوەکە بوو، دەمانزانی کە رۆژنامەی لۆمۆند چاپ و بڵاوی ناکاتەوە، چونکە رۆژنامەنووسەکانی لۆمۆند هەموویان کاسۆلیکێکی توندڕەو بوون و لایەنگری مافی هەڵبژاردن نەبوون. تەنها گۆڤاری ئێکسپرێس و نووڤێل ئۆبزێخباتوخ، رازی بوون کە هاوکاریمان بکەن کە دواتر لەگەڵ گۆڤاری "نووڤێل ئۆبزێخباتوخ" رێکەوتین. هەرچەند ئەوان ترسیان لەوە بوو کە گۆڤارەکە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە رابگیرێت، ئەوان بەڵێنیان بە ئێمە دابوو کە لە لاپەڕەی یەکەم و بە مانشێتی گەورە چاپی بکەن. هەر وەک چۆن ئێمە پێشبینیمان کردبوو لە مانگی نیسانی ١٩٧١ ئاشوب وهەرایەکی لێ کەوتەوە. بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی فەڕەنسا، رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان چەندین جار وشەی "لەباربردنیان" بەکارهێنا. بەرلەوەی بیر لە پێشهاتەکانی ئەو کارە بکەین لە ژیانی شەخسی رۆژانەی خۆماندا، سەرکەوتنێکی گەورەمان مسۆگەر کرد.

هەندێ لەو کەسانەی کە بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو لە لایەن کڵێسە و

حکومەتەوە تووشی کێشە و گرفت بوون. سیمۆن دی بۆڤوار لە ساڵی ١٩٧٠-وە چاوپێکەوتن و بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە بابەتی فێمینیزم سنووردار کرد و رازی بوو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری "نووڤیل ئۆبزێخ باتوخ" مەبەستی خۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامە بخاتەڕوو.

دوانیوەڕۆی رۆژی ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧١ خۆپیشاندانێکی گەورەمان ساز دا، کە هاوکات لە سەرتاسەری جیهانیش خۆپیشاندانێکی فێمێنیزمی بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی "هەڵبژاردن" رێکخرابوو. بۆ یەکەمین جار ژمارەیەک پەیوەست بوون بە ریزەکانی ئێمە، بەبێ ئەوەی ئەندامی بزووتنەوەی ئێمە بن. میدیاکان سەرنجی ئێمەیان دەدا و گرنگ بووین بە لایانەوە. سیمۆن دی بۆڤوار لە بیرەوەرییەکانی ئەوە بە "جەژنێکی خۆش و برایانە" وەسف دەکات.

هەوڵدانی ئێمە بۆ بە یاساییکردنی پرسی"باربردنی منداڵ" ئەو هەلەی بۆ ئێمە ڕەخساند کە بتوانین تاوتوێی بارودۆخی ئەو ژنانە بکەین کە ناتوانن منداڵ لەبار بەرن. زۆربەی ئەو ژنانە کەمتەمەن بوون و هەندێکیان لە لایەن باب و مام و خاڵ و خزم و کارەوە دەستدرێژیی سێکسییان کرابووە سەر، چونکە هەژار و نەدار بوون و بێ پارە بوون و نەیاندەتوانی سەردانی بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکان بکەن. زۆربەی ئەو ژن و کچە کەمتەمەنانەی کە دەستدرێژیی سێکسییان دەکرایە سەر، نەیاندەتوانی لە قوتابخانەکان بخوێنن و دەریان دەکردن و مافی ئەوەشیان نەبوو دوای ئەوەی منداڵەکەیان بوو، بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و درێژە بە خوێندن بدەن، هەربۆیە ئەوان بێبەش دەکران لە مافی خوێندن و هەر ئەوەش وای دەکرد کە بنەماڵەکانیان ئەوان لە خۆیان دوور بخەنەوە و لە ماڵەوە دەریان بکەن. ئەوانیش لەبەر بێ جێگا و رێگایی نەیاندەزانی روو لە کوێ بکەن. حکومەتی فەڕەنسا چەند خانوویەکی بۆ ژنانی بێ سەرپەرشت و بێوەژنان دروستکردبوو، کە شوێنێکی زۆر باش نەبوو، چونکە وەک تاوانبارێک لەگەڵ ئەوان مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکرا.

رۆژێک سیمۆن بۆڤوار لە تەنیشت یەکێک لەو بینایانە تێدەپەڕێت و ئاگاداری ئەو وەزعە دەبێت. لەو بینایانەدا ژنانیان تەنها فێری بەرگدوورین و رستن و چنین و چێشت لێنانیان دەکرد. ئەوان لەناو هۆڵێکی گەورەدا لەسەر قەرەوێڵەیەکی بچووک دەژیان، چونکە ئەوان دووگیان بوون، نەیاندەتوانی لەسەر ئەو قەرەوێڵانە بخەون، هیچ شوێنێکیان شک نەدەبرد و لە هەفتەدا تەنها رۆژی شەممە بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر بۆیان هەبوو لەو بینایە بێنەدەرێ. دەبووایە دوو دوو پێکەوە بچن بۆ دوکان و شەقام. هەموویان لە دوورەوە دەناسران

کە ئەمانە کێن و خەڵک گاڵتەی پێدەکردن و سەیری سکیان دەکردن و تانە و تەشەریان لێدەدان.

لەناو ئەواندا کچێکی تێدا بوو کە سکی لە کوڕە هاوڕێکەی پڕببوو، ئەو کچ و کوڕە بەڕاستی یەکتریان زۆر خۆشدەویست، بەڵام مافی ئەوەیان نەبوو کە یەکتر ببینن. نیوەڕۆیەکیان هەموو کچان و ژنانی بیناکە نهۆمی دووەمی بیناکەیان بۆ ئەو کچ و کوڕە کرد بە جێژووان بۆئەوەی یەکتر ببینن، بەڕێوەبەرانی بیناکە بەمەیان زانی و کاتێک چوونە نهۆمی دووەمی بیناکە سەیریان کرد ئەو کچ و کوڕەکە پێکەوەن. رۆژی دواتر تەلەفۆنیان بۆ باوکی کچەکە کرد و رووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە، باوکی کچە هات، پرچی کچەکەی گرت و راکێش راکێش لە کاتێکدا کچەکەی دووگیان بوو، دەستی بە لێدانی کرد، لەو کاتەدا یەکێک لە فەرمانبەرانی بیناکە ویستی ناوبژیوانی بکات کە لەو کاتەدا بەڕێوەبەری بیناکە بە فەرمانبەرەکەی وت: هیچ کات خۆت لە کاروباری باوک و کچدا هەڵمەقورتێنە. پیاوەکە ئەوەندەی لە کچەکەی دا هەتا بورایەوە و لەسەر خۆی چوو.

هەموو کچ و ژنەکانی ئەو بینایە کە ئەم رووداوەیان بینی دەستیان کرد بە مانگرتن لە خواردن. لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا حکومەتی فەڕەنسا بڕیاری دا ئەو بینایە دابخات. لەو ماوەیەدا نامە بۆ کەسوکاری ژنان و کچانی ئەو بینایە نووسرا کە بێن کچەکانیان ببەنەوە. ئەو کچانە داوایان لە ئێمە، کە بزووتنەوەی ژنان بووین، کرد، کە بە دەنگیانەوە بچین. دوو رۆژ دواتر ئێمە سەردانمان کردن و کۆبووینەوە، سیمۆن دی بۆڤوار وتەبێژی ئێمە بوو. هەموو خەڵکی فەڕەنسا گوێیان لە رادیۆ دەگرت و لە رێگای رادیۆوە ئاگاداری بارودۆخی خراپی ئەو بینایە بوون. سیمۆن دی بۆڤوار لەگەڵ یەک یەکی ئەو کچانە چاوپێکەوتنی ئەنجام دا و گوێی لێگرتن و قسەی لەگەڵ کردن. رۆژی دواتر سیمۆن دی بۆڤوار لەگەڵ گەورە بەرپرسانی پەروەردەی فەڕەنسا کۆبووەوە. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کە زەمینە خۆش کرا بۆئەوەی ئەو کچ و ژنانە بتوانن بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەکان و درێژە بە خوێندن بدەن.

لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر روانین و دیدی خەڵکی فەڕەنسا سەبارەت بە بزووتنەوەی ژنان گۆڕدرا. دواتر فەڕەنسییەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەو بزووتنەوەیە سەر بە چینی دەوڵەمەند و باڵا نییە، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیە بە دەنگ هەژاران و لێقەوماوانەوە دەچێت. ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی هەژار و ستەملێکراو نامەیان بۆ سیمۆن دی بۆڤوار نووسی. سیمۆن حەزی دەکرد بە دزییەوە یارمەتی و هاوکارییان بکات، هەر بۆیە ئەو ژنانەی کە نامەیان بۆ

نووسیبوو لە لایەن سیمۆنەوە پارەیان پێدەدرا و ئەویش داوای لێکردبوون کە بڵێن ئەوە بزووتنەوەی ژنان یارمەتییان داوین.

خەباتی ئێمە بۆئەوەی پرۆژەی لەباربردنی منداڵ ببێت بە یاسا، بەردەوام بوو. هێشتا لەباربردنی منداڵ لە فەڕەنسا نایاسایی بوو و هەر ئەو یاسایەش کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دروست کردبوو.

کچێکی گەنج بە ناوی "ماری کلێر" لە کوڕە هاوڕێکەی جیا ببووەوە، هەستی کرد کە دووگیانە، دایکی ماری ئامادە بوو کە منداڵەکە بەخێو بکات، بەڵام ماری رازی نەبوو و بەنیاز بوو کە منداڵەکەی لەبار ببات. کوڕەکە لای پۆلیس شکایەتی لە ماری کرد کە ئەو منداڵەکەی لەبار بردووە، پۆلیسیش ماری و دایکی و ئەو مامانەی کە منداڵەکەی بۆ لەبار بردبوون، دەستگیر کرد و بزووتنەوەی ژنانیش ناچاربوون کە بێنە ناو کەیسەکەوە.

سەرەتا خۆپیشاندانێکمان لە گۆڕەپانی ئۆپێرای لە پاریس رێکخست، خۆپیشاندانێکی ئارام کە تێیدا دایکان بە منداڵی شیرەخۆرەوە بەشدارییان کردبوو، لەناکاو پۆلیس پەلاماریان داین و دەستیان کرد بە لێدان و سەرکوتی خۆپیشاندەران. خەڵکی هاواریان دەکرد، منداڵان رایان دەکرد، هەندێک لە ئێمە لێدانمان خوارد. رۆژی دواتر لە رێگای میدیاکانی سەرتاسەری فەڕەنسا ئاگاداری سەرکوتکردنی خۆپیشاندران بوون و مەسەلەی ماری لە ماوەی کەمتەر لە ٢٤ سەعات بوو بە بابەتێکی نیشتمانی لەسەرتاسەری ئەو وڵاتەدا.

سیمۆن دی بۆڤوار ئامادە نەبوو نەک تەنها لە رادیۆ و تەلەفزیۆن، بەڵکو ئامادەیی خۆی پیشاندا کە لە دادگاش بەرگریی لە ماری بکات. سیمۆن لە دادگایەک کە هەموو دادوەرەکانی پیاو بوون، بەرگریی لە ماری کرد. هیچ توانای ئەوەی نەبوو کە قسەکانی پێ ببڕێت. چەند رۆژ دواتر دادگا بڕیاری خۆی دا، ماری بە تاوانبار دەرچوو، بەڵام ئازاد کرا.

سەرئەنجام پەرلەمانی فەڕەنسا یاسای دژەلەباربردنی پەسەند کرد و بڕیار درا ئیتر لەباربردنی منداڵ یاساییە. کاتی ئەوەش هاتە پێشێ کە کێشەکانی وەک دەستدرێژیی سێکسی، زیناح لەگەڵ کەسوکاری نزیک (محارم)، هەقدەست و مەسەلەی لێدان و ئازاردانی ژنان بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو سیمۆن دی بۆڤوار ئەنجومەنی مافەکانی ژنانی دامەزراند و دەرفەتی بۆ ئێمە رەخساند لە گۆڤاری "سەردەمی مۆدێرن" کە بە هاوکاری سارتەر لە ساڵی١٩٤٥ دایمەزراندبوو، بابەت بنووسین. ئێمە پاشکۆیەکی ژنانەمان دەرکرد کە لە کەمترین ماوەدا هەمووی فرۆشرا. سیمۆن

هەمیشە دەیویت ئەگەر بارودۆخی ژنانیش باش بوو، ئێوە نابێت سەبارەت بە مافەکانی ژنان ساردببنەوە.

رۆژی ١٩ ی ئابریل ١٩٨٦، من و هێلنی خوشکی سەردانی نەخۆشخانەمان کرد، کە چووین تەرمی سیمۆن دی بۆڤوارمان بینی، ئەو هەمیشە لێوانلێو لە ژیان بوو، ئێستا بەبێ جووڵە کەوتووە، لە سەرتاسەری جیهانەوە گوڵی بۆ دەهات، بە دەیان هەزار کەسمان بینی کرنووشیان بۆ دەبرد. کاتێک تەرمەکەمان بۆ گۆڕستان برد، هەمان ئەو سروودەمان خوێند کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە کاتی دروستبوونی بزووتنەوەی ژنان خوێندبوومان. سیمۆن ئەو سروودەی زۆر پێ خۆش بوو. پێمان وابوو ئەم سرووده باشترین ماڵئاواییە لە سیمۆن.

ئێمەی ژنان رابردوومان نییە
ئێمەی ژنان هەر لە سەرەتاوە مێژوومان نەبووە
ئێمەی ژنان کە سەرزەمینەکەمان تاریکە
لێمان گەڕێن ئێمەی کۆیلە هەستین
هەستن هەستن هەستن!!!

ئێمەلەبەر خۆمانەوە بە هێواشی ئەو سروودەمان دەگوتەوە، هەتا سیمۆن لە خەو (مردن) هەڵنەستێت. دەنگمان تەنها ئەو کاتە بەرزکردووە کە تەرمەکەیان خستە ناو گۆڕەکەوە.

سیمۆن دی بۆڤوار زۆر شتی جوانی فێری من و ژنانی تر کرد، ئایا ئێمە کە لە بزووتنەوەی ژناندا لەگەڵ ئەو کارمان دەکرد و رێگای ئەومان درێژە پێداوە، دەتوانین شادی بە رۆحی ببەخشین. هیوادارم.

نووسەر: کلۆدین مۆنتی، هاوڕێی (سیمۆن).
**سەرچاوە:**
www.aftabir.com

# من و تەرمەکەی تەنیشتم!

**نووسینی: د. مەسعوود عەتایی***
**و. لە فارسییەوە: کەریم تاقانە**

دوای ئەوەی کە دوایین رەشپۆشە شینگێڕەکان لە گۆڕەکەم دوورکەوتنەوە، ئاهێکی خەماوی، بەڵام لەسەرخۆم هەڵکێشا و لە تابووتەکەدا خۆم وەرسووڕاند.

ناڵە و گریانی خەڵک و وتارخوێندنەوەی سەر گڵکۆ ناڕاحەت و خەمباریان کردبووم و هەستم بە تەوژمێکی دژوار دەکرد. ئێستا، خۆشحاڵ لەوەی کە سەرەنجام تامی حەسانەوەی ((نەبوونی بوون)) لە گۆڕەپانی ژیاندا دەچێژم، لە خەڵوەتی خۆمدا ئارامگرتبوو، بەڵام ئەم حەسانەوەیە کاتی بوو. لەپڕ، دەنگێکی لەرزۆک و جاڕسکەر هەودای خەیاڵی بڕیم. سەرەتا وام بیرکردەوە یەکێک لە تازیەبارەکان گەڕاوەتەوە تا ئەوەی لەبارەمەوە بیریکردبۆوە، بێ پەردە بیڵێ و رزگاری ببێت. بەڵام دەنگەکە لەژوور سەرمەوە نەبوو، بەڵکو لەژێر خاکەوە بوو، راستترم گوتبێ، لەلای چەپمەوە دەهات!

دەنگی پیاوێک بوو بە ئەڵمانی قسەی دەکرد. دیسان خۆمم خستەوە سەرپشت و بەسەر ئانیشکی دەستی چەپمدا نەختێ راستبوومەوە و گوێمدایە قسەکانی.

لە وەڵامدا گوتم:

– "بابە، ئێستا ئیدی دەبێ بۆ ئێوە جیاوازی نەبێ کە ئەڵمانی لێرە نێژراوە،

یاخود بیانی".

تەرمەکەی تەنیشتم لەم کاتەدا قسەکەی پێ بڕیم و گوتی:

– "چۆن جیاوازیی نییە؟! لە تەواوی ئەم کەمبوونەی شوێن بۆ گۆڕستاندا بیانییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. لەمەش تێپەڕێ، کوڕەکەی من دەبێ دوو بەرابەری کرێی ئەو گۆڕە بدا کە من بۆ باوکم دام. پاشانیش ئەم بۆنە پیسەی سیر و پیاز و برنجی"باسماتی"ی ئێوە ڕۆژهەڵاتییەکان دڵم تێکوپێکدەدا". بەتووڕەییەوە گوتم:

– "باشە پێتوایە بۆنی سووسیس و چەوریی گۆشتی بەراز و بیرەی بۆگەنی ئێوە باشترە؟"

دراوسێکەم درێژەیدا:

– "دەباشە، کێ ئێوەی ناچارکردبوو لەنێو گۆڕستانی ئێمەدا بتانخەنە چاڵ؟ ئێوە دەبوایە لەنێو خاکی خۆتان و لە تەنیشتی حیزبوڵڵا توندڕەوەکاندا بخرابانە چاڵ".

وەڵاممدایەوە:

– "ئەگەر هەڵبژاردن بەمن بوایە کە لە وڵاتی خۆمدا، تەنانەت لە باوەشی ئەو حیزبوڵڵا توندڕەوانەدا گۆڕکرابام، لەتەنیشت ئێوە ئەڵمانییە بێهەست و دڵڕەقەکانم پێ باشتر دەبوو. مخابن هەڵگرتن و بردنەوەی تەرمەکەم بۆ ئێران، گەلێ گران بۆ هاوسەرەکەم تەواو دەبوو".

هەمیسان وەڵامیدایەوە:

– "تا ئەو جێگایەی ئەمن دەزانم، ئێوە لە ئەڵمان وەک دوکتۆر کارتان دەکرد و پارەی باشتان وەردەگرت. سەرەتا، جێی گەنجەکانی ئێمەتان لە زانستگادا تێکوپێکدا، بەخەرجی ئێمە دەرسەکانتان خوێند، پاشانیش شوێنی دوکتۆرەکانی ئێمەتان گرت و عیادەتان کردەوە و پارەتان هەڵلووشی".

تووڕە بووم و گوتم:

–"وادیارە دەبێ دیسان چەند شتێ دەتۆی گەمژەی ناحاڵی گەیەنم. ئەمن لە قۆناغی خوێندکاریمدا تۆزقاڵێ پارەم لە ئێوە وەرنەگرتووە، بەڵکو بە پارەی باوکەبێچارەکەم خەرجیی ماڵ، خۆراک و پێویستییە تایبەتییەکانی خۆمم مسۆگەر دەکرد. سەبارەت بە شوێنی دوکتۆرەکانیش دەڵێم، دوکتۆرە بیانییەکان بە شێوەیەکی گشتی، ناچار بوون لەو نەخۆشخانانەدا کاربکەن کە لە شوێنە بێبەشەکان هەڵکەوتبوون، یان لەو شوێنانەی لە ئاستی ئەڵمانییەکاندا نەبوون. تەنانەت دوکتۆرە بیانییەکان دەبوایە لانیکەم دوو بەرابەری دوکتۆرەکانی ئێوە

چاکتربن تا بۆ وێنە، نیوەیان وەربگیردرێن".
تەرمەکەی دراوسێم هاواریکرد:
- "لێت ناگەڕێم تۆیەکی پیسی رۆژهەڵاتیی حوشترلەوەڕێن ریسوام بکەی. راستییەکەی ئەوەیە کە بەهاتنی ئێوە بیانییەکان، شەپۆلی ئیعتیاد، دزی و خراپەکاری گشت شوێنێکی سەر زەویی باب و باپیری ئێمەی گرتەوە".
گوتم:
- "یەکەم، زۆربەی ئەو کەسانەی لە تاوانکاریدا دەستیان هەیە، هێشتا ئەڵمانییەکان، یاخود ئەڵمانی رەگەزەکانی ئورووپای رۆژهەڵاتن. دووەم، نابێ ئەو ئیمتیازانە لەبیربکرێن کە لە بیانییەکانەوە بوون بەهی ئەڵمانییەکان. ئێوە بۆ ئەو شتانەی فێریبوون، دەبێ سوپاسی بیانییە نەفرەتلێکراوەکان بکەن. ئەم پەنابەرانە بوون سەر و روویەکی خۆشیان بە کۆمەڵگا و شک و بێڕەنگ و بۆ و کۆنەپارێزەکەی ئێوە دا و کردیان بە کۆمەڵگایەکی چەند فەرهەنگی و... بەمجۆرە دەروازەکانی دنیای بەڕووی خۆیدا کردەوە".
وەڵامـیدامەوە:
- "بەڵێ، بەڵام ئەم ئیمتیازانە بۆ ئێمە گەلێ گران تەواو بوون: پەنابەرە ئابوورییەکان، بۆمبدانانەوەکان، تێرۆریسم...".
گوتم:
-"چاڵکەن، بنی چاڵجێیە، تێرۆریسمێک کە بیانی دەستی تێدا هەیە، هۆی تایبەتیی خۆیشی هەیە؛ ئەو هۆیانەی لە سیاسەتی خۆپەسەندانە و بێشەرمانەی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا حەشاردراون. لەبارەی پەنابەرە بەناو ئابوورییەکانەوە، دەبێ بگوترێ ئەم کلۆڵانە تەنیا و تەنیا بەشێکی بێکەڵک لەوسەرمایەیە دەبەن کە ئێوە بەدرێژایی ئەم سەدەی دواییە لێتان دزیون!"
لەپڕ دەنگی مستکوتان لە دیواری گۆڕەکە، گەیشتە گوێم. بەو نەڕاندنە کە تابووتەکەی وەلەرزە دەهێنا، هاواریکرد:
- "دەمت داخە ئەی رۆژهەڵاتیی گەمژەی بێ شارستانەتی، ئەگینا...".
منیش بەهەمان هێز لە تابووتەکەم دا و هاوارم کرد:
- "ئەگینا چـی؟! قسە بکە، بەرازی رەگەزپەرست... لەچیم دەترسێنی؟ دەتەوێبەشێوازە ئەڵمانییەکەت خێرا پۆلیس ئاگادار بکەی؟یان برۆی سکاڵام لەدژی بکەی؟ یان دەتەوێ پارێزەر بگری و راکێشم بکەیە دادگا؟یاخود کارێ بکەی پێش بەمانەوەم بگرن و لە ئەڵمان دەرم بکەن؟ دەزانی چییە...؟ ئەوکاتانە کە لەسەر خاکیش بووم، لەمهەڕەشە و گوڕەشانە نەدەترسام... ئێرە شوێنێکی

دیکەیە. لەژێر ئەم هەموو خۆڵ و خاکەدا بۆ هەوەڵین جار ئیدی ئەڵمانی و بیانی مافیان یەکسانە!".

لەپڕ گوێم لە هاواری "ئــاخ..." بوو. پاشان گشت شوێنێ بێدەنگ بوو. دوای چەند ساتێ پرسیم:

- "چـیت لـێ هات؟"

وەڵامیدایەوە:

- "هەمیسان قسەی هەڵەت کرد. راستییەکەی دەبێتە: ببوورە شتێ روویدا؟" گوتم:

- "زۆرباشە، ببوورە شتێ روویدا؟"

بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

- "بە قسەکردنی بەڕێزتان بەجۆرێ هۆشم لای خۆم نەما، لەبیرم چوو لە کوێدام. راستەوخۆ راستبوومەوە و بەتوندی سەرم بەتابووتەکەدا دا".

لەحاڵێکدا هەوڵم دەدا پێکەنینەکەم بخۆمەوە، گوتم:

- "ئازارتان زۆر پێگەیشت؟ دەتوانم زامەکەتان ببینم؟"

ئەو گوتی:

- "ئێوە دوکتۆری ژنانن و شارەزای ئەم شتانە نین".

لە وەڵامیدا گوتم:

- "نەبابە...! دوکتۆری ژنانبوون بەومانایە نییە کە قەتکار و باریسەرەوەی ناوکە تێنەگەم. ئاخر ئێمەش دەبێت بتوانین زامەکان سارێژ بکەین".

بە دەنگێکی لەسەرەخۆتر گوتی:

- "زۆر سوپاس، بەڵام دەمەوێ ئۆرژانسی مردووەکان ئاگادار بکەم. ئاخر لێرە خزمەتی دوکتۆری باشتر ئەنجامدەدرێ و هیچ هەواڵـێ لە لـێپرسینەوەکانی سەرەوەش نییە. سەرەرای ئەوەش، بەپێی یاسای کفن و دفنی رێکەوتی ٥ی سێپتامبری ١٩٧٧- پەرەگرافـی ٢، بەندی ٤، مردوو پێش چلەی خۆی مافـی نییە تابووت بەجێبهێڵێت".

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم:

- "ئــــەی ئەمە بــۆ؟!"

وەڵامیدایەوە:

- "چووزانم، یاسا، یاسایە!. بەڵام لە هەمانکاتدا، پاش ئەم ماوەی تاقیکردنەوەیە، ئەگەر بتانەوێ، من دەتوانم بتانبەمە مەڵبەندی سەرەوەتر و ئەشرافیتر. بۆ نموونە، بتانبەمە ئەنجوومەنی دوکتۆرە ناسراوەکان، دادوەرەکان، سیاسەتمەدارە

پلەبەرزەکان و ڕێبەرانی کلێسا، یاخود بتانبەمە کۆمەڵی ملیۆنەرەکان، یاخود هونەرمەندە بەناوبانگەکان. ئاخر من خۆشم ئەندازیاری خانووبەرە بووم".

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم:

– "چما لێرەش مەڵبەندی ئەشرافی و غەیرە ئەشرافی هەیە؟ ئەمن وامدەزانی ئیدی مردووەکان یەکسانن".

بەشێوەیەک دەستیکردە پێکەنین دەنگی سامناکی لێکدانی ددانەکانی بەرزبووەوە. پێکەنینەکەی بووە هۆی ئەوەی مردووەکانی دیکەی دەوروبەریش، بکەونە پێکەنین و پێکەوە بەشێوەیەکی بەرز لە قاقای پێکەنین بدەن. کاتێ پێکەنینەکەیان تەواو بوو، تەرمەکەی تەنیشتم بەم شێوەیە درێژەی دا:

– "لێرە لەژێر خاکیشدا، هەر هەمان یاسای سەر خاکە. دەسەڵاتداران، بە دەسەڵاتن؛ بێدەسەڵاتەکانیش، بێدەسەڵات. سەرمایەدارەکان هەموو شتێکیان لە دەستدێ و هەژارەکانیش چۆن بوون، هەر بەو شێوەیە دەستیان بەتاڵە. ((تجسم))ی ڕاستی، یەکسانی، بەهەشت و دۆزەخ، پاداشت و سزا، ئەفسانە زیاتر نین. لێرەش شتێ نەگۆڕاوە".

بە قووڵی کەوتمە بیرکردنەوە، پاشان پرسیم:

–"شوێنێ شک نابەی پاتۆقی نووسەرەناکامەکان، شاعیرە نیوە سەرکەوتووەکان، هونەرمەندە گومناوەکان و قوماربازە پیشەییەکان بێ؟ چونکە من زیاتر لەنێو ئەو کۆمەڵەدا کڕیارم هەیە!"

تەرمەکەی تەنیشتم وەڵامیدایەوە:

– "مەگەر نەمگوت شتێ نەگۆڕاوە؟ ئێوەش چۆن بوون، هەر ئاوان".

دیسان دەستی بە پێکەنین کردەوە. هەراوهوریای پێکەنین لەنێو مردووەکانی دیکەیشدا دەنگیدایەوە، بەشێوەیەک ئەم قاقا مەرگئاسایە گۆڕستانەکەی هێنایە لەرزە...

*مەسعوود عەتایی ئەم چیرۆکەی بە زمانی ئەڵمانی نووسیوە و "شەهلا حەمزاوی" کردوویە بە فارسی. شایانی باسە، کە ماوەیەک پاش وەرگێڕانەکەی شەهلا، دوکتۆر مەسعوود بۆخۆیشی چیرۆکەکەی خۆی وەرگێڕایەوە سەرزمانی فارسی. من وەرگێڕانەکەی خۆمم لەگەڵ ئەوەی نووسەریشدا لەبەر یەک داناوە. کەریم تاقانە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری "ارش"، ژمارە (٥٥)، ئاوریل و مایی ١٩٩٦، ل٥٥-٥٦.

# بەرچنێک لە چوارینەکانی خەییام



**و. لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی**

(١)

**این چرخ فلک که ما در ان حیرانیم**

*

**ئەم چەرخی گەردوونە کە تیا هیدمانین**
**بەلامانەوە میناکی فانووسی ئەفسوونە**
**خۆر چراکەیە و فانووسەکەی گەردوونە**
**ئێمەش تێدا وێنەئاسا گێژ و خولاوین**

(٢)

**مائیم در این گنبد دیرینه اساس**

*

**ئێمەین لەم گومبەزییە دێرینە هێما**
**مێروولەئاسا منەی درزێ دەکەین ژ جاما**
**لە ئومێد و ماڵ بێ ئاگا و هەراسانین**
**پەشێو و چاوبەسراو وەک گای ئاسیاوین**



(٣)

**جامی است که عقل افرین میزندش**

❊

**جامێکە ئاوەز بە جوانییەکەی زۆر شەیدایە**
**سەد ماچی هەنیەی دەکا لە خۆشەویستییا**
**لێ گۆزەسازی دنیا وەک ئەم نازکە جامەیە**
**هەمیشە چێدەکات و دەیکوتێتە زەوییا**

(٤)

**شب نیست که عقل در تحیّر نشود**

❊

**شەو نییە ئاوەزم لە هیدمانا نەبێ**
**لە گریانا دەورم پڕ مرواری نەبێ**
**لە پەژارەشا جامی سەرم پڕ نابێ**
**هەرگیز پڕ نابێ جامێ بەرەواژ بێ**

(٥)

**رفتیم و ز ما زمانه اشفته بماند**

❊

**ڕۆیشتین و زەمانە لێمان شڵەژاوە**
**کە لە صەت گەوهەر یەکێ کونکراوە**
**ئەفسووس صەت هەزار مانای ورد**
**بەهۆی بێئاوەزی مەردم نەگوتراوە**

(٦)

**اسرار جهان چنانکه در دفتر ماست**

❊

**نهێنییەکانی جیهان کە لە دەفتەرمانە**
**ناتوانین بیدرکێنێن کە بەڵای سەرمانە**
**کە لە مەردمی نەزان نییە جێی متمانە**
**ناتوانین دەربڕین هەرچی لە ناخمانە**



(٧)

**اورد باضطرارم اوّل بوجود**

*

**ژ ریٚڤه ناچار هیٚنرامه جیهانی هەبوون**
**جگه له سەراسیمه و هیدمانم پتر نەبوون**
**ئینجا به تۆبز کۆچم کرد و نەشمزانی**
**چ مەبەسته له هیٚنان و مانەوه و چوون؟**

(٨)

**افسوس که نامه جوانی طی شد**

*

**ئەفسووس نامەی گەنجیم پیٚچرایەوه**
**نەوبەهاری شادیم بووه بەفرانبار زوو**
**ئەو مەلی کەیفه که ناوی گەنجی بوو**
**هاواره نازانم کەی هات و کەی چوو**

(٩)

**زین گنبد گردنده بد افعالی بین**

*

**لەم گومبەزییه خولاوه بەدکاری ببین**
**ئەم جیهانه چۆڵه له دۆستانت ببین**
**تا دەتوانی ئەم تەنیا هەناسەیەت بژی**
**سبەی و دوێکه پشتگوێخه و نهات ببین**

(١٠)

**از رفته قلم هیچ دگر گون نشود**

*

**له نووسینی خامەدا هیچ ناگۆڕدرێ**
**له خەمخواردن هەر جگەر دادەڕزێ**
**گەر هەموو تەمەنت خوێناو بنۆشی**
**یازیت گەردیلەیەک ناپترێ له بەشی**

(١١)

**دنیا دیدی و هرچه دیدی هیچ است**

*

**دنیات بینی و هەرچیت بینیوە هیچە**
**هەر چیشت وت و بیست هیچ و پویچە**
**ئاسۆکانت بەغاردان پەیکرد لۆ هیچە**
**کونجگیریی ماڵیشت هەروەها هیچە**

(١٢)

**از جملهْ رفتگان این راه دراز**

*

**لە ئاپۆڕەی ڕێڤینگانی ئەم ڕێ درێژەیا**
**کێ هاتۆتەوە تا نهێنیمان بۆ بدرکێنێ؟**
**سا لە دووڕێیانی ئارەزوو، پێویستییا**
**هیچ مەهێڵەوە چکو نازڤڕیتەوە بۆ دنیا**

(١٣)

**امروز ترا دسترس فردا نیست**

*

**ئەڤڕۆ بەسەر بەیانیدا دەسەڵاتت نییە**
**تێهزران لە خەمی بەیانی خەیاڵپڵاوە**
**گەر ژیری ئەم دەلیڤەیە لەدەسمەدە**
**چکو مەحاڵە بۆ تەمەن دابینکەی ماوە**

(١٤)

**ای دل غم این جهان فرسوده مخور**

*

**دڵۆ خەمی ئەم جیهانە کرووچە مەخۆ**
**ناهومێد مەبە و خەمێن بێهوودە مەخۆ**
**چکو(هەبوو) چوو (نەبوو)ش نەهاتووە**
**شاد بژی و خەمی هەبوو نەبوو مەخۆ**





(١٥)

آنکو به سلامت است و نانی دارد

*

ئەوەی تەندروستە و نانێکی هەبێ
بۆ حەسانەوەش کاولاشێکی هەبێ
نە زەلام و نە ئاغای هیچ کەسێ بێ
چەند خۆشە ژینی: (شاد بژی) بڵێ

(١٦)

قانع بیک استخوان چو کرکس بودن

*

ئەگەر رازیببی بە ئێسقانێک وەک کەرکەس
باشترە ژ مشەخۆریی لە خوانچەی ناکەس
ئاری بە نانی جۆی خۆت بژی سەرفرازییە
نەک بلەوتێی بە فالوودەی هەر پیسکەیە

(١٧)

آن به که در این زمانه کم گیری دوست

*

باشترە لەم زەمانەیە هاوڕێت کەم بێ
سەودات وەل خەڵکانا دووراودوور بێ
ئەو کەسەی جێگەی متمانە و بڕواتە
کە چاو ئاوەز وازکەی دەبینی نەیارتە

(١٨)

ای مفتی شهر از تو پرکارتریم

*

ئەی مفتی شار ئێمە لە تۆ پڕکارترین
بەم هەموو مەستییە لێت وشیارترین
تۆ خوێنمژی خەڵک و ئێمە هی ڕەزین
ئینسافت هەبێ کێمان خوێنمژترین؟!



(١٩)

**گاوی است در آسمان و نامش پروین**

❋

**گایەک لە ئاسمانە بە ناوی پەروین**
**گایەکی دی پەنهانە لەژێری زەمین**
**چاوی ئاوەزت وازکە لەڕووی یەقین**
**لەژێر و بانی دووگا گەلێ کەر ببین**

(٢٠)

**آنان که به کار عقل درمی کوشند**

❋

**ئەوانەی بە کاری ئاوەز تێئەکۆشن**
**هەیهات کە هەموویان گا دەدۆشن**
**باشتر ئەوەیە جلکی هێڕیی بپۆشن**
**کە ئیمڕۆ بە ئاوەز کەوەر نافرۆشن**

(٢١)

**برتر ز سپهر خاگرم روز نخست**

❋

**لە یەکەم رۆژەوە ئاوەزم بەرزتر گەڕا لە ئاسمان**
**تێڕاما لە رازی بەهەشت و دۆزەخ و خامە و دەپان**
**کەچی مامۆستای تێهزرانی راستەقین بۆمی درکان:**
**دەپ و خامە و بەهەشت و دۆزەخ لە ناخی خۆتدان**

(٢٢)

**تا در تن تست استخوان و رگ و پی**

❋

**تا ئێسقان و رەگ لە لەشتا دەمێنێ**
**لە یاگەی یازیدا پێت نەنەیتە دەرێ**
**ملکەچ مەبە گەر دژمنت رۆستەم بێ**
**منەتیش مەبە گەر دۆستت حاتەم بێ**



(٢٣)

**این کوزه‌گران که دست در گل دارند**

*

**ئەم گۆزەسازانە کە دەسیان لە گڵە**
**بە ئاوەز و هۆشیان بەوردی دەهزرێن**
**تاکەی ستەمی لووشکە و مشتەکۆڵە**
**چمان تەنێن مەردم نییە ئەم خۆڵە؟**

(٢٤)

**گردون ز زمین هیچ گُلی برنارد**

*

**گەردوون لە زەمینا هیچ گوڵێ نارسکێنێ**
**گەر نەیپڕوکێنێ و ڤێجا بۆ گڵی نەگەڕێنێ**
**ئەگەر بێت و هەور خۆڵ مینا ئاو هەڵگرێ**
**تاکو پەسڵان خوێنی ئازیزان لێ دەبارێ**

(٢٥)

**می خور که بزیر گل بسی خواهی خفت**

*

**مەی بنۆشە کە زۆر دەنووی لەژێری گڵێ**
**بێ هاودەرد و هاوڕێ و هاوسەر و هاودەمێ**
**زینهار ئەم رازە شاراوەیە بە کەس مەڵێ**
**هەر گوڵێ کە بپلژێت، هەرگیز ناپشکوێ**

(٢٦)

**تا هشیارم گرب ز من پنهان است**

*

**تا کو هۆشیارم کەیف لێم پەنهانە**
**گەر مەست ببم لە ئاوەزما نوقسانە**
**دۆخێکە نێوان مەستی و هۆشیاری**
**ئەز بەندەی ئەوەم بەڕاستی ژیانە**



(٢٧)

گويند كه فردوس برين خواهدبود

*

پێم ئەڵێن فیردەوس بەرین و فراوانە
پڕی جۆگەی مەی و پەری جوان جوانە
جا ئەگەر مەی و دڵبەر لێرە هەڵبژێرین
چ ئارێشەیە گەر وەل ئاکاما یەکسانە؟

(٢٨)

اين چرخ چو گاسيست نگون افتاده

*

ئەم گەردوونە لەگەن ئاسا وەرگەڕاوە
هەموو زیرەکێک تێدا زەبوون و داماوە
کەچی بنواڕە دۆستیی شووشە و پیاڵە
لێو لەسەر لێو و خوێن لەنێوان ڕژاوە

(٢٩)

لب بر لب كوزه بردم از غايت ئ‌ز

*

زۆر بەتاسەوە لێوانم نایە لێوی گۆزەوە
تا ڕازی تەمەن درێژی لێی هەڵێنجمەوە
لێوی لێوانمی هەڵمژی و چپانیە گوێمەوە:
مەی بنۆشە هەرگیز بۆ جیهان نازڤڕێتەوە

(٣٠)

اين كوزه چو من عاشق زاری بودەاست

*

ئەم گۆزە شبتیم عاشقێکی پەژار بووە
گیرۆدەی داوی ئەگریجەی نازارێ بووە
ئەم قوڵفەی وەل ملیا جۆشی خواردووە
باڵێکە کە لە ملی شەنگەیارێ بووە



(٣١)

**ما لعبتکانیم و فلک لعبت باز**

*

**وا ئێمەمان وەیلکانین، فەلەکیش یاریزان**
**لەڕووی راستییەوە نەک لەڕووی مەجازان**
**لە دێمی هەستیدا تاوێ وازیکەت پێمان**
**یەک یەکیش دەکەفینە سندووقی نەمان**

(٣٢)

**افلاک که جز غم نفزایند دگر**

*

**فەلەک جگە لە کۆڤان چیتر نابەخشێ**
**هیچیش نادا گەر شتێ تر نەلووشێ**
**نەهاتووەکان گەر بزانن چ ژان و عەزابێ**
**لە دنیا دەکێشین، کەسیان لەدایکنابێ**

(٣٣)

**گر بر فلکم دست بدی چون یزدان**

*

**گەر بەسەر فەلەکا زاڵدەبووم وەک یەزدان**
**ئەم فەلەکەم هەر لادەدا لە بنج و بناوان**
**فەلەکێکی ترم لە نۆژەنەوە دەئافران**
**کە ئازاد بە کامی دڵی بڕەسێ ئاسان**

**فەرهەنگیلە:**

هیدمانین: حایرین/ میناک: وەک، میسال/ هێم: بناغە/ ئاسیاو: ئاش/ چێدەکات: دروست دەکات/ ئاوەز: عەقڵ/ مەردم: خەڵک/ ژ ڕێڤە: لە سەرەتاوە/ دوێکە: دوێنێ/ نها: ئێستا/ یازی: سەرنوشت/ ناپترێ: زیادناکا/ پویچە: پووچە/ لۆ: بۆ، ئەڕا/ ڕێڤینگان: ڕێبواران/ نازڤڕیتەوە: ناگەڕێیتەوە/ دەلیڤە: هەل/ چکو: چونکە/ کرووچ: سواووپواو/ وازکەی: بکەیتەوە/ دەپ: لەوح/ یاگە: مەنزڵ، جێگە/ ڤێجا: ئینجا، دیسان/ بپلۆژێ: بژاکێ، سیسبێ/ ئارێشە: کێشە ، وێم/ وەل: لەگەڵ/ شبتیم: وەکو من/ وەیلکان: بووکەڵە/ دێم: ڕوو/ وازیکەت: بازیدەکا، گەمەدەکا.

# هونەر

# هونەر


- دیدار لەگەڵ ناهیدە سدیق — **سازدانی: گۆڤاری هەنار**
- ئەڤینێک بەردەوام بەسەر باڵی ئەسپەوە — **سیروان رەحیم**
- وتووێژ لەگەڵ شەهرام نازری — **و. محەمەد ئەدیبی**
- چاپڵین لەو هەموو خەڵکەی جیهانە — **و. ئازاد بەهین**



# ناهیدە سدیق:
# فیگەری سەرەکی لەکارەکانمدا، ئافرەتە



**سازدانی: گۆڤاری هەنار**

**لە دوا پێشەنگای تایبەتیدا کە ڕۆژانی ٢٦-٢٠١٢/٥/٣١ لە گەلەری (تەوار) لە شاری سلێمانی نمایشی کرد، لە دیمانەیەکی کورتدا چەند پرسیارێکمان سەبارەت بەکارەکانی بەگشتی و پێشانگاکەی، بەتایبەتی لە شێوەکار (ناهیدە سدیق مستەفا) کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:**

**جیاوازی زۆر لەنێوان ئیشەکانتدا دەبینرێت، وەک زەیتی و گرافیک و بۆیەی قەڵەم...؟**

ئەوەی جیاوازی دەبینێت لەکارەکانمدا، کار و ئەزموونی منە هەر لە ساڵەکانی ١٩٩٩-٢٠١١، واتە کاری پەیمانگا و مامۆستایی و زانکۆی تێدایە، بە هەموو ئەو قۆناغانەدا رۆیشتووم و کارم بۆ کردووە، ئارەزووم کردووە لە پێشەنگایەکی تایبەت بەخۆم لەو جۆراوجۆریەی کارکردنم پیشان بدەم، وەک ئەوەی ئێوە بینیوتانە.

**ئایا دەتوانرێت هێڵێکی گشتی لە کارەکانتدا بەدی بکرێت، واتە فیگەرێکی بەردەوام لە کارەکانتدا هەیە کە وێنەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە؟**

فیگەری سەرەکی من لە کارەکانمدا ئافرەتن، زۆر بەڕوونی دیارە، تەنانەت ئەو هێڵانەی بەکارە تەجریدییەکانیشمدا کێشاومە، باس لەکچێتی دەکەم... دەتوانم بڵێم زۆربەیان خۆمم...

**وێنەکان سەر بە چ مەدرەسە، یان رێبازێکن؟**

کارەکانم زۆرترین مەدرەسەی تێدایە، ئەوانیش: موستەقبەلی، تەعبیری، تەجریدی، واقعی، ئەکادیمی، سریالی، واقعی (سحری)...





**لە هەندێ وێنەدا جوڵە (حەرەکەی موستەقبەلی) هەیە، دەتەوێت لەو وێنانەدا چی بڵێیت؟**

جوڵەکان لە کارەکانمدا، مەبەست حەزە، تەنیا بەردەوامبوونە لە ژیاندا و جوڵەیەکە بوونی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەمدا.

**دەتوانیت باسێکی کورتی وێنەی ئەتروحەی دەرچوونەکەت بکەیت کە لە پێشەنگاکەتدا نمایشت کردبوو؟**

ئەترووحەکەم باس لە خەیاڵی کچ دەکات، بەشێوەیەکی واقعی سحری بەتایبەت، واتا ئەفسانەیی، کە هەموو کچێ لە هەر شێوە و نەتەوەیەک بێت خەیاڵی خۆی هەیە بۆ ژیانی، هەریەکە و بەجۆرێکە... ئەو کچەی لای ئاوەکە ڕاکشاوە، حەز دەکات لەشێوەی ماسی خۆی ببینێتەوە، چونکە ماسی لە مرۆڤەکان ئازادترن، هەروەها کچی تێدایە هیچ ئاواتی نییە، تەنیا کەسێکی ئاساییە تا دواژیانی، واتە هیچ بیرکردنەوە و ئاواتێکی بۆ ژیان نییە...




**رووخساری ژن لەکارەکانی تۆدا، رووخسارێکی تێکشاو و خەمۆکییانەیە، ئەمە بۆ؟**

کارەکانی من لەوکاتدا دەچنەوە سەر تەعبیری، ئێستا بەو شێوەیە کاری بۆ دەکەم، تێکشکاندنیش پەیوەندی بە تەعبیرییەوە هەیە...

**ئەگەر شتێکی تر کە خۆت بتەوێت ئاماژەی پێ بدەیت؟**

دەستان خۆش سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**پرۆفایل**

- ناهیدە سدیق مستەفا.
- ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی لەدایکبووە.
- ساڵی ١٩٩٩ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە و ساڵی ٢٠١١ کۆلێژی هونەر بەشی وێنەکێشانی لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.
- شەش پێشەنگای تایبەتی لە ساڵەکانی (١٩٩٩، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠١٢) کردووەتەوە.

هەروەها بەشداری زیاتر لە (١٩) پێشەنگا و کاری هاوبەش کردووە.

# ئەڤینێک بەردەوام بەسەر باڵی ئەسپەوە

## بینینێک بۆ "ئەسپی شەڕ" و تێڕوانینێک لەسەر گێڕانەوە



**سیروان رەحیم**

**ناوی فیلم: ئەسپی شەڕ**
**سیناریۆ: لی هال/ ریشارد کۆرتیس**
**بەرهەمێنەر: کاتلین کەنەدی/ ستێڤان شپیلبێرگ**
**دەرهێنان: ستێڤان شپیلبێرگ**
**کامێرا: ژانوسز کامینسکی**
**مۆنتاژ: میشائێل کان**
**موزیک: جۆن ویسلیامز**
**جۆری فیلم: دراما**
**ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠١١**
**١٤٦ خولەک، ٣٥ ملم، رەنگاوڕەنگ**
**زمان: ئینگلیزی**

ئەگەر لە رەوشێکدای هەرگیز سینەمات نەبینیوە، ئەگەر بە هیچ جۆرێک تەماشای فیلمت نەکردووە، ئەگەر تا ئێستا لە چێژی وێنە و دیمەن بێبەش بوویت، برۆ تەماشای فیلمی ئەسپی شەڕ بکە. ئەسپی شەڕ نوێترین فیلمی دەرهێنەری بە نێوبانگ ستیڤەن ئالان سپیلبێرگ (١٩٤٦)ە. فیلمی ناوبراو لە رۆژی ٢/١٦. بەدواوە لە سینەماکانی ئەوروپا پێشان دەدرێت و لە ئەمەریکایش پێش ئەو مێژووە دەستی پێکردووە. ئەسپی شەڕ فیلمێکە هەڵگری کۆمەڵێ پەیامی گرنگ، تژە بە وێنەی پڕ چێژ، چێژ لە لوتکەی خۆیدا، لێوانلێو لە ساتی هەژێنەر، پڕاوپڕ لە وردەکاری جوانە، بەڵام هەموو ئەو توخمانە لە یەک خاڵدا یەکانگیر بوونەتەوە، ئەویش خۆشەویستی. ئەڤینی ئالبێرت ناراکۆت بۆ ئەسپێک کە خۆی ناوی لێناوە "جەوی". لەم فیلمەدا ئەو ئەسپە رۆڵی سەرەکی دەبینێت. رۆڵێک لە لوتکەی داهێناندایە و لەو شێوازە جوانتر تا ئێستا نەبووە. زۆرن ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی لە بەرهەمی خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵ ئاژەڵدا کردووە، بەڵام بەرهەمێک بەم شێوە نایابەی سپیلبێرگ بەرجەستەی کردبێت، ئێستا لە خەیاڵمدا نییە ئاماژەی پێ بکەم. دیارە ئەسپێک بە دەربڕینە ئینگلیزییەکەی ناوی "جەوی" لێنراوە.

کات لەم فیلمەدا رۆژگاری شەڕە. شەڕی یەکەمی جیهانی. باوکی ئالبێرت ناچار دەبێت ئەسپەکە بفرۆشێت. ئەسپێک ئالبێرت لە ساتی لەدایک بوونییەوە عاشقی بووە. ئەو سەرلەشکرەی ئینگلیز کە ئەسپەکە دەکرێت، هەست بە حاڵی پەرێشانی ئالبێرت دەکات، بۆیە پێی دەڵێت بەڵێن دەدەم پێت ئەگەر شەڕ بهێڵێت ئەوا دووبارە ئەو ئەسپە دەبینیتەوە. ئالبێرت دەڵێت: کە "جەوی" بچێتە شەڕەوە منیش بڕیارم دا خۆبەخشانە دەبم بە سەرباز، بەڵام سەرلەشکر پێی دەڵێت:

"بەداخەوە کەمیی تەمەنت رێگرە لەبەردەم پەسەندکردنی داواکەت".

لە یەکەم هێرشی ئینگلیزەکاندا، لە شەڕگەدا سەرلەشکری ئینگلیز دێتە کوشتن و ئەسپەکە دەکەوێتە دەستی کەسانی تر. هەر کەسێک ئەو ئەسپە دەبینێت عاشقی دەبێت، تەنها جەنەراڵەکانی شەڕ نەبێت. لەو خاڵەدا ئاماژەی جوان و زراڤ هەیە بە ناحاڵیبوونی جەنەڕاڵەکان بەرانبەر بە خۆشەویستی. بە داخەوە رۆژانی شەڕ لە رۆژانی ئاسایی درێژترن. شەڕ بەردەوامە و دەبینین ئالبێرتیش بووە بە سەرباز و لە شەڕدایە. لە یەکێک لە گێمەکانی شەڕدا ئەو کورە بەهۆی گازەوە بە سەختی بریندار دەبێت و هەردوو چاوی دووچاری برین و نەبینین دەبن. ئەسپەکەیش لە مەیدانی شەڕ لە دەستی فەرماندە و سەربازەکان هەڵدێت، بەڵام بەرەو کوێ؟ هەموو سەرزەوینەکان بە دڕکەزی تەندراون. ئەسپی بەستەزمان

و سەرکێش لە ئەنجامدا لەنێو تۆڕی درکەزییەکاندا گیر دەخوات و بە سەختی بریندار دەبێت. ئەسپی بریندار رزگار دەکرێت و دێتە ئەو نەخۆشخانە سەربازییە ئالبێرتیش لەوێ چارەسەر دەکرێت. ئەسپی پەرێشان لەلایەن جەنەراڵی شەڕەوە بڕیاری کوشتنی دەدرێت، چونکە پێیانوایە چاکبوونەوەی کاری کردە نییە. هەموو ئەو سەرباز و سەرلەشکرە چاوساغانەی ئەوێ، ئەوەندەی ئالبێرت، کە لەو دەمەدا هەردوو چاوی نابینێت، ناتوانن جوانی ئەو ئەسپە ببینن. ئالبێرت کاتێک دەنگوباسی ئەو ئەسپە دەبیستێت، دەست دەکات بە هەمان فیکەلێدان، کە هەر لە رۆژانی سەرەتای هاوڕێیەتی و ئەڤینداریيانەوە ئەسپەکەی پێ بانگ دەکرد. ئەسپی شەکەت، کاتێک سەری لە بن رەحمەتی دەمانچەی سەربازێکدایە، یەکسەر گوێ بۆ فیکەی ئالبێرت شل دەکات و بۆی دەگەڕێت. هەوڵی کوشتنی ئەو ئەسپە دیمەنێکی تیژتێپەڕە، بەڵام پڕە لە رووداوی هەژێنەر. پڕ لە وانە و پڕە لە کارامەیی هونەر و چێژبەخشینی دیمەن. لە دووبارەبوونەوەی ئەو رەوشەدا دەستبەرداری کوشتنی ئەسپەکە دەبن. بە دوای سەرچاوەی "فیکە"دا دەگەڕێن. ئالبێرت دێت و خۆی دەناسێنێت، بەڵام کێ بڕوا بەو کوڕە دەکات بە چاوی بەستراوەوە ئەسپ بناسێتەوە. ئالبێرت پاش ئەوەی بە چاوی بەستراوەوە هەموو ناونیشانەکانی "جەوی"یان پێدەڵێت، دۆشدادەمێنن و ناچارن کاردانەوەیان هەبێت. ئەسپەکە رادەستی ئەڤیندار و دۆستی راستەقینەی خۆی دەکەنەوە. ئەسپەکە پاش گەشتێکی پڕ لە ئازار بەرەو لای خۆشەویستی خۆی دەبێتەوە. دەچێتەوە لای کەسێک تەنها بۆ خۆشەویستی یەکیان دەوێت و بەس. زۆر کەم پاش ئەم رووداوە شەڕ کۆتایی پێدێت. ئالبێرت خۆشحاڵە، خۆشحاڵی لە بالاترین ئاستی خۆیدا، کاتێک لەگەڵ ئەسپەکەی بەرەو زێد دەبێتەوە، بەڵام سەرلەشکر ئەو مافە بە ئالبێرت نادات و دەڵێت ئەسپی شەڕە و دەیخەینە کڕین و فرۆشتنی ئاشکراوە. توانیت بیکڕە و نەتتوانی هیچ! سەرلەشکرەکان بەو ئاسانییە بڕیار سەبارەت بە چارەنووسی ئەڤینداران دەدەن. لە فرۆشتنی ئاشکرادا ئالبێرت ناتوانێت ئەسپەکە بکڕێت و سەرباری کۆمەکی هاوڕێکانیشی پارەی تەواوی بەدەستەوە نییە بۆ هەڵگرتنەوەی ئەسپەکە.

ئەو پیاوەی ئەسپەکە دەکڕێت، پاش دانوساندنی لەگەڵ ئالبێرت لە ئەڤینی راستەقینە و بێ غەل و غەشی ئەو کوڕە بۆ ئەسپی رەسەن حاڵی دەبێت، بۆیە دەڵێت: "بیبە، مەبەستی منیش لە کڕینی ئەسپەکە هەر ئەوە بوو بگاتەوە بە دەستی خاوەنی راستەقیەنەی خۆی. دیارە تۆ خاوەنی راستەقینەی ئەم ئەسپەیت و دەتوانیت ئەوە بسەلمێنیت".

ڕاستییەکەی ئالبێرت خاوەنی ئەسپەکە نییە، بەڵکو ئەو و ئەسپەکە ئەڤینداری یەکترن. لە هیچ کڕین و فرۆشتنێکی ئەو ئەسپەدا ئالبێرت پارەی نەدا و وەرنەگرت، بەڵام هەر وەکو ئەسپێک هی ئەو بێت مایەوە، چونکە عەشقی پڕ وزەی ئالبێرت بەردەوام بەسەر باڵی ئەو ئەسپەوە بووە. تەنانەت لە شەڕگەکانیشدا. ئەسپی شەڕ ١٤٦ خولەک درێژە، بەڵام دڵنیام کاتێک دەیبینیت ئارەزووتە زۆر درێژتر بێت لەوەی کە هەیە.

دەرهێنەری گەورە و ناسراو، ستێفان شپیلبێرگ، بەوە ناسراوە فیلمی خراپی بەرهەم نەهێناوە، بەڵام بەرهەمهێنانی بەسەرهاتی ئەسپێک بەو جۆرە، کارێکە لە هەرە کارە جوانەکانی ئەو دەرهێنەرە و هونەر و پیشەسازیی سینەما.

**لە ڕوانگەی "ئەسپی شەڕ"ەوە تێڕوانینێک لەسەر گێڕانەوە:**

بینینی "ئەسپی شەڕ" زەمینە ساز دەکات تا دەگەینە ڕامان و بیرکردنەوەی قوڵ سەبارەت بە کارەساتەکانی خۆمان. بینینی چەند جارەی ئەو بەرهەمە وا دەکات مرۆڤ بیر لە بەسەرهاتی زێدی خۆی بکاتەوە. لە ئامێزی زێدەکەیشدا بیر لە سرووشت و لە ئاژەڵەکان بکاتەوە کاتێک دەبن بە دیمەنی غەمگینی نێو کارەساتە گەورەکان. ئێمەیش چیرۆکی غەمگین و قوڵی وەکو "ئەسپی شەڕ"مان هەیە، بەڵام هونەری گێڕانەوە و هونەری پێشاندان لە لای ئێمە تا ئێستا نەگەیشتووە بە ئاستێک بتوانێت لەو چیرۆک و بەسەرهاتانە حاڵی ببێت و بیانکات بە کارێکی هونەریی گەورە. کارێک خۆی و بەسەرهاتەکە بە گەورەیی پێشکەش بکات و بە گەورەیی بیهێڵێتەوە. ئەوەی لە "ئەسپی شەڕ"دا دەیبینین، بێگومان چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە. چیرۆکێکە ڕوویداوە. هەرچەندە ئێمەیش لە مێژووی نوێی خۆماندا چیرۆکی وەهامان زۆرە، بەڵام ئێمە شتەکانی نێو مێژوو زوو فڕێ دەدەین. بە باش و بە خراپیانەوە زوو لێیان بێزار دەبین و زۆر پشوو کورتین بەرانبەریان. زۆر زوو، بێ ئەوەی هیچ سوودێکیان لێوەربگرین پەند و چیرۆکەکانی مێژوو لە یاوەریماندا فڕێ دەدەین. ڕەنگبێ ئێمە لەو بوارەدا لە باڵادەستان بین. بەردەوام ئێمە ڕابردوو لەبیر دەکەین، بێ ئەوەی گوێ بە "کات"ێک بدەین کە هەرچەندە "ڕابردوو"ە، بەڵام پێشخانی ئێستایە و ئێستای لەسەر بنیات دەنرێت. بۆ ئەوەی بەردەوام لە "هیچ"ەوە دەست پێنەکەین، ناچارین فێر بین چۆن سوود لە ڕابردوو وەربگرین و چۆن ڕابردوو وەکو بنگەهی پتەو بەکاربهێنین. یەکێک لە بنەما گرنگەکانی چیرۆکی "ئەسپی شەڕ" کە دەکرێت بە فیلم لەوێوە، لەو هەست و ئاگاهییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئایا کێ ئەو مافە دەدات بە ئێمە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەسپ و پشیلە و سەگەکانی رۆژانی ئەنفال لەبیر بکەین؟ یان خۆمان مافێکی وەها دەدەین بە خۆمان ئەو هەموو چیرۆکە راستەقینانە، کە پڕن لە سیمای هەژێنەر و سەرنجراکێش فڕێ بدەینە دەرەوەی ئاوەز و یادەوەریمانەوە؟ چییان لەسەر نووسرا و کێ ئاوڕی لەو ئاژەڵانەی رۆژانی ئەنفال دایەوە؟ کێ باخە سووتاوەکان و ئەو زنانەی بە وشە و بە بەرهەمی هونەری لاواندەوە کە کوێر کرانەوە؟ بێگومان دەکرێت لە روانگەی بەسەرهاتی پشیلەیەکی رۆژانی ئەنفالەوە، یان سەگێکی ئەو رۆژانەوە، جگە لەوەی تیشکی گەورە بخرێتە سەر کۆی کارەساتەکە، هەروەها هونەرێکی ئاست بڵندی کوردی پێشکەش بەوانی تریش بکەین. شتێک کە لە "ئەسپی شەڕ"دا سەرنجراکێشێت ئەوەیە، لە روانگەی چیرۆکی ئەسپێکەوە کارەساتە گەورەکان خراونەتە بەردیدە. لە رێگەی ئەو ئەسپەوە کارەساتی شەڕی یەکەمی جیهان بەسەرکراوەتەوە. لەگەڵ هەموو حیلە و سمکۆڵانی ئەو ئەسپەدا، شەڕ پێشان دراوە، شەڕ بە هەموو رەهەندە ترسناک و وێرانکارییەکانییەوە. ئایا ئێمە ناتوانین ئاژەڵەکانی نێو ئەنفال بکەین بە کاری هونەری وەها سەرنجبەر؟ یان ناتوانین سرووشتی شێواوی وەڵات بە چەکی کیمیاوی و کێڵگەکانی مین لە کاری هونەریدا بیری ئەوانی تر بخەینەوە؟ دڵنیام تەماشاکردنی فیلمی "ئەسپی شەڕ" و بابەتی لەو جۆرە بەهرە لە مرۆڤەکاندا کارا دەکەن و وزەی بەرهەمهێنانی کاری هونەری وەگەڕ دەخەن.






# سەرچاوەی زۆربەی لەحنە ونبووەکانی ئاواز لە نێو مۆسیقا و مەقامە کوردییەکاندایە

**ئامادەکار: ئارەش نەسیری**
**و. لە فارسییەوە: محەمەد ئەدیبی - بۆکان**

١-١

**پێشەکی**

لە دوو دەیەی ڕابردوودا هیچ وتوێژێک نەبووە کە لەودا باس لە گۆڕانکاری و نوێخوازی پێویست نەکرابێت، مامۆستا شەهرام نازری لە سەرتۆپی لاوێتیدا بوو کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە یەکەم کۆنکۆڕی موسیقی نەریتخوازیدا بەشداریکرد سەرۆکی ئەوکات «ه. ئەلف. سایە» بوو کە لەلایەن مامۆستایانێکی وەک نوور

عەلی بروومەند، عەلی ئەکبەری شەهبازی، دوکتور مەهدی فروغ و دوکتور داریوش سەفوەتەوە وەک نەفەری یەکەمی ئەو تاقیکردنەوەیە خەڵاتی وەرگرت، ڕێنوێنی دوکتور سەفوەت زیاتر لە هەموو ڕێنوێنییەکان بۆ ئەو ڕێنماییەکی گەورە بوو کە پێیگوتبوو، ئاگاداربێ لە ژێر کاریگەریی هاوپۆل و هاودەورەکانی خۆیدا حەماسەی تایبەتی دەنگی خۆی نەفەوتێنێ. ئەو حەماسەیە بەرچاوترین پێناسەی دەنگی ئەو بوو و هەر لە بنەماڵەکەشیاندا شیعر و حەماسە و فیردەوسی جێگەییەکی تایبەتیان هەبوو. بەوپێیە، ئەو لاوە کە ئاشق و شەیدای شیعر و مۆسیقا بوو، لەگەڵ ئەو دوو چەمکە و هەروەها لەگەڵ شاعیرانی گەورەی کلاسیک و سەردەمدا هاوتەریب و تێکڵاوبوو زۆر زوو شوێن و ڕێگای خۆی دیتەوە. لەگەڵ شیعرەکانی مەولانادا تێکەڵاوییەکی زۆرتری هەبوو و جیا لە زۆربەی گۆرانیبێژانی نەریتخواز کە سەبارەت بە مەولانا هۆگری و مەیلێکیان نەبوو و لە ئاواز و گۆرانیدا زۆربەی شیعرەکانی ئەو شاعیر و بیرمەندە گەورەیان لاپەسند نەبوو، بەڵام ئەو هەمیشە کەڵکی لە شیعرەکانی مەولەوی وەرگرت و هەروەها دەنگ و ئاوازی خۆی لە بەستێنی شیعری نوێشدا ڕێکخست بە تایبەتی کە خۆی لە هۆنینەوەی ئەو شیعرانەدا ئەزموونی هەبوو و تێکوشا وردە وردە هەست و شێوازی گۆرانیگوتنی خۆی لەگەڵ شیعری نوێدا ڕێکبخا و لەو شێوە شیعرییە نزیکی کاتەوە. لەو بەینەدا فیردەوسی جێگایەکی تایبەتی هەبوو. لە مۆسیقای مەقامی کوردی و باقی نەتەوەکانی ئێرانیدا بە شوێن لەحنەکانی حەماسی ئاوازە ونبووەکاندا گەڕا و هەروەها تێکۆشا کە ئەوجۆرەی پێویستە شانامەی فیردەوسی باشتر بناسێ. مەبەستی ئەو حاڵیبوون لە باری فەلسەفی و شێوەی بەیانی ئەو شاکارە بوو. شانامەی زۆر خوێندەوە و لە ژێر لێوەوە بە وردە ئاهەنگ دەیگوتەوە تاکوو لەحنی ڕاستی و دروستی خوێندنەوەکەی پەیدا بکا، بەڵام زۆر زوو تێگەیشت کە گەشین بە لەحنی تایبەتی شانامە هەروا سووک و ئاسان نییە و دەبێ لە سنووری سەعدی و حافزەوە تێپەڕی و لە دەریای مەولاناوە بپەڕێتەوە. تاکوو بگەیتە لووتکەی ئەو لەحنانەی کە ڕۆحی شیعری حەماسەبێژی گەورە دەخاتە ڕوو. شەهرام نازری بۆ گەیشتن بە مەزنایەتی ئێستای ساڵانێکی زۆر ڕەنج و زەحمەت و هەوڵ و تێکۆشانی ئەزموون کردووە. ئەوەتا ئێستا موزیسیەنی ناسراو حسێن عەلیزادە کە خۆی لە نێئۆکلاسیکەکانی مۆسیقای ئێرانییە لە بارەی شەهرام نازرییەوە ئاوا دەدوێ: «...(لە تێکڵاوکردنی شیعر و مۆسیقادا)" دیتمان کە گۆرانیبێژ دەگاتە ئاستی لێهاتوویی و دەست ئاواڵەییەکی تایبەتی. هەروەک نیمای شاعیر کە خۆی لە چوارچێوەی شیعریەکان

ڕزگاردەکات. ئەوەی کە ماموستا نازری پێشکەشی کرد، ئاکامی چل ساڵ هەوڵ و تێکوشانییەتی. لە ڕاستیدا شەهرام نازری بە لێهاتوویی و بوێرییەوە توانی درگا بە ڕووی گۆرانی و ئاوازی نوێی ئێرانیدا بکاتەوە و دەبێ پیرۆزبایی لێبکەیت.» هەروەها حسێن عەلیزادە لە درێژەدا دەڵێ کە گۆڕانکاریی لە بابەت ساز و ئامێرەوە لە لایەن مامۆستایانێکی وەک دەرویشخان، سەبا و کولونێل وەزیریەوە پێکهاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لە بابەت ئاوازەوە قەت پێک نەهاتووە و گۆرانی و ئاوازی ئێستا پێویستی بە گۆڕانکارییەکی گەورە هەیە. لە کونسێرتی «دۆستی»دا شەهرام نازری نیشانیدا کە وەک هەمیشە پڕ وزە و پڕ بەهرەیە و هەمیشە نوێیە و کۆن نابێ و پێشرەوە و داهێنەرە. هاوڕێیەتی و هاوفکری زۆر باشی حسێن عەلیزادە و شەهرام نازری لە تێکهەڵکێشکردنی خوێندنەوەی شیعرەکانی نیما و شاملو و هەروەها خوێندنەوەی بەرهەمی بایەزید بوستامی و بەشەکانی دیکەدا نیشانیاندا کاتێک کە دوو هونەرمەندی هاوفکر و هاوسەنگ لەمەڕ مۆسیقای ئێرانییەوە هاوڕێیەتی یەکتربکەن چ بەرهەمێکی نوێ و زێڕین و پڕبەها دەخوڵقێت.

ئارەش نەسیری

**دەنگی ئێوە دەنگێکی حەماسییە، بەڵام دەسپێکی کاری ئێوە مۆسیقای عیرفانییە و خەڵک زۆر بە باشی پێشوازییان لێکرد. ڕەنگە تێکەڵاوکردنی دەنگی حەماسیتان و شیعرە عیرفانییەکان پێکهاتەییەکی تایبەتی لێکەوتبێتەوە کە بەرهەمی زۆری لێخوڵقا وەک گوڵی سەد گەڵا لە هونەری ئێمەدا شتێیەکی تازە و دەگمەن بوو، هەر بۆیە یەکجار زۆر کەوتە بەرسەرنج. ئێستا پاش ئەو هەمووە ساڵە کە شیعرەکانی مەولاناتان بە گۆرانی گوتووە، هاتوویتە سەر شیعرەکانی فیردەوسی.**

سەرەتای ڕاهێنانی من لەسەر ئەساسی دوو کۆڵەکەی ئەدەبیاتی حەماسی و ئەدەبیاتی عیرفانی داڕێژراوە کە نوێنەری یەکەمیان فیردەوسی و نوێنەری دووهەمیشیان مەولانا و حافز بوو. من لەسەر ئەو بەستێن و ڕێچکەیەدا دەستم پێکرد. ئەمە بابەتێک بوو ڕاست لە ڕێگای مێژووی ئێران بە تایبەتی مێژووی کۆمەڵایەتی و مێژووی هەزار ساڵ بزافی ڕێکخراوەیی و خەباتکاری نەتەوایەتی ئێرانییە کە خۆی لە ڕێگای ئەدەبیاتی عیرفانییەوە مسۆگەر دەبوو زۆرجار کە قسە لەسەر مۆسیقا و عیرفان دەکرێت، کەسێکی وا دێتە زەینمانەوە کە قەیافە و پۆشش و هەڵسوکەوتێکی تایبەتی هەیە و بە پێپەتی لەسەر عەرزی دانیشتووە و دایم و دەرهەم خەریکی مەدحبێژی چەمکە پیرۆزەکانە و ژەنیارە و لە

ئاهەنگەکانیدا نێوی ئیمام و خەلیفەکان دێنێت، بەوشێوەیە عیرفانیبوونی خۆی دەسەلمێنێ. ئەم بەشە لە ڕاستیدا بەشی توێکڵ و ڕووکاری کارەکەیە و قەت جێگای پەسند و مەبەستی من نەبووە. ڕێگای من ڕاست بەشی یەکەمینە یانی ڕێگای دەروونی و شاراوەیی مەتڵەبەکەیە. شێوەی بارهێنانی من وابووە قەت ڕێگام بە خۆم نەداوە بەشە رووکاریەکەم لە بەرچاو بێ. یان بۆ دراو و پارەی ئەم دنیایە نێوی ئیمام و کەسایەتییە پیرۆزەکان بێنم.

**هەر بۆیە ئەوەی کە وەک مۆسیقی و شیعرە عیرفانییەکان هێناتە ئاراوە شێوازێکی نوێ بوو، چونکە ئەوجۆرە کەڵکوەرگرتن لە هۆنراوەکانی مەولانا تازەگەری بوو و کەس ئەو کارەی نەکردبوو. بۆ کەڵکوەرگرتن لە هۆنراوەکانی مەولانا چ ئاست و ئەزموونێکتان تێپەڕاندووە؟**

ئەوە ئاسایی و سروشتییە بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک دەبێ لەگەڵ کلتووری ئەودا ئاشنایەتیت هەبێت. کە بە خۆشییەوە بە هۆی پەروەردەیەکی باشەوە کە هەمبووە، لە ڕابردوویەکی دوورەوە ئەو ناسیاوی و ئاشنایەتییەم هەبووە. هەروەها هونەرمەند ئەو کارەی کە دەیکات دەبێ ئیمانی پێی بێت، ئیمان و پێبەندبوونی هونەری لە ڕاستیدا دەبێت زامنی کاری هونەری ئەو بێ. من خۆمم واڕاهێنا کە لانیکەم لە ئاستێکی کەمدا ئەو دەروەستبوون و بەرپرسایەتییەم هەبێت، بتوانم و لە خۆم ڕاببینم کە لەسەر بەرهەمەکانی مەولانا کار بکەم، هەر ئەم بڕوا بەخۆ بوونەش بۆ ئەو کارە هانیدام. سەرەڕای کێشەگەلێکی زۆر و ئێرەییبردن و نەناسینی هێندێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکان توانیم بە پشتبەستن بە پتانسێەل و پتەوی مۆسیقای ئێرانی درێژە بە ڕێگاکەم بدەم. هەرچەندە زۆربەی ماموستایان ڕایانوابوو شیعرەکانی مەولانا زۆر لەبار نین بۆ ئاواز و ئاهەنگ و بە واتایەک دەستئەندازیان هەیە و ڕەنگە بە هۆی کەشی مانایی و ناوەڕۆکی ئەو شیعرانەوە نەکرێت لەگەڵ مۆسیقای نەریتی و نەریتخوازیدا تێکەڵ بکرێ، چونکە مۆسیقای نەریتی مۆسیقایەکی پێتەختنشین و حوکمی و دەرباری بووە و ڕوانگەکەشی یەکڕەهەندی و پێداهەڵگوتن و ڕووماڵکردنی حکومەت بووە، بەڵام من جیا لە هەموو ئەو باس و خواسانە چونکە ئیمان و بڕوام بەو ڕێگا و تێکۆشانە بووە و تا ئاستێکیش ئەو توانایی و لێهاتوویەم لە خۆمدا بەدیکردووە و ئەو ڕێگایەم گرتووەتەبەر و یەکبین و بە بڕشتەوە چوومەتە پێشەوە.

**ئەم لێهاتوویی و نزیکایەتی و ناسیاوی دەروونی لەگەڵ بەرهەمەکەدا زۆر پڕبایخە.**

ئەوە خودی هونەرمەندە دەگاتە ئاستی لێهاتوویی و توانایی تێگەیشتن کە بوێری و یان باشترە بڵێم ورە و ئیمانێکیوا لە خۆیدا هەست پێدەکات بۆ دەستپێکی کارێکی نوێ لە لەمپەر و بەربەستەکانیش ناپڕینگێتەوە تا دەگاتە ئاستی سەرکەوتن. جاریوایە رۆژان و ساڵانێکی زۆر دەخایێنێت تاکوو هونەرمەند بتوانێت لێهاتوویی خۆی هەڵسەنگێنێ و توانایی و زانستی خۆی تاقی بکاتەوە و بە قەدرایی توانایی خۆی بەرهەمێک بخوڵقێنێ. هەڵبەتە هەن کەسانێک بۆ ئەوەی لە کاروانی هونەری جێنەمێنن رێگا و فکرو ئەندێشەی هونەرمەند دەدزن و بەتەمان بە شەوێک رێگایەکی سەد ساڵە بپێون و لەپڕێک ببنە کورێک. کە سەبارەت بەو کەسانە نازانم چیبڵێم.

**خاڵی بەرچاو ئەوەیە هەر لە یەکەم ئەڵبۆمەکانتەوە نیشانتدا لەسەر ڕەدیفە مۆسیقا ئێرانییەکاندا تواناییەکی بەرچاوت هەیە و دوایەش، بێئەوەی بتەوێ هەر لەسەر ئەو ڕەهەند و شێوازە ڕەدیفانە کار بکەی لە شێوازگەلی ئاوازی دیکەی ئێرانیدا توانیت بەرهەمی نوێ و نوێخوازی زۆر باش بێنیتە ئاراوە. یانی لە چەند بابەت و ڕەهەندەوە کارت دەکرد:**

**یەکیان گۆڕانکاری لە شێوازی گۆرانیگوتن و ئاوازدا و لە لایەکیتریشەوە کەڵکوەرگرتنێکی زۆر لە شیعری مەولانا و شیعری نوێ بووە.**

بە داخەوە سەردەمێکی زۆر خراپە، دەورەیەکی بێبنەما و دزی و هەڵکوتانە سەرکاری هونەری و لاساییکردنەوە و ئەدا و ئەتوار دەرهێنان و دەورەی حەنەکچیەتییە. هونەر لە ئاستی هەرە خوارەوەدایە و بە دژواری هەناسە هەڵدەکێشێ و لە بەرانبەر دەلالان و هەلپەرەستانی بە ڕواڵەت هونەرمەند و بەپەلە و دوو ڕوودا کە لەودیوی پەردەوە ڕواڵەتێک و لەمدیویش بە ڕووخسارێکی دیکەوە خۆ دەنوێنن، هەر بۆیە هونەر هیلاک و ماندوو و دڵبریندار و دڵشکاوە. بەڕاستی سەردەمێکی ناخۆش و خراپە. هەرچەند ئاکامی کاری لاساییکەرەوان بێبەرهەم و پڕو پووچە. لەو بەینەدا بێجگە لە چەند کەسێکی کە بە دڵ لە بابەتەکە تێگەیشتوون و دڵسۆزی هونەرن، کەسانێکی دیکە کاتی خۆیان بە فیڕۆ نادەن. دزی فکر و بەرهەم و هەڵبژاردنەکانی هونەرمەند کە بە شەو و شەونخوونی و خوێنی جگەرەوە بە دەستیهێناوە هەر وەکوو برق و با دەدزرێت. بۆ وێنە ئەگەر خاوەن شێواز و لەحنێکی تایبەتی بێ و هەڵبژاردنێکی نوێت هەبێ لە بابەت شیعر

و تێکەڵکردنی لەگەڵ مۆسیقادا و لە دروستکردنی ئاهەنگ و ڕێکخستن و ئاواز گوتنەکەیدا جیاوازییەکی وات هەبێ کە کۆمەڵگاش پێشوازی لێبکا، خێرا و بێ سێودوو چاو و گوێی لاساییکەرەوان و دەڵاڵان تیژ و قوت دەبێتەوە و بەپەلە لەو جۆرە کارانە هەر بە شەوێک دەرژێننە بازاڕەوە. تەنانەت ڕەنگە جۆری لیباسپۆشین و ئارایشتی قژ و کاکۆڵ و یان شێوەی جووڵەی سەرو دەستەکانی وەک ئەو بێ. هەر بەشێک لە مۆسیقا و ئەدەبیات و ئەدەبیاتی زێڕینی ئێران، پێویستی بە لێهاتوویی و توانایی خۆیی هەیە. ناکرێ هەرکەسێک ڕاستبۆوە هەر بەشێک لە مۆسێقای گیر کەوت بیکاتە مەیدانی خۆی یان ئیزنی پێبدرێت هەر شیعرێکی پێیخۆش بێ بەیانیکات. مەگەر ئەوەی ساڵیانێکی زۆر بە هۆی تێکۆشانی خۆیەوە کار و تێکۆشانەوە بگەنە ئاستی مەزنایەتی هونەر و مۆسیقا و شیعر.

بۆ وێنە وا بیربکەوە کە ئاهەنگسازێک بە شێوەیەکی جیاواز و زۆر باش ئاهەنگێک دروست دەکات. یان مامۆستایەکی گۆرانیبێژ غەزەلێکی سەعدی بە جوانترین شێوە بە گۆرانی دەڵێت، خێرا هەموو دەیانەوێت وەک ئەو بن. یان سەبارەت بە خۆم جاریوابووە لە بەرنامەیەکدا کە مەسنەوی خوێندن یان هۆنراوەیەکی تایبەتی مەولانام بەڕێوە بردووە خێرا لەو بابەتەوە سیدی جۆراوجۆر دراوەتە دەرەوە یان بەرنامەی لەوچەشنە بەڕێوە براوە و نێوی دەنێن خوێندنەوەی مەسنەوی و شیعر بە شێوەگەلی جۆراوجۆر. یان ئەگەر شیعرێکی نوێ بە ئامانجێکی دیاریکراوە دەڵێم بەپەلە بەرەو شیعری نوێ وەردەچەرخێن، یان کاتێک شانامەی فیردەوسی شاعیر دێنمە ئاراوە و بە هێورییەوە دەستی پێدەکەم، ئەویش دەسپێکی کارێکی کە هەڵگری ساڵانێکی زۆر کارو موتاڵاکردنە، لە پڕێکدا کەسانێک هەڵدەتۆقێن و بە یەکشەو دەبنە فیردەوسیناس و فیردەوسیزان. چوار ساڵ لەوەپێش چیرۆکی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر و درەفشی کاویانیم لە پاریس و چەند شارێکی ئەورووپایی و هەروەها لە ئەفریقا بەڕێوە برد. دوای ئەو بەرنامەیە، وادیاربوو ئەو وشانە بە زاری ئەو دەڵاڵانە خۆش و لەبار بوو، خێرا داخوازی شیعر و هۆنراوەگەلێکیاندا کە تێیدا وشەی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر و درەفشی کاویانی بە لێشاو پەیدا بوو. بەتایبەتی جەخت کرابوو وشەی کاوەی ئاسنگەر و درەفشی کاویانی زۆر تێدابێ و دووپاتە بێتەوە، چونکە خەڵکی بە هۆی هەستی نەتەوایەتی ئەو وشانەیان خۆشدەوێت و هۆگریانن. کاتێک بە شێوەی ڕواڵەتی کەڵکی نابەجێ لە هەستی نەتەوایەتی خەڵکی وەردەگیرێ چیدەتوانێ لەو بارەوە بڵێی؟ من

بۆخۆم ئەگەر سەبارەت بە شانامەی فیردەوسی قسەو باس و بەرنامەم هەبوو بە هۆی پێشینە و ڕابردوورییەکی دوور و موتاڵا و لێکۆڵینەوەییەکی زۆرەوە بووە، ئەویش نەک بە شێوەی ڕووماڵی و لاساییکردنەوە یان بە شوێن پارە و قازانج و دراوەوەبم، بەڵکوو ئەوکارە بۆ من ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوایەتی پیرۆزی سەرشانم بووە، ئەشقێکی ڕاستی کە بۆ ڕەخساندن و خوێندنەوەی زۆر و شەو و شەونخوونی و خوێنی جگەرەوە بووە. هەر تۆ بۆخۆت وەک هەواڵنێر و ڕۆژنامەگەرێکی پروفیشناڵ لە بواری هونەری، بەتایبەتی مۆسیقا، لانیکەم ئاگاداری وتوویژەکانی ئەم سی ساڵەی من سەبارەت بە مۆسیقادا هەی و حەتەمەن دەشزانی لە زۆربەی وتوویژەکانی ئەمساڵانەدا کەم وابووە سەبارەت بە شانامەی فیردەوسی و ئاواز و لەحنە حەماسییە ونبووەکانی قسەم نەکردبێ و تازە دوای ئەو سی ساڵە وێراومە لە کارەکانمدا لە شانامە کەڵکوەرگرم. لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کە تێمپەڕاندووە، لە هەرشوێن و جێگایەکدا نیشانەیەکم لە شانامە دیتووە ڕاوەستاوم و کارم لەسەر کردووە و هەر بۆیە تا ئەوجێگایەی توانیومە خۆم لەگەڵ زمانی شانامە و فەلسەفەی ئەودا ڕاهێناوە و لەحن و بەیانیشم بە فیردەوسی نزیککردوەتەوە. کار و زەحمەتێکی وەک، لێکۆڵینەوە لە بابەت لەحنە ونبووەکانی حەماسی و ئەو مەقامانەی کە رۆحی حەماسە و جێپێی فیردەوسی و شانامەی تێدا شاردرابوەوە بەتایبەتی کەڵکوەرگرتن لە شانامەی کوردی، هەموو ئەوانە نیشانەگەلێک بوو کە تازە دوای سی ساڵ وردە وردە ئیزنی بەڕێوەبردنی بەرنامەی شانامەم بە خۆمدا.



**هەروەک چەند ساڵێک لەوەپێش بەرهەمێکت بە نێوی شانامەی کوردی بڵاوکردەوە**

بەڵێ. پازدە ساڵ لەوەپێش شانامەی کوردیم بڵاوکردەوە کە لە ڕاستیدا دەنگی فیردەوسی بوو بە زمانی کوردی کە هاوڕێ لەگەڵ عەلیرەزا فەیزبەشی پوور دوای چەندین ساڵ کار و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مۆسیقای حەماسی و مەقامەکانی مۆسیقای نەتەوەی کورد گەیشتە ئەنجام. هەروەها شانامەی کوردیی ژومارە دوو کە پێنج ساڵ لەوەپێشەوە هاوڕێ لەگەڵ نەوید ئیلهامی و بە هاوکاری عەبدوڕڕەزا ڕەهنەماوە دەستپێکرد خەریکە ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە. هەروەها پێکهێنانی گروپی فیردەوسی بە هاوڕێیەتی نەوید ئیلهامی و تێکەڵکردنی شانامەی فیردەوسی بە ڕوانگەییەکی مەقامییەوە لەو جۆرە کارانەیە.

**بەم شرۆڤە و ڕوونکردنەوانە مەعلووم دەبێت لەم ساڵانەی ڕابردوودا، سەرەڕای بەڕێوەبردنی بەرهەمی بەنرخ لە مەولانا، یەکبین خەریکی کەڵکوەرگرتن لە شیعری نوێ و شانامە بووی؟**

ڕوانگەی مۆسیقایی نەریتخوازی لە چوارچێوەی غەزەلدایە کە باشترین شیعریش بۆ ئەو مۆسیقایە شیعرەکانی سەعدییەو سەدی نەوەدی گۆرانیبێژانی سەد ساڵی ڕابردوو بە غەزەلەکانی سەعدی گۆرانیان دەکوت و بەشێکیش بە شیعرەکانی حافز و شاعیرانی دیکەوە دەستیان پێدەکرد، بەڵام بەگشتی مەولانا لە بازنەی مۆسیقای نەریتخوازیدا شوێن و پێگەییەکی نەبوو. هەر بۆیە گۆرانیبێژانی ناسراوی ڕابردوو جەختیان لەسەر مەولانا کردووە و فیردەوسیش بەگشتی لە ڕێپورتواری موسیقی ئەوکاتی نەریتخوازیدا جێیەکی نەبوو هەڵبەت جیا لە دوو گۆشەی «ڕەجز» و «هودا»ی پالەوی لە دەزگای چوارگا کە کەشی هەستیاری شانامەی لە خۆگرتووە، لەوانە بۆگزەرێین ئیدی لەو هەمووە گەورەییە و مەزنایەتییەی شانامە هیچ بەدی ناکرێت. هەڵبەتە گۆرانیبێژانی موسیقای نەریتیش سەبارەت بە مەولانا و فیردەوسیش مەیلێکی وایان بۆ کارکردن نیشان نەداوە. بە هۆی ئەوەی کە گۆرانیبێژانی ئەم سەد ساڵە هیچ کامێکیان فیردەوسییان لە کارەکانی خۆیاندا نەگونجاندووە و لە موسیقای نەریتیدا هیچ نیشانەیەک لە فیردەوسی نابیندرێت، دەیجا لە ئاکامدا بێژەرانی گۆرانی نەریتیش ئەو بوێریەیان نەبووە کە بچنە نێو پانتایی و بەرینی شانامە؛ ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە گۆرانیبێژانی نەریتخواز عادەتیان گرتووە سەرمەشقێکیان هەبێ

تاکوو هەنگاوێک هەڵێنەوە، جا چونکە گۆرانیبێژانی سەدساڵی ڕابردوو لەسەر فێردەوسی کاریان نەکردووە لە ئاکامدا گۆرانیبێژانی نەریتخوازیش ئەو هاندان و بوێرییەیان نەبووە تاکوو دەرگای شانامە بە ڕووی خۆیاندا بکەنەوە.

من هەمیشە لەگەڵ شانامەدا ژیاوم و حەزم لێکردووە، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی شانامە سەرەتا دەبوو تەواو ئامادە بم، چونکە هیچ سەرمەشقێکم نەبوو و دەبوایە لەگەڵ ڕەدیفە دەزگایەکانیش ئاشنا بوایەم و هەروەها دەبوو شارەزاییەکی باشی دیکەم لەو بوارەدا دەستەبەر کردبایە، جا ئەودەم بتوانم بچمە بەرینایی شانامەوە. دەبوو زۆر لەو کارانە وەک مەقامەکان فێر ببوومایە و موتالاکردن سەبارەت بە مێژوو و ئوستوورەکان و ئێرانی کەونارم تەواو بکردایە. شانامە هەستێک بوو کە بە هۆی ئەوەی من خۆم چونکە لە نژاد و ڕەگەز و نەتەوەی کوردم و هەر لە منداڵییەوە لە ژێر کاریگەری ڕاهێنانی ئەدەبیاتدا بووم لە ناخی مندا ڕیشەی داکوتابوو. کاتێک هەموو ئەوانە لە مندا کۆبوونەوە، ئەم هەست و هۆگریەم بۆ ڕەخسا، بەڵام دەسپێک و ئەنجامدانەکەی کارێکی چکۆلە و سادە نەبوو دەبوو هەموو شتێک ئامادە بوایە. سی ساڵ لەوەپێش لانیکەم لەوە تێگەیشتبووم کە هێشتا ئامادە نیم و ئیزنی ئەوەم نییە شانامە بە گۆرانی بڵێم، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە لەو بارەوە لەگەڵ زۆر ئاهەنگسازی گەورە و بەڕێزی هاودەورەی خۆم کە تۆش دەیانناسی قسەم لەگەڵ کردبوون و ئەو پێشنیارەشم دابوو هیچنەبێت دەبێت لە جێگاییەکەوە دەستپێبکەین. ڕەنگبێت ئەو پێشنیارەی من دە یان پازدە ساڵێک بخایێنێت تاکوو بگاتە ئاکام، بەڵام لەلایەکیشەوە هیچ پشتیوانێکمان نەبوو و ئێمە تەنیا بۆئەوەی مۆسیقا بە زیندوویی ڕابگرین دەجەنگاین، هەر بۆیە سەبارەت بە ئامادەبوون یان کاروباری پێوەندیداری دیکە، ئەگەر ئەو توانایەمان لە خۆماندا بەدی نەکردبایە نەماندەویست هەنگاو بنەینە ئەو ڕێگا گەورە و مەزنە.

ڕەنگە ئەو مۆزیکژانانەی کە هاودەورەی من بوون حەقیان بوو خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە نەدەن، چونکە بەڕاستی تەوەرەیەکی دژوار بوو، بەڵام ئەشقی ئەو کارە لە دڵمدا چەقیبوو، هەر بۆیە بێ دوودڵی کاری شانامەم دەستپێکرد. لە ساڵەکانی ڕابردوودا مەیل و تاسە بەرەو شانامەی کوردی ڕایکێشام، چونکە ئەنجامدانی ئەو کارەم پێ جێبەجێ دەکرا: لەسەر لەحنە حەماسییەکان لێکۆڵینەوە و بە شوێندا چوونم بۆ کرد و ئەو کارە شوێندۆزی چاک بوو و زۆر کەلێن و دەرگای نەدیاری بە ڕوومدا کردەوە، لەو کات و ساتانەدا نێو و کەشوهەوای شانامە هەمووکات دەنگی دەداوە و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەرەی

دوایی یانی کوڕەکەم حافزی نازری کاتێک بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ نیویۆرک، بێئەوەی من داوای لێبکەم لە ساڵی (١٣٨٥) ئیزنی خوێندنەکەی بە ناوی شانامەوە دەرکرد و بە شێوەی پارتیتۆرێک ڕێکیخست. هەر ئەم بابەتە بۆ من بووە هاندەرێکی دیکە و زۆری خۆشحاڵ کردم و بۆ من وەک خەڵات و پەیامێکی بە نرخ وابوو. کاتێ کە حافزی کوڕم ئەو کتێبە چکۆلە پارتیتۆرەی بۆ ناردم ساتێکی زۆر سەیر بوو و ئیدی من تەمامگرت هەر لەو کاتەدا کاری شانامە دەستپێبکەم، چونکە هەستم کرد تەواو ئامادەم.

**ئەوەش ئەرک و کارێک بوو بێشک گۆرانیبێژێکی ئێرانی بە هاوڕێیەتی ئاهەنگسازێک دەبوو ئەنجامی بدات.**

بەڵێ. لەوەپێش ئاهەنگسازانێکی بەنرخ وەک ئەحمەد پەژمان، لۆریس چەکناواریان و حسێن دێهلەوی، زۆر کاری پڕبایەخیان سەبارەت بە شانامە ئەنجامداوە. بەڵام تەنیا موزیک بوو و بەبێ گۆرانیبێژ، ئەگەریش جارجارێک وتەی تێدابێت لەلایەن گۆرانیبێژێکی ئۆپێراوە گوتراوە کە لە جێی خۆیدا کارێکی زۆر پڕبایخ و بەنرخە، بەڵام گرفتی شانامە گرفتی شێوەی بەیانکردنەکەی بوو، چونکە گۆرانیبێژانی نەریتخواز نەیاندەزانی بە چ کلتورێکەوە بچنە نێو کەشوهەوای شانامەوە کە تەواو یەکاویەک بێ و پڕ بە پێستی بێ و ئەو جۆرەی کە شیاوی شانامەیە بەیانی بکەن. ئەم باسە یەکجار زۆر گرینگە و بەربەستێکی گەورەی سەر ڕێگای گۆرانیبێژان بوو.

**ئیزنم بدە تەوەرەی باسەکە کۆبکەینەوە. بەڕێزتان لە سێ هێڵی جیاوازەوە سەبارەت بە چەمکی نوێی گۆرانی هەوڵتان داوە: «یەکیان سەبارەت بە ئاواز و گۆرانی، داهێنانی نوێتان زۆر بووە، دووهەم کەڵکوەرگرتنی زۆر و بەبڕشت لە شیعرەکانی مەولانا و سێهەم دووپاتکردنەوەی ئەم باسە کە دەکرێت شیعری نوێ بە ئاواز و گۆرانی بگوترێ»**

**سەبارەت بە هەرسێ تەوەرەکە گەلێک دژایەتی لە ئارادا بوو، وایە؟**

بەڵێ. کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی داخراوە و لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا هەندێک لە زانیارییەکان دەدرێتە تاکەکان و ئەگەر ئەوان شتێیەکی جیا لەوە ببیستن یان ببینن دژایەتی خۆیان نیشان دەدەن. ئەگەر زۆر باش و دڵۆڤان بن بێدەنگ دەبن. ئالێرەدا هونەرمەندێک کە بەتەمایە بەرهەمێکی نوێ بخوڵقێنێت کە لەوەپێش نەبووە، دەبێ دژواری ئەو ڕێگایەی لە بەرچاو بێت و کۆمەڵگاکەی خۆی باش بناسێ.

**ئەسقەزا مامۆستا حسێن عەلیزادە لەم دوایانەدا لە وتووێژێکدا گوتوویەتی موزیسیەنگەلێک لەم پەنجا ساڵەدا سەریان هەڵداوە کە گۆڕانکارییان لە مۆسیقادا پێکهێناوە و ئەم گۆڕانکارییانە هەر دەبێ ببێ و هیچ دەسەڵاتێکیش ناتوانێ پێشی بگرێ. هەروەها گوتوویەتی گەورە هونەرمەندێکی وەک دەروێشخان، کولونێل وەزیری و سەبا توانیان گۆڕانکاریی لە مۆسیقاسازیدا پێکبێنن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لە ئاوازدا پێکنەهاتبوو و ئەمڕۆکە گۆرانی و ئاواز پێویستی بەم گۆڕانکارییەیە و بەڕێز نازری خەریکە ڕێگاگەلێکی نوێ بەسەر ئاوازی ئیرانێدا دەکاتەوە.**

ئەمە گۆڕانکارییەکە دەبێت سەبارەت بە ئاواز پێکبێت، تەنانەت، لانیکەم لەبەر باشتر باسینی ئاوازی ڕابردووەکانە. کاتێک نیما هات و مێژووی هەزاران ساڵەی ئەدەبیاتی فارسی گۆڕی، نە تەنیا هیچ زەبرێکی لە جەستەی ئەدەبیات نەدا، بەڵکوو بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا زیاتر لە پێشوو حافز و سەعدی بناسێ. سەرەتا سەبارەت بە بیروڕای نیما دژکردەوەیان نیشان دەدا، بەڵام دوایە کۆمەڵگا لە خۆی و کارەکانی باشتر تێگەیشتن. ئیدی لە حافز و مەولانا و فیردەوسی پێشوازییەکی زۆرتریان کرد. ئەمە ئاکامی گۆڕان و نوێبوونەوەیە. گۆڕانکاری بەجێی و بەڕێ نە تەنیا شێوەی بیر و ئەندێشە ئەرێنی و ئامانجدار دەکات، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا بە ئەقەلییەتێکی کراوە و ڕوانگەیەکی زانستیانەوە لەو بەشە بڕوانێ کە لە باوو باپیران و لە ڕابردووانەوە بۆمان بەجێ ماوە.



**هونەرمەندێک ئەگەر بە شوێن گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییەوە بێ پێویستی بە ورە و ڕۆحییەتەکی تایبەتییەوەیە، چونکە زۆرجار کۆمەڵگا و کەشوهەوای هونەری مروڤی هونەرمەند بەرەو لایەنێک دەکێشێت کە لەو ڕاستییەی لە ئارادایە پێڕەوی بکات. چونکە نێو و نێوبانگی بە شوێنەوەیە و بە ئاسانیش کارەکانی مسۆگەردەبێت، بەڵام ئەم بیرکردنەوە جیاوازە و ڕێچکەی نوێکردنەوەیە هەڵگری پشوودرێژی و ڕۆحییەتێکی تەواو تایبەتییە و مرۆڤی خوازیار نابێت لەو ئەرکە مەترسیدارانە بپرینگێتەوە. ئەگەر بڕوانینە ژیانی نیما یوشیج دەبینین چەندە نارەحتیی و ئازاری کێشا... ئەوەی پێویستی گۆڕانە لە مۆسیقادا دەبێت دابونەریتی بە باشی بناسێت، کە شەرتی سەرەکی هەر ژانرێکی هونەرییە. بەڕێزتان کاتێک کە نیمچە جەحێڵێک بوون لە ساڵی (١٩٧٦)دا لە یەکەم تاقیکردنەوەی کۆنکۆڕی مۆسیقای نەریتیدا بەشداریتان کرد و پلەی یەکەمتان وەرگرت، تاقیکردنەوەیەک کە لە ژێر چاوەدێری گەورە مامۆستایانی ئێرانی و لە ژێرناوی تاقیکردنەوەی «باربود»دا بەڕێوەچوو. ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە هەر لەو تەمەنەدا لەگەڵ مۆسیقای دەزگاکاندا ئاشنایەتی تەواوت هەبووە...**

بەڵێ ڕاست وایە، ئەوە بۆ هەرکەسێکە کە دەیەوێت بچێتە چوارچێوەی کاری ژانرێکی هونەرییەوە، من هەر لە منداڵی و لە بنەماڵەی خۆماندا لەگەڵ شیعر و مۆسیقادا گەورەبووم و ئاشقی مۆسیقا و ئەدەبیات بووم. هەر لە سەرەتای تافی تازەلاویمدا یەک ساڵ لە تەوریز ژیام تاکوو لەگەڵ قوتابخانەی ئاوازی تەوریز ئاشنابم و لە قوتابخانەی ئیسفەهانیشدا زۆر لەوەپێشتر ئاشنا ببووم. شک لەوەدا نییە کەسێک کە دەیەوێت گۆڕانگارییەک پێکبێنێت، بۆئەوەی مەودایەک ببڕێ، ئەو ڕێگا و بانەی کە قەرارە بیپێوێ دەبێ پتەو هەمواریکات. بۆئەوەی ئەو ڕێگایە پتەو و لەبار بێت، دەبێ یاسا و ڕێسا بنەڕەتییەکەی باش دابڕێژێت.

**کەسێ کە ئەوکارە دەکات ڕەنگە لە بیری گۆڕانکاریدا نەبێت و وردە وردە بەپێی پێویست بە چەمکی گۆڕان بگات.**

بێشک هەستی داهێنان و گۆڕانکاریی لە دەروونی هەرکەسێکدایە، بەڵام بە قەولی عەتار: «هەنگاونانە ئەو ڕێگایە پڕبایەخە»، بەڵام شەرت ئەوەیە ڕێگایەکی تازە بکەیتەوە. هەروەک گوتت لە سەرەتاوە وانییە کە خوازیاری گۆڕانکاریی بێت، ئەوە وزە و هاندەرێکی دەروونییە کە کەسایەتی مرۆڤی تاک بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت، ئەم بانگەوازە دەروونییە ئاکامی هۆگەلێکی زۆرە وەک ژین،

بنەماڵە و ژینگە و تێگەیشتنی هونەری. کاتێک ئەوانە هەموو یەکتر گیر دەبن، مرۆڤی تاک بەرەو شوێنێ دەبن کە خۆشی ئاگای ناکا و نازانێت کۆێیە، ئەوە سەربەخۆییەکی دەروونییە کە گۆڕانی بنەڕەتی لەودا پێکدەهێنێت. وەک میلان کۆندرا دەڵێ: تەنیا ئەو کەسانە نەمر و پایەدارن کە نایانەوێت ئەبەدی و پایەدار بن.

**ئێستاکە باسی زمان هاتە ئاراوە، دەمویست سەبارەت بە بەیانی دروستی وشەکان پرسیاربکەم. ئەو کەسانەی بە شێوەیەک تێکلاوییان لەتەک ئەدەبیاتی فارسیدا هەیە لە شیعر و شاعیریدا قسەیەکیان بۆ گوتن هەیە، بێشک لە تێکهەڵکێشکردن و دروستکردنی ڕستەکاندا سەبارەت بە ئەدەبیات و خوێندنی دروست و بەیانی ڕەوانی وشەکاندا وردبین و هەستیارن، بەڵام زۆریشن ئەوانەی کە سەرنج و وردبینییەکی وا نادەنە سەر وشە و شیعر و هەروا ڕەمەکی شیعرەکان دەخوێنەوە جیاوازیی بنەڕەتی ئەو دوو شێوە گوتارە لە چیدایە؟**

لە سەریەک ئەم باسوخواسانە لەمەڕ ڕوونـی یان ناڕوونی لە بابەت خوێندنەوەی شیعر زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر خوێندکارانی نوێی مۆسیقی، لە ڕاستیدا بەهەڵە و ناشیرین خوێندنەوەی شیعر نابێتە هۆی مەزنایەتی بۆ گۆرانیبێژ، بەڵکوو جوان و دروستخوێندنەوە لە کۆپلەیەکی موسیقی و ئەدەبیدا پەسند و بەجێیە. بەشی هەرە گرینگی خوێندنەوە و تێگەیشتنی فەلسەفەی گشتی تێکهەڵکێشکردنی شیعر و مۆسیقا وەک کلتوورێکی گشتی ئەندێشەیەکی هونەری جوانیناسانەیە. تەنیا ڕەوان و خوێندنەوەی شیعر نابێتە بەڵگەی ڕاست و دروست خوێندنەوەی شیعر، بەڵکوو گۆرانیبێژ دەبێت لە جوڵە و بزۆزی ڕۆحی شاراوەی مۆسیقایی شیعر ئاگادار بێ و هەستی پێبکات، کاتێک گەیشتە ئەو ئاستە، ئیدی نە ڕواڵەتی شیعر هێندە جێی باس و بایەخە و جیا لە ناوەڕۆک و مانای شیعر، هێندە خراپیشی ناخوێنێتەوە کە بە قەولی پێشینیان، لە قەبر و گۆڕدا شاعیر بلەرزێنێ. بەگشتی هەموو ئەم باسانە دەگەڕێتەوە سەر مامناوەندی بوون و ناسین و تێگەیشتن کە پسپۆڕانی ئەو تەوەرەیە خۆیان تێدەگەن لە ناوەڕۆکی باسەکە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (تجروبە)، ژمارە (٣)، سێپتەمبەری ٢٠١١

# چاپڵین لەو هەموو خەڵکەی جیهانە

## نمایشکردنی زنجیرەی فیلمەکانی چارڵی چاپڵین لە بەرلین



**و. لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

چارڵی چاپڵین چەندین جار چووە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە. دوایین جار لەگەڵ کچی یوجین ئونیل شانۆنامەنووسی گەورەی ئەمریکایی و براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی بوو. چاپڵین لە کاتی ئەم هاوسەرگیرییە تەمەنی ٥٤ ساڵ بوو و هاوسەرەکەشی تەمەنی ١٨ ساڵ بوو. ئەم هاوسەرگیرییە وەک دیارە بە دژایەتی یوجین ئونیل کراوە و جێراڵدین، کچی چاپڵین بەرهەمی هەر ئەم هاوسەرگیرییەیە.

جێراڵدین Geraldine Chaplin کە ئێستا تەمەنی ٦٧ ساڵە، یەکەمین جار لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لە فیلمی "ڕووناکییەکانی شار" Limelight دەرکەوت. دواتر فێری یاریی بالە بوو، بەڵام وازی لەو یارییە هێنا تا ببێتە ئەکتەری

سینەما. لە فیلمی "دکتۆر ژیواگۆ" بەرهەمی دەیڤید لین David Lean ڕۆڵی تۆنیا هاوسەری ژیواگۆی گێڕا. لە فیلمێکیشدا کە بە ناوی "چاپلین" سەبارەت بە ژیانی ئەو درووست کراوە، ڕۆڵی دایە گەورەی گێڕا. جێراڵدین لە چەند فیلمی سینەماییش لە ئیسپانیا ڕۆڵی زۆری لە ئەستۆ بوو و لەم ساڵانەی دواییدا لە چەند فیلم و ئەڵقەی ئەمریکایی دەرکەوت.

بە ئامادەبوونی جێراڵدین چاپلین، فێستیڤاڵی فیلمەکانی چاپلین لە بەرلین کرایەوە. لەو فێستیڤاڵەدا بۆ یەکەمین جار کۆی فیلمەکانی چارلی چاپلین نمایش کرا. هەر بەم بۆنەیەوە ڕاگەیەنەرەکانی ئەڵمانیا لەوانە "دەی سایت" و "دەی ڤۆڵت" وتووێژیان لەگەڵ جێراڵدین ئەنجام داوە، کە بژاردەیەک لەم وتووێژە دەخوێنینەوە:



**خاتوون چاپلین تا ئێستا هاتووەتە پێش کە وتووێژتان لەگەڵ بکەن و سەبارەت بە باوکتان پرسیار نەکەن؟**

نا، لە ڕاستیدا پێشم وانییە هیچ کات ئەوە ڕوو بدات.

**ئێمە هەمووومان چاپلین وەک گەورەترین کۆمێدیی هەموو سەردەمەکان دەناسین، بەڵام وەک باوکی خێزان شتێکی لەسەر نازانین. تۆ کە کچی ئەوی شتێکمان پێ ناڵێی؟**

ئەو باوکێکی باش، بەڵام زۆر جیدی بوو. لەبیرتان نەچێت کە ئەو ساڵی ١٨٨٩ لەدایک بووە، کە هاوکات بووە لەگەڵ دەسەڵاتی مەلیکە ڤیکتۆریا و هەر لەبەر ئەوەش جیدی ڕاهاتووە. باشییەکەی ئەوە بوو کە زۆرتر لە لای ئێمە بوو و زۆرتر لە ماڵەوە ئیشی دەکرد، بەڵام خراپییەکەی ئەوە بوو کە ئێمە دەبوایە هێواش هێواش لەسەر نووکی قاچەکانمان بڕۆیشتیانە و دەنگمان لێوە نەهاتایە. بۆ یاریکردن دەبوایە بچووینایەتە دەرەوە.

**ئەگەر گوێتان بە قسەکانی نەدایە، سزای دەدان؟**

کاتێ لە قوتابخانە ئیشێکی خراپمان دەکرد، سزایەکی زۆری دەدایـن. ئەو کاتانە هێشتا تەلەفزیۆن نەبوو کە وەک سزا و تەمبێ نەهێڵا سەیری بکەین. لە بەرامبەر ئەوەدا لە ماڵەوە بەند دەکراین. نەشمان دەتوانی ئەو کارانە بکەین کە دەمانویست. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا وەک هاوتەمەنەکانم لە قوتابخانە سووراوم لە لێوم دەدا، بەڵام لەجیاتی ئەوە شەقە زللەیەکم بەر دەکەوت. سەرەڕای ئەوە دەبێت بڵێم کە من تەنیا ئەم باوکەم هەبوو. بەختەوەریش بووم، چونکە ئەو ناسراوترین و خۆشەویستترین پیاوی دونیا بوو.

**بێ تاقەت نەبوویت بەوەی کە کەسانی دیکەش پشکیان لە باوکتدا هەبوو، زۆر کەس پێیان خۆشە باوکیان تەنیا هی خۆیان بێت؟**

بە پێچەوانەوە. من ئەوەم پێ خۆش بوو. کەس پێی ناخۆش نییە کە باوکی باشترین بێت. باوکم کاتێک دەهات لە قوتابخانە بمباتەوە، لای هاوڕێکانم شانازیم دەکرد. بوونی ئەو بەس بوو کە بتوانم لە کاتی تاقیکردنەوەدا لە رووی وەرەقەی کەسی تەنیشتمەوە غەش و قۆپی بکەم و ئەگەر نارەزایەتیشان دەربڕیایە، باوکم دەیدایەوە بە رووباندا.

**لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لە فیلمی رووناکییەکانی شاردا Limelight چوویتە بەردەم کامێرای باوکتان. چ هەستێکت هەبوو کە باوکی خۆت دەرهێنەر بوو؟**

هەمووی نیوە رۆژێکی خایاند. من و خوشک و براکانم خەریک بوو لە خۆشیان دەفڕین کە ئەو رۆژە ناچار نەبوو بڕۆینە قوتابخانە. بۆمان هەبوو لە کۆڵان یاری بکەین.

**حەڤدە ساڵ دواتر لە دوایین فیلمی باوکتدا رۆڵت گێڕا. رەفتاری ئەو وەک دەرهێنەر چۆن بوو، هاوڕێیانە بوو یان زۆر جیدی؟**

زۆر جیدی بوو. باوکم لە کاتی ئیشدا زۆر جیدی بوو و مووی لە ماست دەردێنا. کاتێک شتێک وەک خۆی جێبەجێ نەدەکرا، تووڕە دەبوو، بەڵام شێوەکەی لە دەرهێنەریدا زۆر سەرەنجڕاکێش بوو. ئەو بۆ خۆی رۆڵەکانی دەگێڕا. لە فیلمی "کۆنتسێک لە هۆنگ کۆنگ" رۆڵی سۆفیا لۆرێنی باشتر لەو لە بەردەمی دەگێڕا. من کەم دەرهێنەرم بینیوە کە ئەوەی کارەکتەر دەیەوێت، بەو شێوەیە نیشانی بدات.

**باوکت بە هەژاریی گەورە بوو. ئایا ئەو مەسەلەیە کاریگەریی لەسەر پەروەردەبوونی تۆ نەبوو؟**

ئەو هیچ کات قسەی لەسەر هەژاریی و برسێتی لە لەندەن نەدەکرد. هیچ کات قسەی لەوە نەدەکرد کە چۆن لە تەمەنی ٩ساڵیدا دەبووایە ڕێگای خۆی وەک هونەرمەند بکردایەتەوە، بەڵام شەوانی جەژنی ساڵی نوێ کە دایکم دیارییەکانی ئێمەی دەخستە ژێر درەختی رازێنراوەوە، ئەو خەمۆک دەردەکەوت. دەیوت: کە منداڵ بووم تەنیا پرتەقاڵێکم بە دیاریی وەرگرت. ئەوەش ئەو کات کە ژیانمان باش بوو. لەوانەیە رۆڵی گەڕیدە لە فیلمی The Kid پەیوەندی بە منداڵێتی ئەوەوە هەبێت. مرۆڤێکی ئاوارە کە سەرەڕای چارەڕەشی، روو سوورە. بۆ من رۆڵی "گەڕیدە" جۆرێک چیرۆکی منداڵێتی ئیدەئالی باوکم بوو. وێناکردنی مرۆڤایەتییەک کە کۆتایی نایەت و پڕە لە عەشق و جوانی.

**تۆ لە سینەمای چاپلیندا چی دەبینیت؟**

هەر ئەم مرۆڤایەتی و وشیارییە سیاسییە دەبینم. باوکم هەمیشە بۆنە پەیوەندییە سیاسییەکانی سەردەمەکەی خۆی دێنایە سەر پەردە. هەر لەبەر ئەمە خۆشحاڵم کە کۆی بەرهەمەکانی لە بەرلین نمایش دەکرێن و دەرفەتی ئەمە دەڕەخسێت کە تێڕاونینی ئەو بۆ مەسەلەکانی سەردەمەکەی خۆی بە باشی بخرێنەڕوو و نیشان بدرێن. لەم دواییانەدا دیسان فیلمی "چاخی نوێ"ی ئەوم دیتەوە. قارەمانێک کە بە زیرەکی و ئامادەیی جەستەیی بەرەوڕووی خراپییەکانی شتە مۆدێرنەکان دەبێتەوە. ئەوەش تا ئێستا پرسی سەردەمی ئێمەیە.

یان فیلمی "دیکتاتۆری گەورە" کە هەموو ئەو شتانەی گەورەیی بە باوکم دەبەخشن، لەخۆ دەگرێت. پێکهاتەیەک لە ناتوانایی بە ناڕەزایەتی و شۆڕش. خەبات بۆ دەربڕینی بوون وەک تاک.

**پەیوەندی باوکتان لەگەڵ ئەڵمانیا چۆن بوو؟**

ساڵی ١٩٢١ کە لە ئەڵمانیا بوو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی کە چەند سەیرە کەس لە شەقام نایناسێتەوە. فیلمەکانی ئەو لەو سەردەمەدا هێشتا لە ئەڵمانیا نمایش نەکرابوون. چارلی چاپلین لە درێژەدا نووسیویەتی: "رەنگە کەسایەتی من بێ ناوبانگم لاوازە". ئەو هەستە ئەوەندە ترس و نائەمنی تیادا درووست کردبوو کە ئەڵمانیای جێهێشت، بەڵام ساڵی ١٩٣١ لە کاتی نمایشکردنی فیلمی "رووناکییەکانی شار" بارودۆخەکە جۆرێکی دیکە بوو. مارلێن دیتریش

لە وێستگەی شەمەندەفەر بەرەو پێشوازیی ئەو هات. دواتر لە ماڵی ئالبێرت ئەنشتاین چاوی پێی کەوت و لەسەر سیاسەت و ئابووری قسە و باسی لەگەڵ کرد. ڕۆژنامە نازییەکانی ئەو سەردەمە لە دژی ئەو شتیان نووسی.

**دواتر چاپلینیان بە هەڵە بە یەهوودی ناوبرد، هەرچەند کە ئەو یەهوودی نەبوو. دەزانی بۆچی؟**

چونکە ئەو خزم و نزیکی ئەو کەسانە بوو کە نازییەکان لێیان دەگەڕان. ئەم پڕوپاگەندە دژە یەهوودییە لە دژی ئەو بە دڵنیاییەوە یەکێک لە هاندەرەکانی ئەو بوو بۆ دروستکردنی فیلمی "دیکتاتۆری گەورە". هاندەرێکی دیکەی ئەوە بوو کە ساڵی ١٩٣١ لە بەرلین یەکەم جار فیلمەکانی وتار خوێندنەوەکانی هیتلەری دیتبوو. تەنیا لای ئەو جوڵەی دەست و دەموچاوی لە کاتی قسەکردندا کەمێک زۆر بووە و باوکم نائارامییەکی قوڵی لەپشت ئەم جوڵانانەوە دەبینی. هەر لەبەر ئەوە لە فیلمی "دیکتاتۆری گەورە"دا کەسێک بەردەوام لەپشت سەری هیتلەر وەستاوە کە پێی بڵێ چەندە سەرەنجراکێش دێتە بەرچاو.

**ئاخۆ گاڵتەی مێژوو نییە کە چاپلین بەهۆی فیلمی "دیکتاتۆری گەورە" کەوتە بە رق و قینی پارێزکارانی ئەمریکا؟**

ئەم فیلمە وەکو چەقڵێک بوو لە چاوی پارێزکاراندا، چونکە ئەوان لەو سەردەمەدا هیتلەریان بە لەمپەر و ڕێگرێک لە بەردەم کۆمۆنیزم دەزانی. هۆشدارییان بە باوکم دا کە فیلمەکەی کێشە دروست دەکات. باوکم بۆ خۆی سەرمایەگوزاریی لەسەر فیلمەکەی کرد. چاپلین کۆمۆنیست نەبوو، بەڵام ئاشتیخواز و دژی شەڕ بوو. کەسایەتی لیبراڵ و ڕەخنەگری ئەو بووە هۆی ئەوە کە وەک ئەستێرەی سینەمای ئەمریکا نەبێت لەو سەردەمەدا. ئەو خاڵە کە ئەو پاسپۆرتی ئینگلیزییەکەی خۆی پاراستبوو، هۆکارەکەی ئەوە بوو لە خۆشەویستی رادەبەدەری بۆ ئەمریکا کێشە و گرفتێک دروست ببوو. فیلمە ڕەخنەگرانەکانی ئەو سەبارەت بە سەرمایەگوازیش کێشەی بۆ دروست کرد. ساڵی ١٩٤٧ چەند جار بۆ کۆمیتەی چالاکییە دژە ئەمریکاییەکان کە ئێدگار هوور Edgar Hoover بەڕێوەی دەربرد، بانگ کرا.

**ساڵی ١٩٥٢ کە باوکتان لەگەڵ خێزانەکەی لە ئینگلتەرا بوو، ئێدگار هوور ڕێگەی پێ نەدان بچنە ئەمریکا. تۆ لەو سەردەمەدا لە دەستدانی نیشتمانەکەتان چۆن هەست پێکرد؟**

ئەو کاتانە من تەمەنم هەشت ساڵ بوو و بۆ نمایشکردنی فیلمی "رووناکییەکانی شار" لە لەندەن دەژیاین. باوک و دایکم وا خۆیان دەردەخست وەک ئەوەی کە ئێمە لە ئینگلتەرا پشووەکانمان بەسەر دەبەین و هەر بۆیە ئیتر ناگەڕێینەوە بۆ ئەمریکا. دواتریش کە چووینە سویسرا، وا خۆیان نیشاندا کە پشووەکانمان درێژکراوەتەوە. دواتر کە چووینە قوتابخانە هەمیشە پێمان وابوو کە رۆژێک دەگەڕێینەوە. کە تەمەنم گەیشتە ١٥ ساڵ تێگەیشتم کە ئێمە لە راستیدا لە ئەمریکا دەرکراوین. ئەوە کاتێک بوو کە جارێک کەسێک لە قوتابخانەی پێی وتم: "باوکت کۆمۆنیستە". ئەو کاتانە مارکسیزم بۆ من سەرەنجراکێشترین شتی دونیا بوو. لە ماڵەوە بۆ دایکم باس دەکرد کە چییان پێ وتووم. لێرەدا بوو کە دایکم پێی وتم پشووەکانی ئێمە بێ کۆتاییە. دەرکردنمان لە ئەمریکا بۆ دایکم وەک مۆتەکەیەک وابوو.

**چاپڵین ساڵی ١٩٧٢ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکاری ئیفتیخاری بۆ تەمەنێک چالاکی هونەری چووە ئەمریکا. پێ وا نەبوو نەڕوات و ئەو خەڵاتە رەت بکاتەوە؟**

ئەو نا، بەڵام من و خوشکەکەم زۆر هەوڵمان دا کە پێش بەو سەفەرەی بگرین. بۆ ئێمە وەرگرتنی ئۆسکار خیانەت بوو بە هەڵوێستەکانی ئەو، بەڵام هەرچیمان کرد نەمانتوانی لەو سەفەرە پاشگەزی بکەینەوە. ئەو رۆیشت و تەواو مافی خۆشی بوو کە بچێت. زۆرترین دەستخۆشی لە مێژووی ئۆسکار بەرەڕووی ئەو کرایەوە. ئەو خەڵاتە هێز و گوڕ و تینێکی نوێی پێ بەخشی.

**ئاخۆ تۆ بەهۆی باوکتەوە بوویتە کەسێکی سیاسی؟**

پێم وابێت باوکم هەڵوێستی لیبراڵ و رەخنەگرانەیەکەی بۆ ئێمە بە میرات بەجێهێشت. هەرچەند کە دەبێت بڵێم من ماوەیەکی زۆر مرۆڤێکی کەم تێگەیشتوو بووم. کاتێک لە گەنجیدا چوومە ئیسپانیا ئەم سەفەرە لە پلەی یەکەمدا هەڵاتن بوو لە دیسپلین. دیسپلینی باوکم، دیسپلینی قوتابخانەی ئایینییەکان و دیسپلینی راهێنانی سەمای بالە. حیساب بکەن من چووبوومە ئیسپانیای ژەنەڕاڵ فرانکۆ و هەستم بە ئازادیی دەکرد! هیچ تێگەیشتنێکم لە دیکتاتۆر نەبوو. تا ئەوەی کە داوام لە باوکم کرد کە بێت بۆ لام و چاوی پێم بکەوێت. ئەو وتی کە هیچ کات ناچێتە ئیسپانیای فرانکۆ، چونکە هاتنی بە مانای پەسەندکردن و قبووڵکردنی حکومەتی فرانکۆیە. لێرەدا بوو کە من تێگەیشتم. زۆر ناتێگەیشتوو بووم.

**بەڵام دواتر پێگەیشتیت و لە فیلمەکانتاندا بوویتە سیمایەکی خۆڕاگر لە دژی**

دیکتاتۆری.

به فیلمەکانمان له ئیسپانیا له ناوەوەی سیستمەکەوە بەرەوڕووی دەبووینەوە. فیلمی میتافۆرمان درووست دەکرد و بەردەوام له شەڕی مشک و پشیلەدا لەگەڵ سانسۆر بەرەوڕوو بووین.

**بەڵام چۆن بوو که له کارەکتەرێکی بێ ئەزموونەوە له فیلمی "دوکتۆر ژیواگۆ" بوویته قارەمانی فیلمه سینەماییەکان، باوکت چ رۆڵێکی لەم نێوەدا هەبوو؟**

باوکم پێی باش بوو که من ئیشەکەم له سەما درێژه پێ بدەم و هەرچی دەموت توانای ئەوەم نییه وەڵامی نەدەدایەوە. باوکم پێی خۆش نەبوو منداڵەکانی بچنه ناو کاری فیلمەوە، چونکه دەترسا که به خراپی کەڵک له ناوەکەی وەربگیرێت. ئەوە له راستیدا هەمان ئەو کارەیه که من ئەنجامم دەدا. ئەگەر بەهۆی ناوەکەم نەبوو دەیڤید لین دەرهێنەری فیلمی "دوکتۆر ژیواگۆ" قبوولی نەدەکردم. فیلمی "دوکتۆر ژیواگۆ" که من بەهۆی ناوی چاپلین رۆڵێکم تیایدا پێ سپێردرا، هەنگاوی یەکەم بوو. دواتر له رێگەی ناسیاوێکەوە لەگەڵ "کارلۆس سوورا" دەرهێنەری ئیسپانیایی، دەرهێنەرانێکی وەکو رابێرت ئالتمەن Robert Altman و ژاک ریوەم Jacques Rivette ناسی و چوومه ناو فیلمەکانی دیکەوە.

**ئاخۆ باوکتان فیلمەکانی تۆی دەدی، لەسەر رۆڵی تۆ چی دەوت؟**

ستایشی دەکردم، زۆر به گشتی، بەڵام گرینگییەکی زۆری به فیلمەکانی خۆی دەدا. ئەو خۆی له فیلمەکانی خۆیدا به زمانی سێیەم کەس هان دەدا. "ئەو کەسه باش رۆڵ دەگێڕێت"، یان "ئەو کەسه خراپ رۆڵ ناگێڕێت". دەتوانم بڵێم ئەگەر ئێستا له بەرلین لەم فێستیڤاڵەدا ئامادەبووایە، دادەنیشت و هەموو هەشتا فیلمەکەی خۆی له سەرەتاوە تا کۆتایی سەیر دەکرد.

**تۆ کام یەک له فیلمەکانی چاپلینت زیاتر حەز لێیه؟**

هەمیشه دوایین فیلمێک که لەوم بینیوە. بەردەوام سەیری فیلمەکانی دەکەم و هەمیشه کۆمەڵێک شتی نوێی تیادا بەدی دەکەم. من فێستیڤاڵی فیلمەکانی چاپلینم له بەرلین کردەوە. بۆ یەکەمین جارە که هەموو ۸۰ فیلمەکەی ئەو دەکرێت له یەک جێگا ببینرێت. ئەمەش دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ دیتنەوەی هەموو بەرهەمەکانی ئەو. خۆشحاڵم. من سەردەمێک تەنیا کچی ئەو بووم، دواتر بووم به خۆم و ئێستا له کاتی کردنەوەی فێستیڤاڵی فیلمەکانی ئەودا دووبارە

بوومەتەوە بە کچی ئەو.

**مافی یاسایی نمایشکردنی فیلمەکانی چاپڵین بە کێ دراوە؟**

بە بنەماڵەکەی، بەڵام من وەک ئەندامێک لەو بنەماڵەیە پشکی خۆم دوانزە ساڵ لەمەوپێش بە خوشکەکەم فرۆشت. ویستم خۆم لە کۆتوبەندی میرات رزگار بکەم. هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان زۆر بە چاپڵین هەستیارن. بۆ نموونە پێیان وابوو فیلمەکانی ئەو دەبووایە لە کڵێسە لەبەردەم بینەرانێک کە بە چۆکدا هاتوون نمایش بکرێت. یان ئەوەی کە رووخساری ئەو نابێت بخرێتە سەر تی شێرتەکان، جلەکانی ژێرەوە یان بخرێتە سەر قوتوی ساردییە ئەلکۆلییەکان، یان پاکەتی جگەرە. من لەسەر ئەو باوەڕە نیم. چاپڵین لە سەرووی ئەو قسانەوەیە. هەر کارێک کە بە وێنەی ئەو بیکەن، دیسان سیمای ئەو خەوشدار نابێت. سیما و کەسایەتی ئەو ئیتر جێ کەوتووە. ئەو سەر بە میراتی مرۆڤە. ئەو هی هەمووومانە.



**سەرچاوە:**

www.radiozamaneh.com/culture/silver-screen/20115868/05/08/

## چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٢ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون






**خاوەن شکۆ**

د.یەحیا عومەر ریشاوی

لێکۆڵینەوە




**شوناسێکی بێئۆقرە**

سەردار عەزیز

کۆمەڵە وتار




**وێستگەکان**

و.محەمەد کەساس

کۆمەڵە وتار




## سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان

عومەر مەرگەیی

لێکۆڵینەوە




## پەیکی شادی

محەمەد سەعید نەجاڕی

(ئاسۆ)

شیعر




## مێژووی چاپخانەکانی شاری سلێمانی

مارف ناسراو

ڕۆژنامەوانی




**کولێنەری هەڵم**

محەمەد بەرزی

زانستی




**کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن**

د.بێستون حەسەن

زانستی زمان




**چرایەک لەسەر مادیان کۆ**

و.عەزیز گەردی

ڕۆمان




**ئایین و ئیستاتیکا**

خەسرەو میراودەلی

لێکۆڵینەوە




**مەنفاكان**

عەزیز رەئوف

شانۆنامە




**ئەکرۆباتێکی ونبوو**

ئیسماعیل حەمە ئەمین

وتاری رەخنەیی




**پۆستمۆدێرنەو چەند**

**بابەتێکی شانۆیی**

ئەنوەر قادر ڕەشید

شانۆیی




**ئەزموونی چیرۆکنووسین**

محەمەد فەریق حەسەن

وتار




**مێژووی دێرینی کورد و**

**شوێنەوارەکانی**

کەمال نوری مەعروف

مێژوویی




## ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کوردو کودرستان

عەلاء نووری

مێژوویی




## هەڵوەدای کوێرێک لەودیو ئاوەزای کەڕۆکەکانەوە

ڕەنجەی نابینا

کۆمەڵەچیرۆک

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە